تارماییيەکانی

# ئیسلامی سیاسی

پێشکێشە بە؛
یەکەمین پەروەردەکارانم: دایک و باوکم،
مامۆستایانی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنم،
بە ئەمەل و ڤارین و ڕامان.
هەموو ماندووەکانی بواری پەروەردەیی.

# تارماییەکانی
# ئیسلامی سیاسی

شوان ئەحمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

شوان ئەحمەد
تارماییەکانی ئیسلامی سیاسی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٥٣
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٥٦ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: کوردستان کەیفی. شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-21-8

## ناوەڕۆک


پێشەکی ..... 7

کۆواری لڤین ..... 11

ڕۆژنامەی هەولێر ..... 22

کۆواری ڕێبەری پێشمەرگە ..... 30

ڕۆژنامەی هاوڵاتی ..... 37

ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ..... 43

ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی ..... 52

ڕۆژنامەی چاودێر ..... 65

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت ..... 77

ڕۆژنامەی ئاوێنە ..... 84

ڕۆژنامەی جەماوەر ..... 92

کۆواری هەفتانە ..... 103

کۆواری هەفتانە ..... 109

## پێشەکی

بەراورد بە وڵاتانی تری ئیسلامی و ناوچەکە، هەرێمی کوردستان مێژووییەکی درێژی لەگەڵ ئیسلامی سیاسی و دیاردەی فێندەمێنتالیزمدا نییە.. راستە بۆ یەکەم جار لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوودا، یەکەم شانەی رێکخستنی ئیخوان موسلمین لە کوردستاندا دروست دەبێت، بەڵام تا سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و تا سەروەختی بەرپابوونی جەنگی نێوان ئێران و عێراق، ئیسلامی سیاسی نابێتە بەشێک لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی و نابێتە هێزێک کە حسابی بۆ بکرێت.

بێگومان کۆتاییی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، قۆناغێکە کە بە سەرەتای دووبارە بووژاندنەوەی ئیسلامی سیاسی جیهادی لە جیهاندا ناودێر دەکرێت. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لەلایەک لەشکرکێشی سوپای سووری سۆڤیەتی بۆ سەر وڵاتی ئەفغانستان، بزاوتێکی جیهادی ئیسلامی لە تەواوی وڵاتانی ئیسلامیدا دەخوڵقێنێ، هاوکات سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران بەڕابەرایەتی ئایەتوڵڵا "خومەینی " تەماحی زۆر دەخاتە بەردەم ئیسلامییەکانی دنیا، تا لاسایی ئەوان بکەنەوە و هەمان ئەزموونی ئەوان لە وڵاتانی خۆیان جێبەجێ بکەن.

بۆ کوردستان و کۆمەڵگەی کوردی لە پاڵ ئەم دوو هۆکارەدا، هۆکارێکی گرینگی تریشی دێتە پاڵ کە ئەویش بەرپابوونی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران – عێراقە. لەناو ئەم فەزایەدا ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا جارێکی تر و بە نەفەسێکی جیهادی رادیکالی دێتەوە کایە.

ئەڵبەتە لە پەنجاکانەوە تا سەرەتای هەشتاکان، ئەو شانە بچووک و

لاوازانەی لەژێر ناوی ئیخواندا کاریان دەکرد لە کوردستاندا، تەنیا هێزێکی دەعەوی و بانگەوازخواز بوون و دووربوون لە بیر و باوەڕی جیهادی . تا ساتەوەختی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١، ئیسلامی سیاسی وەک هێزێکی جیهادی چەکدار لەسەر ناوچە سنوورییەکان و ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دەمێنێتەوە، بەڵام لەو مێژووە بەدواوە ڕووبەری جوگرافی کارکردنی بەرفراوانتر دەبێت و لەگەڵیشیدا تەماحی پەلهاوێشتنی زیاتر دەبێت.

لێرەوە وەک هێزە سیاسییەکانی تری هەرێم، ئیسلامییەکانیش لە زاخۆوە تا ناو ئەو ناوچانەی هێڵی تەماس بوون لەگەڵ ڕێژیمی پێشوودا، دەست بەکار و چالاکی سیاسی خۆیان دەکەن.

ئەوەی لە ساڵانی دوای ڕاپەڕینەوە جێی سەرنج و تێبینییە، دروستبوونی هێزگەلی ئیسلامی سیاسی نییە بە هەردوو باڵی توندڕۆ و میانڕۆوە، بگرە ئەو گەشەکردنە خێرا و گەورەبوونە سەیرەیە کە ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندایە. بەجۆرێک کە مەترسی حەقیقین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بگەنە ئاستێک، بتوانن بە ئاسانی دەسکاری خەریتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی بکەن و کورسی حوکمڕانی لە وڵاتدا بگرنە دەست.

ئەم هەڵکشانەی بزاوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، ئەزموونی بەرەی رزگاری لە جەزائیر و حەماس لە فەلەستین و داد و گەشەپێدان لە تورکیای دراوسێمان بە بیر دێنێتەوە. گەورەبوون و دەسەڵات گرتنەدەستی ئیسلامی سیاسی لەو وڵاتانە، بۆ هەموولایەک شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، لە ئێستاشدا لە کوردستان گەشە و هەڵکشانی خێرای ئیسلامی سیاسی، جێگەی پرسیار و تێڕامانە.

لێرەشدا پرسیارەکە ئەوەیە: (بۆچی لە کوردستاندا و لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئیسلامییەکان بەرەوپێش دەچن و پڕکێشی زیاتر دەکەن، بۆ ئەوەی

ببنە هێزێكی سەرەكی لە هەرێمدا؟).

كورت بینییە گەر وا بزانین گەشەكردن و پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی لە كوردستاندا، پێوەندی بەوەوە هەیە كە سروشتی كۆمەڵگەی ئێمە سروشتێكی ئاینی و ئیسلامییە، یاخۆ ئیسلام نوێنەری رەسەنایەتی ئەم كۆمەڵگایەیە و بەهیچ جۆرێك نابێ و ناكرێت، لە دەرەوەی ئیسلامدا شتێكی تر هەبێت، شوناسی كۆمەڵگەی كوردی دیاری بكات. لە راستیدا ئەم بۆچوونە جگە لە كۆمەڵێك وەهمی فیكری و فەلسەفی و سۆسیۆلۆجی شتێكی تر نییە. ئەوەی ئیسلامی سیاسی لە واقیعی كۆمەڵگەی كوردیدا بەهێز دەكات، شتگەلێكی ترە كە تەواو دوورە لەو بۆچوونە حازربەدەست و نامەنهەجییەوە.

وەك كۆمەڵگە ئیسلامییەكانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەكە، ئەوەی لە كوردستاندا ئیسلامیستەكان بە هێز دەكات، نەبوونی فەزایەكی سیاسیی ئازادە، غیابی شەفافیەت و قۆرخكردنی دەسەڵات و كەناڵەكانی بژێوی ژیانە، پەراوێزخستنی گەنجان و نەبوونی عەدالەتی كۆمەڵایەتییە، تەشەنەسەندنی گەندەڵی و مەحسوبییەتە. زۆربوونی رێژەی هەژاری و بێكارییە، دروستكردنی كەش و هەوایەكی پڕ نا ئومێدی و خاڵی لە خەون و لە مژدەیە. كوشتنی روحی ئینتیما و دروستكردنی بیرۆكراسییەتێكی گەورەیە.

بەداخەوە ئێمە لە بیست ساڵی دوای راپەڕیندا شایەدحاڵی بینینی هەموو ئەو شتانەین لە كوردستاندا، ئەمە سەرەڕای شەڕی خوێناوی چەند ساڵەی نێوان پارتی و یەكێتی كە ئیسلامی سیاسی زۆر بەچاكی سوودی لێ بینی، بەتایبەتی یەكگرتووی ئیسلامی. ئەو ساڵانەی یەكێتی و پارتی سەرقاڵی گرتنی كەپكی حەمەد ئاغا و ئەم شاخ و ئەو گرد و ئەو رێگەی ستراتیجی بوون، یەكگرتوو توانی بەشێكی زۆری كۆمەڵگەی كوردی بێچارە بۆخۆی

بەرێت.. هێزە سیاسییە بەناو عەلمانییەکانی کوردستان (بەتایبەتی یەکێتی و پارتی)، درەنگ بەئاگاهاتن لە تەشەنەسەندنی ئیسلامییەکان. ئەمڕۆ کە دەبینین (کۆمەڵ و یەکگرتوو)، وەک دوو هێزی دیاری ئیسلامی سیاسیی کوردستان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی کوردستان و عێراقدا دەنگ بەدەست دێنن و کورسی خۆیان هەیە، (یەکێتی و پارتیش) بیر لە هاوپەیمانی ستراتیجی و دابەزین بەیەک لیست دەکەنەوە، هەنگاوی ئەم دوو هێزە نیشاندانی ترسێکی گەورەیە لە ئیسلامییەکان.

رەنگە ئەمە وەک چارەسەرێکی کاتی خزمەتێک بەو دوو هێزە بکات، بەڵام چارەسەری جیدی و حەقیقی بەگرتنەبەری رێگا گەلێکی تر دەبێت. رێگەگەلێک کە برێتییە لە ریفۆرم و بەخۆداچوونەوەیەکی راستەقینە و ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگە کە سەرەتاکانی بە کورتکردنەوەی دەستی حیزب لە ئۆرگانەکانی ناو حکوومەت و کۆمەڵگە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە بنەبڕکردنی گەندەڵی و دامەزراندنی سیستەمێکی شەفاف و قانوونی و بەرقەرارکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

کوردستانی ئەمڕۆ لەبەردەم دووڕیانێکدایە، یا لە رێی چاکسازی و کرانەوە و یەکسانییەوە، دەبێتە مۆدێلێکی لیبراڵ و مۆدێرن و دیموکراسی لە ناوچەکەدا، یاخۆ درێژەدان بەهەمان سیاسەتی رابردوو کە عاقیبەتی داخران و هاتنەپێشی هێزە ئیسلامییەکانە، وەک لە سوودان و جەزائیر و ئەفغانستان و فەڵەستین دەیبینین.

**كۆواری لڤین**

دیمانه: یاسین عومەر

* نوێگەری لە پێوەندی بە ئاینەوە دەکەوێتە کوێوە؟ روونتر بپرسم گەر لە شارێکی گریمانکراودا پرۆسەی نوێگەری بخەینەگەڕ، چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟

– لە بەراییەکانی قۆناغی رێنیسانسەوە تا ئەمڕۆ، پێوەندی نێوان نوێگەری و ئاین مەسەلەیەک بووە، شوێن قسە و باسی زۆری نووسەران و لێکۆڵیاران بووە.. ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پڕکێشییەکی زۆری ئاین و دەسەڵاتی ئاینی هەبووبێت، بۆ لە قاڵبدانی ژیان و قووتدانی کایەکانی تر لەلایەن کایەی ئاینەوە، ئەوا لە قۆناغی دواتر کە قۆناغی مۆدێرنەیە، هەوڵێکی بێ وچان هەیە بۆ راستکردنەوەی هاوکێشەکان و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی خەریتەیەکی نوێ بۆ ژیان... لەم سەروبەندەدا مۆدێرنە ئەو وانەیەمان پێ دەڵێت کە زیندەگی نابێت تەنیا و تەنیا کایەی ئاینی پاوانی بکات و دەسەڵاتی دەق تاکە قسەکەر بێت، بگرە لەپێناو حورمەتگێڕانەوە بۆ ژیان و بۆ مرۆڤ و هاوکات بۆخودی ئاین خۆیشی، پێویستە ئاین وەکی کایەیەک لە کایەکانی ژیان سەیر بکەین و دەستی کورت بکەینەوە لەوەی کە باقی رووبەر و پانتاییە جۆراوجۆرەکانی تری ژیان پایەماڵ بکات.

واتە لە قۆناغی مۆدێرنەدا مرۆڤ بە هەستێکی رەخنەگرانەوە، دەست دەکات بە سەرلەنوێ پشکنینی جەوهەر و ماهییەتی شتەکان و دیارکردنی

پێگەی تایبەت و دیاریکراوی دیاردەکان. لێرەشدا مۆدێرنە برێکی زۆری هێز و توانای خۆی لەپێناو دیاریکردن و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ئایندا بەخەرج دەدات، چونکە بیرمان نەچێت کە هەوڵی ڕابوون و نوێبوونەوە لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەدا، بەرەنجامی ئەو قەیران و بنبەستە بوو کە ئاین و دامەزراوەی ئاینی پێگەیشتبوو..

ئەگەر لە جۆر و چۆنیەتی مامەڵەی ئاینیش بپرسین لە سەردەمی نوێگەریدا، ئەوا پێویستمان بەوە نییە لە شارێکی گریمانەکراودا مەزندەی ئەو حاڵەتە بکەین، لەبەرئەوەی بۆماوەی زیاد لە چوار سەدەیە ئێمە بە واقیعی، کلێشەی ئەو پێوەندی و جۆری مامەڵەکردنەمان لە بەرچاوە و ڕۆژانە تەماسمان لەگەڵیدا هەیە و ئەزموونی کلێشەی دەکەین نوێگەری کە دێت لە یەک کاتدا دەیەوێت وەک چۆن شکۆ و ڕێز بگێڕێتەوە بۆ ژیان و بۆ مرۆڤ، ئاوەهاش لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی حورمەت ببەخشێتەوە بە ئاین و بە کایەی رۆحی. ئەو پرۆسەی لێک جیاکردنەوەیەی دەسەڵاتی دنیایی لە دەسەڵاتی ئاسمانی (واتە دین لە سیاسەت)، دەسپێکی حورمەتگێڕانەوەیە بۆ ئاین و ژیان.

بەپێچەوانەی بۆچوونی هەندێک کۆنسێرڤاتیف و تاریکخواز و ئەنتی مۆدێرنەوە، هیچ کات پرۆژەی مۆدێرنە کاری لەسەر سڕینەوەی ئاین و تەرێزکردنی رۆحی نەکردووە، ئەوەندە نەبێت کە مەوقیعییەتی ڕاستەقینەی ئاینی دیاری کردووە و کۆی پانتایی ژیانی نەخستووەتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی ئاین و پیاوانی ئاینەوە.. لێرەشدا دەبێت باس لەوە بکەین کە ڕەنگە لە بەراییەکانی مۆدێرنە و یەکلاییبونەوەی ململانێی رۆشنگەران لەگەڵ فێندەمێنتالیزمی ئایندا، جۆرێک مامەڵەی زبر و ناچێز هەبووبێت، بەڵام بەو پێیەی مۆدێرنە پرۆژەیەکی رەخنەییە و بەردەوام لە فەحسکردنی میکانیزمی کارکردن و هەنگاوەکانی خۆیدایەتی، ئەوا هەر زوو کەوتە گۆڕین

و دەستکاریکردنی ئەو جۆرە سیاسەت و مامەڵەیە و پێوەندییەکانی خستەوە سەر دۆخی ئاساییی خۆی.

ئەمڕۆ لە دنیای مۆدێرندا ئاین و کایەی ڕۆحی وەکی خۆیان سەودایان لە تەکدا دەکرێت، وەکی کایەیەک لە کایەکانی زیندەگی سەیر دەکرێن. نە بۆ کەس هەیە دەست لە کاروباری ئاینی وەربدات و نەڕێگەش بە پیاوانی ئاینی و ئەهلی ئیمانیش دەدرێت، دەسکاری هەندەسەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بکەن و دەست وەربدەنە کاروباری ژیان و هەڕەشە بن بۆ سەر ئازادی و مافە شەخسییەکانی هاووڵاتییان.

* ئەو ئاستەنگانەی ئاین بۆ نوێگەرییان دێنێتە پێشەوە چین؟

– پێمـوایە ئەوەی وا دەکات ئاینێک ببێتە ڕێگر و کۆسپ لەبەردەم نوێگەریدا ئاین خۆی نییە، بەڵکو جۆری ئەو تەفسیر و لێکدانەوە و خوێندنەوانەیە کە بۆ ئەو ئاینە دەکرێن. واتە مامەڵەی ئەو نوخبەیەی بەناوی ئاینەوە قسە دەکات، دەتوانێت جۆری پێوەندی ئاینیمان بە نوێگەرییەوە بۆ ئاشکرا بکات. ئێمە گەر بەشێوەیەکی موشەخەستر قسە لەم مەسەلەیە بکەین، چاکتر وایە ئاوڕ لە مێژووی ئیسلام بدەینەوە. بەبۆچوونی کەسانی وەک "محەمەد ئەرکۆن" و "نەسر حامد ئەبوزەید" و "مالک شبل" و "فەرەیدون هوەیدا" و "ئەدۆنیس" و "عەزیز ئەلعەزمە" و... هتد، ئەوەی وای کردووە ئیسلام وەک ئاستەنگێکی بەردەم پرۆسەی نوێبوونەوە بناسرێت، لە ڕاستیدا پێوەندی بەو داکشانەوە هەیە کە شارستانییەتی ئیسلامی کلاسیکی دووچاری هات و بەسەرکەوتنی حەنبەلی و ئەشعەرییەکان بەسەر موعتەزیلەکاندا کۆتایی هات.

بیرمان نەچێت موعتەزیلەکانی وەک "واصل بن عطا ء" "أبو هذیل العلاف"، یەکەمین کەسێک بوون پرانسیپی بەرپرسیارێتی فەردی و

شـەخـسـیـیـان لە ئیـسـلامـدا چەسـپـاند و بەشـێـوەیەکی ئـەقـڵانی کـەوتنە تەفسـیرکردنی ئیسـلام. ئەمەش بۆخۆی گۆڕانێکی چۆنایەتی مـەزن بوو، گەر چانسی بەردەوامـێـتـی هەبوایە، بێگومـان هـەم ئیـسـلام وەک ئاین و هەم گەلانی مـوسـڵـمـانیش هەنووکە مـێـژوویەکی تر دەژیان.. مـێـژووی کرانەوە و سەوداکردن لەگەڵ شارستانییەت و دنیای مۆدێرندا، نەک مێژووی داخران و خۆخواردنەوە و گەورەکردنی ڕق، بەرامبەر ژیان و مرۆڤایەتی.

* ئاخۆ نوێگەرییەک هەیە بەبێ قسـەکردنێکی قـووڵ و هـەمـەلایەن لەسەر ئاین سەربگرێت؟

– ئێـمـە مـادامـێکی لە دنیـایەکی واقیـعـیـدا دەژین، ناچارین بۆ هەمـوو مەسەلەیەک چاومان لەسەر ئەو ئەزموونانە بێت کە لە مێژوودا هەن.. یەکێک لەو ئـەزمـوونە گـەورە و دەوڵەمـەندانەی ئـەمـڕۆ لە بەردەسـتـدایە و لە ئەزموونێکی لۆکاڵی و کولتووری تایبەتەوە بووەتە مۆدێلێکی یۆنیڤێرسالی و جیهانی، مۆدێلی نوێگەری ڕۆئاوایە. وانەیەک لە مێژووی نوێگەری ڕۆئاواوە فـێری ببین، ئەوەیە کە سـەرەتای هەمـوو پرۆژەیەکی نوێگەری، پێویستـە بە ریفۆرمێکی راستـەقینەی ئاین و گوتاری ئاینی دەست پێ بکات. پرۆژەیەکی وا دەخـوازێت قـسـەکردنێکی قـووڵ و هەمـەلایەن، لـەسـەر مـاهیـیـەت و دەقی ئاینی بێتە ئارا..

مەزنە فەیلەسـووفی ئەڵمانی "فـردریش نیـچـە" لە شوێنێکدا دەڵێت (لـۆسـەر باوکی راستـەقینەی مۆدێرنەی ڕۆئاوایە). لە راستـیدا ئەم بۆچوونەی "نیـچە" تەعبیرە لەوەی ئەوەی نوێگەری ڕۆئاوا مەیسـەر دەکات، ئەو ریفـۆرمە قووڵەیە کـە "مـارتـن لۆسـەر" لە ڕێگەی بزووتنـەوەی چاکسـازی ئاینییـەوە دروسـتی دەکات و قسـەکردنێکی هەمـەلایەن لـەسـەر ئاینی مـەسـیـحی و دامـەزراوەی کڵێسـا دێنێتـە ئارا. "نیـچـە" کە دێت و چاوپۆشی لـە "دیکارت" و "بیکۆن" و

"کیپلەر"و.. هتد، دەکات و "لۆسەر" وەک سەرمەشقی مۆدێرنەی ئەوروپی دەناسێنێت، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەستەمە نوێبوونەوە و تازەگەری راستەقینە، بەبێ چاکسازی ئاینی مەیسەر بێت. ئەمەش ئەو شتە بوو کە "لۆسەر" لە جیهانی رۆئاوادا کردی .

چاکسازییەکانی "لۆسەر" لە ئاینی مەسیحیدا، بووە چراوگی دەستی بیریار و فەیلەسووفانی دوای خۆی ، تا بتوانن رێگای پێ رۆشن بکەنەوە و درِ بەتاریکی بدەن. لە دنیای ئێمەشدا کە قسەوباس لە پرۆژەیەکی وەک نوێگەری دەکرێت، هەمیشە بێدەنگی لەوە دەکرێت کە ئاین و مەسەلەی ئاینی بهێنرێتە بەرباس، واتە بەردەوام مەسەلەی ریفۆرمی ئاینی فەرامۆش دەکرێت. ئەمەش وا دەکات لەبری نوێگەری، زیاتر وەهمی نوێگەریمان هەبێت و کۆی ئەو پرۆژانەش بەشێوەیەکی کۆمیدی کۆتاییان بێت.

لەدواین چاوپێکەوتنی "جۆرج تەرابیشی " لەگەڵ پاشکۆی رۆشنبیری رۆژنامەی "النهار"ی لوبنانیدا، مەرجی داخڵبوون بە نوێگەری دەرگیری کۆمەڵێ مەسەلە دەکات. لەوانە:

– بەرۆحانیکردنی ئاین.

– شۆرشێکی تیۆلۆجی.

– هاتنە ئارای "لۆسەر"ێکی موسڵمان.

بەکورتیەکەی هەموو پرۆژەیەکی نوێگەری راستەقینە، بە ریفۆرمی ئاینی و قسەکردن لەسەر ئاین دەست پێ دەکات. گەر نا ئەوەی دەیکەین نوێگەری نییە، بگرە برێتییە لە درۆزنە نوێگەری.

* ئێمە هەمیشە لە پێوەندی بە نوێبوونەوەوە، ئاین وەکو رێگرێک تەماشا دەکەین. ئاخۆ ناکرێت لە پرۆسەی خوێندنەوەیەکی ناوەکیدا بۆ ئاین، ئاین کە جەوهەرێکی مەیلە و نەگۆڕ و

چەقبەستووی هەیە، بگۆڕینەوە سەر پاڵپشتێکی نوێبوونەوە و نوێخوازان؟ ئەگەر ئەمە شیاوە چۆن؟

– من تەواو لەگەڵ ئەوەدام کە دەکرێت ئاین، بگۆڕینە سەر پاڵپشتێکی نوێبوونەوە و باوەشکردن بە ژیاندا. لە جەوهەرێکی دۆگما و مەرگدۆستەوە، بیگوازینەوە بۆ رۆحێکی کراوە و تۆلێرانس، بەڵام ئەوەی هەیە لە مێژووی ئیسلامدا ئەوەیە هەمیشە، هێزگەلێکی کۆنسێرڤاتیڤ و دۆگما هەبوون کە هەموو پرۆسەیەکی خوێندنەوەی ناوەکییان بۆ ئاین پەک خستووە و فەزایەک لە ترس و تۆقاندنیان دروست کردووە.

هەموومان دەزانین مێژووی ئاینی ئێمە، مێژوویەکە تا هەنووکەش خوێنی لێ دەچۆڕێت. تا هەنووکەش قانگدراوە بە بوغز و رق و کینە و داخران و ئافەرۆزکردنی بیر و رای جیاواز.. بڕوانە چارەنووسی "حەللاج و سەهرەوەردی و عەلی عەبدولڕازق و ئیبن روشد و نەسر حامد ئەبوزەید". لە کۆتاییی ئەم سەدەیەدا من و تۆ و هەموو هاوتەمەنەکانمان، تراجیدیای قەڵەمێکمان بینی کە لەسەر پرۆسەی خوێندنەوەیەکی ناوەکی بۆ ئاین، لە وڵاتی خۆی شاربەدەر کرا و ناسنامەی موسڵمانبوونی لێ سەندرایەوە و بڕیاری ئەوەی لەسەر درا کە دەبێت هاوسەرەکەشی لێی جیابێتەوە. کەسی خوێندەوار و بەویژدان و ئیمانداری رۆشنگەر، هیچ گومانی لە نیازپاکی و خەمخۆری پیاوێکی وەک "نەسر حامد ئەبوزەید" نییە، بەڵام ئەوەش چارەنووسی بووە.

نە دەوڵەت و نە دەزگایەکی زانستی و ئەکادیمی نە شەقامی ئیسلامی، هیچیان داکۆکییەکی ئەوتۆیان لێ نەکرد و سەری خۆی هەڵگرت بەرەو رۆژئاوا. ئەو دەستەی لەو پیاوەی دا و قەڵەمەکەی لەسەر زەمینی ئیسلام وەدەرنا، تەنیا مەبەستی چاوترساندنی "ئەبوزەید" نەبوو، بگرە پەیامێک بوو بۆ هەموو ئەوانەی وەک ئەو بیر دەکەنەوە و ختوورەی شتێکی وا بەدڵیاندا

دێت. ئەو هێزانە ویستیان هێڵە سوورەکان نیشانی هەموومان بدەن. ئەمڕۆش هەموو هەوڵێک بۆ ئاشتکردنەوەی مۆدێرنە و ئاین و بۆ خوێندنەوەیەکی ناوەکی ئاین مەحاڵە، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ بووەتە زمانحاڵی ئیسلام ئەو هێزە فێندەمێنتالیستە پەڕگیرانەن کە ئیسلامیان کردووەتە دینی جەنگاوەران و لە پای جیهادی باسک و بازوودا، هەموو جیهادێکی فیکری و ئەقڵانی و شێلگیرانەیان نابووت کردووە.

* دوای ئەوەی کە پرۆسەی نوێگەری دەکەوێتە سەر پێیەکانی خۆی، ئاین چۆن مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت؟ فەرامۆش دەکرێت یاخۆ سەرلەنوێ وەزیفەی پێ دەدرێتەوە؟

– پێم وابێت لە پرسیارێکی پێشووتردا کەم تا زۆرێک وەڵامی ئەم پرسیارەم دابێتەوە.. بەڵام دەکرێت لێرەشدا هەندێک شتی تریش دەرهەق بەو مەسەلەیە بڵێم. لە راستیدا لە دنیای مۆدێرنەدا ئاین فەرامۆش ناکرێت و پەراوێز ناخرێت، بگرە جارێکی تر و بەپێی مەوقیعیەتی خۆی رۆڵی پێ دەدرێتەوە. نموونەی یەکەتیی سۆڤیێتی جارانی لێ دەرچێت کە لەژێر ئایدۆلۆجیایەکی تۆتالیتاری مارکسی – لینینیدا، هەموو دەرگاکانی خۆی بەرووی رۆحانییەت و ئایندا داخستبوو، نموونەیەکی تر شک نابەین کە هەمان هەڵوێستی لە ئاین وەرگرتبێت.

ئێمە وەکی "ئەریک فرۆم" پێمان دەڵێت (شارستانییەتێک شک نابەین بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، بەبێ ئاین گوزەراندبێتی ). لەمرۆشدا کە دنیای مۆدێرن و پۆستمۆدێرن و سبرنیتیکە، کولتوور و شارستانییەتێک شک نابەین کە تەرێزی لە ئاین کردبێت و سەنگەری لە رۆحانییەت گرتبێت. رەنگە لێرە و لەوێ هەندێک هێز و لایەنی سەلەفی بۆ ناشیرنکردنی رۆئاواو دەستکەوتەکانی مۆدێرنە، پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاو بکەنەوە کە نوێگەری واتای

ئیلحاد و فەرامۆشکردنی ئاین دەگەیەنێت، یان پێمان بڵێن هەموو نوێبوونەوە و دەستبەرداربوونی رابردوو هاوتای خزانە بۆ ناو عەدەمییەت و بێ ئەخلاقی، بەڵام ئەمانە جگە لە بوختان و درۆی بێ بناغە شتێکی تر نییە.

لە دنیای مۆدێرندا ئاین کەنارگیر ناکرێت، بگرە وەزیفە و رۆڵی جاران ناگێڕێت. ئەخلاق و مۆراڵ بار ناکەن، بەڵام فۆرمێکی تری ئەخلاق دێتە ئارا کە جیاوازە لەو نۆرم و ئەخلاق و بەهایانەی، لە قۆناغەکانی تردا لە ئارادا بووە. بەداخەوە لەناو رۆشنبیری ئێمەدا ئەو دەنگە زۆر زاڵە کە نابووتکردنی ئاین و بەها و ئاکار و ژیاندۆستی و رێز و حورمەت دەخاتە ئەستۆی پرۆژەی مۆدێرنە، ئەمەش سەرچاوەکەی یان بێ ئاگایە یاخۆ گرێیەکی سایکۆلۆجی خاوەنەکەیەتی.

* لە دنیای نوێدا ئاین وەزیفەی چییە و سروشتی وەزیفەکەشی چۆنە؟

- لە دنیای نوێدا ئاین لەوە دەکەوێت، پاوانی هەموو شتەکان بکات بۆ خۆی و تێکڕای دەسەڵاتەکان لە دەستی خۆیدا کۆ بکاتەوە. لەوە دەکەوێت ببێتە بارێکی قورس و گران لەسەر شانی ئینسانەکان. دەستی کورت دەکرێتەوە لەوەی ژیان لە عادەتێکی خۆش و پاراوەوە، بگۆڕێت بۆ سەر زەمینێکی نەفرەت لێکراو. واز لەوە دێنێت بێتە ناو یەکەیەکەی کۆمەڵگا و ناخ و دەروونی یەکەیەکەی هاووڵاتییان بپشکنێت.

بەکورتییەکەی لە قۆناغی مۆدێرنەدا، ئاین رۆڵە سروشتییەکەی خۆی دەگێڕێتەوە کە بریتییە لە پێوەندی مرۆڤ بە خالقی خۆیەوە. ئاین هەموو بوعدە میتافیزیکی و رۆحانی و ئەخلاقی و ئینسانییەکانی چنگ دەکەوێتەوە، چونکە لەوە دەکەوێت کە دامەزراوەیەکی سەرکوتکەر بێت و

ئایدۆلۆجیایەک بێت لەسەر شکاندنی حورمەتی ژیان و مرۆڤ ئیش بکات.

* لە پێوەندی بەنوێگەرییەوە، ئاینە جیاوازەکان چۆن مامەڵە دەکەن. ئاخۆ ئاینێک هەیە سەبارەت بەنوێگەری سروشتێکی تایبەتی هەبێت؟

– ئەگەر ئێمە قسە لەسەر ئاینی ئیسلام و مەسیحی و یەهودی بکەین، دەبینین هەرسێکیان لە بنەڕەتدا چ لە ڕووی مێژوویی و چ لە ڕووی رۆحییەوە، بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر ئیبراهیمییەت و هەرسێکیان ئیبراهیم بە دەسپێک و سەرچاوەی هاوبەشی نێوانیان دەزانن و وەحی و پێغەمبەرایەتی بنیاتی هاوبەشی نێوان هەریەک لە ئیسلام و مەسیحییەت و یەهودییەتە.. لێرەوە پێم وانییە هیچیەک لەو ئاینانە سەبارەت بەنوێگەری، سروشتێکی تایبەتییان هەبێت و بەشێوەیەکی جیاوازتر سەودا لەگەڵ مۆدێرنەدا بکەن.

ئەوانەی پێیان وایە تەنیا و تەنیا مەسیحییەت دەتوانێت سەودا لەگەڵ مۆدێرنەدا بکات و لەگەڵ عەلمانییەت و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیدا هەڵ بکات، یان چەند ڕۆهەلاتناسێکی کورتبینن یاخۆ هەندێک سیاسەتمەداری خاوەن بەرژەوەندین، یان ئەو ئیسلامییە دۆگماتیست و توندڕەوانەن کە دەیانەوێت ئیسلام وەک نەیاری سەرسەختی مۆدێرنە و کرانەوە نیشان بدەن و دنیای ئیسلام لە هەموو دەستکەوتە مەعنەوییەکانی جیهانی نوێ داببڕن.

ئەوەی وا دەکات مەسیحییەت لەگەڵ دنیای مۆدێرندا ئاشت بێتەوە، پێوەندی بە جەوهەری مەسیحییەتەوە نییە، ئەوەندەی پێوەندی بە رۆڵی ئەو نوخبە کۆمەلایەتی و سیاقە مێژووییەوە هەیە کە چاکسازی ئاینی و ڕێنیسانس و رۆشنگەری بەرهەم هێنا. لە بەرامبەریشدا تا هەنووکە، ئیسلام لەگەڵ پرۆژەی نوێگەری لە گیروگازدایە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جموودە

فـيكريى و زيهنيـيـەى لـە دواى مـوعـتـەزيلەكـانەوە لە جـيـهـانى ئيسـلامـيـدا بالادەستە.

* ئاينـى ئيـسـلام لە كـوێى نوێگـەرى و نوێبـوونەوەدايە؟ گـرفـتـە تيۆرييەكانى نوێگەرى لە پێوەندى بە ئيسلامەوە چين؟

- پڕ ئاشكرايـە لـە چارەكـــە ســـەدەى رابـوردوودا پـرۆژە فـــيـكرى و مـەعريفـيـيـەكـەى هـەريەك لە "نـاسـر حـامـد ئـەبوزەيد" و "، مـحـەمـەد ئـەركۆن" بەشـێكى زۆرى تـەرخـان بووە بـۆ قـسـەكـردن و ئاشكراكـردنى گـرفـتـە تيـۆرييـەكـانـى نوێگەرى لە پێوەندى بە ئيسـلامـەوە.. هــــەريەك لەوانيش تەئكيد لەوە دەكـەنەوە كـە پێويسـتـى سـەرەكى ئەوەيە، دنيـاى ئێـمـە خـۆى لە دەست دەسـەلاتى تێكست قـــوتار بكات، بۆ ئەوەى ئـــەقڵ سـەروەر بێت.. ئەمـەش ئەو شـتـەيە كـە بەدرێژايى چەنـدين سـەدە هـێزە كـۆنسـێرڤـاتيڤ و سـەلەفى و جيـهـادييـەكـان، دژايەتى دەكـەن و وەك بيـدعـەكـارى و كوفـر و گومڕاييـيەكى گەورە سەيرى دەكەن.

* لە جـيـهـانى مـەسـيـحى لە ڕۆژئاوا و لە دنيـاى بوودیزم لە ڕۆژهەلاتى ئاسـيـا و تەنانەت لە ئيـسـرائيل كـە ديانـەتى يەهوودى شـوناسـە، نوێگـەرى بە سـتـايلى جودا جودا جێ پێى خـۆى قـايم كـردووە، تـەنيـا لـە دنيـاى ئيـسـلامـدا نـەبێت. ئەمـە بـۆچى دەگەڕێنيـتـەوە؟ ئاخـۆ ئاستـەنگەكە لە خـودى ئيسـلامـدايە بەوەى جـەوهـەرێكى ئەنتـى مـۆدێرنـيـزاسـيـۆنى هـەيە، يان گـرفـتـەكـە لە پێڕەوكەرانى ئەم ئاينەدايە؟

- بێگومـان ئەمـە پێـوەندى ڕاسـتـەوخـۆى بە دەسـەلات و هـەيمـەنەى ئەو ئەقلـيـيـەتە ئەرسـۆدەكـسـيـيـەوە هـەيە كـە لە سـاتەوەختـى ئاوابوونى ئاقـارى

موعتەزیلەوە، لە دنیای ئیسلامدا لە ئارادایە و رێگرە لە هەموو ئیجتیهاد و نوێبوونەوە و کرانەوەیەک کە ببێتە مایەی ئاشتکردنەوەی ئیسلام لەگەڵ مۆدێرنەدا. من بەپێچەوانەی بۆچوونی هەندێک لە ئۆرێنتالیستەکان و ئەوانەی حوکمی ناڕەوا بەسەر ئیسلامدا دەدەن، پێم وایە گرفتی سەرەکی لە پێڕەوکەرانیدایە نەک لە خودی ئیسلامدا بێت. بۆ نموونە ئەگەر هەوڵی موعتەزیلە و کەسانی وەک "ئیبن روشد" و "فارابی " و "ئیبن سینا" و "ئیبن توفەیل" و "رازی " و "تەوحیدی " و "موعەڕی " بەردەوام بوایە، مێژوویەکی تر دەژیاین و بەشدارییەکی فیعلیمان لە کاروانی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا دەبوو، بەڵام کاتێک ئەو هەوڵانە شکست دێن و هەر لە سەرەتاوە زیندەبەچاڵ دەکرێن، سەرەنجام بەوە دەشکێتەوە کە ئەمڕۆ دەیبینین. ئەویش ئەوەیە ئیسلام بووەتە ئاینی جەنگاوەرە خۆکوژەکان. ئیسلام بووەتە ئاینی تیرۆر و کوشتنی ژیان. سەرزەمینی ئیسلام بووەتە لانکەی، بوغز و گەورەکردنی رق و سڕینەوەی بەرامبەر. ئەمڕۆ ئیسلام بووەتە "بن لادن" و "زەرقاوی " و "ڕەمزی بن شیبە"، نەک ئاینی خۆشەویستی و بنیاتنان و تەسەللادانی رۆحەکان.

**رۆژنامەی هەولێر**

دیمانە: سۆران عەزیز

---

* ئاخۆ کۆمەڵگەی ئێمە بەرەو ئەوە دەچێت ببێت بەکۆمەڵگەیەکی نا دینی؟ ئاخۆ کۆمەڵگەی ئێمە وەک هەندێک دەڵێن، دین تێیدا پشتگوێ خراوە؟ ئاخۆ راستە چێژ و لەزەت دینیان پەک خستووە؟ ئاخۆ راستە دین لەژێر فشاری وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانەی ئینسانی کوردیدایە؟

– لە راستیدا ئەمەی ئێوە رستێک پرسیارە لەناو پرسیارێکدا و منیش هەوڵ دەدەم کەم تا کورتێک، وەڵامی یەک بەیەکیان بدەمەوە. سەرەتا و سەبارەت بەوەی کۆمەڵگەی ئێمە بەرەو ئەوە دەچێت ببێت بەکۆمەڵگەیەکی نا دینی، من پێم وایە ئەم پرسیارە پێچەوانەکەی راستە. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دین لە هەموو کایەکانی ژیان و لە هەموو جومگە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە و لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم وڵاتەدایە. هەر بۆ نموونە تەماشای مانگی رەمەزان و رۆژانی هەینی و قەرەباڵغی مزگەوتەکان بکە. سەیری بارگاویبوونی گوتاری سیاسی هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بکە، بەمانا و ئاماژەی دینی. سەیری ئەو هەموو مزگەوت و ئەو هەموو هێز و رێکخراوە ئاینییە بکە.. سەیری وەزارەتی ئەوقاف و ئەو لێشاوی کاسێت و کۆوار و رۆژنامە و کتێب و نامیلکە و وێبسایتانە بکە کە پەیامی ئاینی و دەنگ و رەنگی ئاینی پەخش دەکەن. نەک کۆمەڵگەی کوردی، هیچ

کۆمـەڵگەیەک کۆمـەڵگەیەکی نا دینی نییـە.. یەکـێک لە بیریارە گـەورەکانی قـوتابخانەی فـرانکفۆرت "ئەریک فـرۆم" لە شـوێنێکدا ئەوەمان پێ دەڵێت کـە: "بەدرێژایی مـێژووی مـرۆڤـایەتی، شـارسـتـانییـەتێکمـان نییـە لە ئاین خـاڵی بووبێت". ئەگـەر ئەمە حاڵی مـێژووی مـرۆڤایەتی بێت، ئیتر بۆچی کۆمەڵگەی ئێـمـە رووەو نا دینی هـەنگاو دەنێت. ئەمـە زیاتر لە نوکـتـە دەچێت.. لە هیچ سـەردەم و زەمانێکی کۆمەڵگەی ئێمەدا، هێندەی ئێـستا ئاین دەنگی زوڵاڵ و دەسـەڵاتی بەهێز و پێگەی قایم نەبووە.

لەبارەی ئەوەشی کـە ئاخـۆ کۆمـەڵگەی ئێـمـە دین تێـیدا پشـتگوێ خـراوە؟ دەتوانم بڵـێم: (لە کـۆمـەڵگەیـەکدا کـە ژمـارەی مـزگـەوتەکـانی، چەند قـاتی ژمارەی زانکۆ و پەیمانگا و کتێبخانە گشـتییەکان و هۆڵی سینەما و شانۆ و ئۆپێراکان و قوتابخـانەکان بێت، ئاین چۆن پشـتگوێ دەخرێت. لە وڵاتێکدا کـە ئەوەندەی دەسـەڵات و خـەڵک و خـوا گـوێ لـە پیـاوانی ئاینی دەگـرن، نیـو ئەوەندە گوێ لە رۆشنبیران و دەنگە جدییـەکانی تر ناگیرێت، چۆن دەکرێت بڵـێین دین پشـتگوێ خـراوە). لە کۆمـەڵگەی ئێـمـەدا دین هـەر لە مـزگـەوت و خانەقاکاندا نییە، دین لە پارکەکانە، لە سەیرانگەکانە، لەسـەر شـەقامەکانە، لە کـۆڵان و مـاڵەکـانماندایە. لـە حکوومـەت و دەسـتـوور و دادگـەدایە، لە پەرلەمان و کۆمەڵە و رێکخـراوەکاندایە.. لە ژووری نووسـتن و لە کتێبـخانـە و لە خەڵوەت و پیاسـەی تەنیاییماندایە. لەسـەر سـفرە و لە هەناسە و جلگۆڕین و چپەچپ و خـەون و ئاگاییمـاندایە. لە ئاسمـان و لە زەوی و لەسـەر زار و لە ناخـود ئاگـایی یەک بـەیەکـمـانـدایە.. ئیـتـر چۆن دەکـرێت ئێـمـە بـاس لە پشتگوێخستنی ئاین بکەین.. کۆمەڵگەی کوردی یەکێکە لەو کۆمـەڵگەیانەی، ژیان و زیندەگی بۆ خاتری ئاین فەرامۆش کردووە.

بەشـێکی تری پرسـیـارەکـەی بەڕێزتان ئـەوەیە کـە ئاخـۆ راسـتـە، چێـژ و لەزەت دینیـان پەک خـسـتـووە؟ بۆ ئەمـەشـیـان هـەر پێـچـەوانەکـەی راسـتـە.

کۆمەڵگەی کوردی یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانەی خاڵییە لە هەموو چێژ و لەزەتێک، لە هەموو جوانییەکی ژیان.. کۆمەڵگەیەکە هەموو شتێکی تێدا جێ دەبێتەوە، ئایرۆسیەت نەبێت. کۆمەڵگەیەکە خۆشبەختی تەلاقداوە. کۆمەڵگەیەکە پڕیەتی لە ژن کوشتن و لە ئەتککردنی حورمەتی ئینسان و لە ترس و بیمی قووڵ، پڕیەتی لە مرۆڤی سەرگەردان و مەرگدۆست.. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دین و کولتوور و داوو نەریت و ئەخلاقیاتی کۆمەلایەتی، ژیانی ئێمەیان کردووە بە شتێکی عادەتی ساردوسڕ. لێرە ژیان بووە بەبارێکی قورس بەسەر شانی مرۆڤەکانەوە. گەنجێتی و منداڵی (کە دوو جوانترین قۆناغی ژیانی مرۆڤن)، لێرە بوونەتە تەوقێکی گەورەو ئازا ئەوەیە زوو لێیان ڕا دەکات.. لەو جێیەی داوونەریت و دین و ئەخلاقیاتی تەقلیدی بالادەست بوون، چێژ و لەزەت بار دەکەن، ئایرۆسیەت قاچاخ دەبێت.. لەو کۆمەڵگەیانەدا مەرگدۆستی ئامادەیە و ژیاندۆستی لە پەڕاوێزدایە.. تائێستاش کە لە سەدەی بیست و یەک و سەردەمی گڵۆباڵدا دەژین، لە کۆمەڵگەی کوردیدا قسەکردن لە چێژ و لەزەت و ئایرۆسیەت، عەیبەیەکی گەورەیە..

وەلامم بۆ دوا بەشی پرسیارەکەشت کە دەڵێیت: "ئاخۆ راستە دین لەژێر فشاری وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانەی ئینسانی کوردیدایە؟"، ئەوەیە کە نەک ژیانی رۆژانە، بگرە ژیان خۆی بەهەموو رەهەندەکانییەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، لەژێر رەحمەتی ئایندایە. گەر وانەبووایە "عەبدولخالق مەعرووف" تیرۆر نەدەکرا، "دوعا" بەو دەردە نەدەچوو. گەر وانەبووایە کۆواری (وێران) و مەسەلەی (جێندەر)، ئەو هەڵلا گەورەیەی لەسەر دروست نەدەبوو..

* کۆمەڵگەکانی دنیا و کۆمەڵگەی کوردیش ئەمڕۆ بوونەتە کۆمەڵگەیەک کە بەدەیان تۆڕی پێوەندی بەیەکەوە گرێی داون، ئەمانەش وایان کردووە هەم ئینسانەکان و هەمیش دینییەکان و

فـەرهەنگەكـان بەیەكـتـری تێكەڵ بن. بەڵام ئەو رایە دەشـێت بەو جــۆرەش لێک بدەینـەوە كــە یـەكــتــربینینی دینیــیــەكـــان و فـەرهەنگەكـان، هـەندێ جـار وایان لە هەندێ دین كـردووە زیاتر بەسـەر خۆیاندا داخراوبن. ئاخۆ بۆ ئەمەیان چی دەڵێن؟

– ئەمـەیان دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەو سـیـاقـەی ئەو ئاینەی تێـدایە، پێوەندی بەو ئاسـتی باوەڕ بەخـۆبوون و كرانەوە و ئامـادەگی بۆ دیالۆگ و یەكتربینییـەوە هـەیە كـە ئەو دینە هـەڵگریەتی. دواجـار پێـوەندی بـەو هێـزە كـۆمــەڵایەتی و كـارەكـتـەرانـەوە هەیە كـە دەبنـە زمـانحـاڵی ئەو ئـاینە و بڕیـار لە شـێـواز و گوتارو  چۆنییەتی كاركردنی ئەو ئاینە دەدەن.

* لە مـێـژە لە زاكـیـرەی ئینسـانی رۆهـەڵاتـیـدا، دوژمنێک هـەیە بـەنـاوی رۆئـاوا و بـڕێكی زۆری ئـەم تێــــڕوانـیـنـانـەش لـە دوای دروستبوونی ئیسلامی سیاسییەوە هاتە بوون. لەم بارەیەوە ڕای تۆ چییە؟ ئاخۆ چۆن دەكرێت ئەم تێڕوانینە دەستكاری بكرێت؟

– ئەڵبـەت پێكدادان و ملـملانێكـانی نێـوان ڕۆهـەڵات و ڕۆئاوا مـێـژوویەكی درێژی هـەیە، بەڵام بێگومـان قـۆناغ هـەیە ئاسـتی ئەو پێكدادان و ملـملانێیـانە لە هـەڵكشـاندا بووە و قـۆناغـیش هـەیە بەرەو داكـشـان چـووە. قـۆناغـێک لە سـەردەمی تازەدا كە ئاسـتی ئەو پێكدادان و بەریەككەوتنـانەی تێدا خـەست بووەتەوە، ئەو قۆناغەیە كە ئیسلامی سیاسی تیایدا دێتـە گۆڕێ و گوتارێكی توند و پڕگیر لەگەڵ خـۆیدا، دژ بە ڕۆئاوا و شـارسـتـانییـەتی مـۆدێرن دێنێتـە ئارا.. ئـەڵبــەت لـە چارەكــە ســەدەی رابردووشـــدا، بەهـۆی گــوتاری تـوند و دوژمنكارانـەی ئیـسـلامی سـیـاسـی و بەتـایبـەتیش ئیـسـلامـیـیـە جیـهـادی و تەكفیرییەكان، دۆخی ئەم پێوەندییانە گەیشتە حاڵەتێكی ترسناک و هەوڵدان بۆ سـڕینەوەی ئەوی تر، وەک ئەوەی لـە هێرشـەكـانی یـازدەی سێپـتـێمـبـەری

سـەر نیـویـۆرک و مـانـهـاتن و پەلامـارەکـانـی مـەدرید و لەندەن و شـوێنە جیاجیاکانی تری ئەوروپادا بینیمان، گەیشتە ترۆپک.

ئەوە وەک وەڵامی بەشی یەکـەمی پرسـیـارەکـەتان، بۆ وەڵامی برگـەی دووەمیش کە (ئاخۆ چۆن دەکرێت ئەم تێڕوانینە دەستکاری بکرێت؟)، ئەوا ئەم پرسە پێوەندی بەچەندین ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئاینی و ئابووری و فـەرهەنگیـیـەوە هەیە.. پرسـێکە پێـوەندی بەهەردوو جەمسەر و لایەنی کێشەکەوە هەیە. واتە گۆڕینی ئەو وێنانە لەسەر یەکتری و دروستکردنی سـەرەتایەکی تازە بۆ پێـوەندی گـرتن، بەندە بەخـواست و ئیرادەی هەریەک لەو دوو کولتوورە، بۆ بنیاتنانی پردی پێوەندییەکی نوێ و دەستبەرداربوونی ئەو وێناکردنە ئایدیۆلۆجییانەی لەسەر یەکتری هەیانە.

* زۆر نووسـەر و شـارەزای دنیـا باس لە کـۆمـەڵێ مـرۆڤی ریفـۆرمـخـواز یان گـومـانکەر دەکـەن، یان باس لە کـۆمـەڵێ قـوتابخـانەی فـیکری دەکـەن لەناو ئیـسـلامـدا بە وێنەی موعتەزیلەکان و.... هتد، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمانە بەو هەمـوو بیـر و بۆچوونە دەوڵەمـەندەیان لە هیـچ قـۆناغێکی مێژووی ئیسلامدا، کاریگەرییان بەسـەر ئاینی گشـتییەوە یان باوەڕی گشـتـیـیـەوە نەبووە؟ بۆچی ئـەمـانە نەبوونەتە بەشـێکی گـرینگ لە ژیانی خـەڵکی ئەم ناوچەیە، بۆچی زوو بەزوو پووکاونەتەوە؟

– وەڵامـدانـەوەی ئەم پرسـیـارە پێـویسـتی بە کـتـێـبـێک هەیە، بەڵام بەکورتییەکەی دەتوانم هەر ئەوەندە بڵێم کە تەمەن و نووزەی ئەو قوتابخانە فیکری و کەسە ریفۆرمخوازانە زۆر کورت و کەمخایەن بووە، لە بەرامبەردا ئەو لەمپەر و سانسۆر و هێزە تەقلیدی و دژە گۆڕانانە، ئەوەندە زۆر و زەبەن

بووە کە نەیانهێشتووە دەنگ و کاریگەری ئەمانە زۆر بڕوات و شۆڕبنەوە بەناو خانە بەخانە و جومگە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا.

* نووسەر و رۆشنبیر "مەریوان وریا قانیع" لە کتێبی (دین و دونیا)دا، باس لە دەوڵەتێک دەکات کە خۆی بەخاوەنی دینێک بزانێت و دەڵێت دەتوانێت دیموکرات و رێزی مافەکانی مرۆڤ و ئاینەکانی تر بگرێت؟

- لە دوای سەردەمی مۆدێرنەوە، ئێمە ئەوە دەزانین کە دەوڵەت نابێت دینی هەبێت. جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی ئاینی، یەکێکە لە دەستکەوتە هەرە گرینگەکانی فیکری سیاسیی هاوچەرخ و هەر ئەمەش بووەتە بەردی بناغەی هەموو سیستەمێکی عەلمانی . بێگومان دەوڵەتێک دەتوانێت دیموکرات بێت و رێزی مافەکانی مرۆڤ و ئاین و مەزهەبە جیاجیاکان بگرێت کە عەلمانی بێت و دەسەڵاتی سیاسی و دینی لێک جیا کردبێتەوە.

* ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەهێمنی، بەڵام بەجیدی هێزێکی دینی لە بەرامبەر ئازادی نووسین و بیرکردنەوەدا پەیدابووە، تاوناتاوێک نووسەرێک یان شاعیرێک دەکەنە ئامانج. ئەم پرسە لە ئێستادا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تاکی کورد دروست کردووە، بەوەی بەناوی بەرگریکردن لە موقەدەس کار دەکات. ئەمانە وەک باس دەکرێت هەندێک جار پارتە ئیسلامییەکان دنەیان دەدەن، لە بەرامبەریشدا هێزە عەلمانییەکان بێدەنگن و زۆرجاریش تەسلیمی ئەم تێڕوانینانە بوون؟ ڕای تۆ لەم بارەیەوە چییە؟

– هەوڵی هێزە دینییەکان بۆ بەرتەسککردنەوەی ڕووبەری ئازادی لە کوردستاندا، شتێکی نوێ نییە. ئێمە بەردەوام گوێمان لەم دەنگە نەشازە دەبێت کە بەناوی بەرگریکردن لە موقەدەس و لە پیرۆزییەکانی ئاین و لە ئەخلاقیاتی کۆمەڵگە، هەر جارە و هەڵڵایەک دەنێتەوە. لە ئێستاشدا ڕەنگە ئەو هەوڵانە تۆختر و سستماتیزەکراوتر ببینرێت. ئێمە لە بەرامبەر ئەم حاڵەتانەدا، دەسەڵاتێکی بێدەنگ و هێزگەلێکی بەناو عەلمانی شەرمن و سازشکارمان هەیە و هیچ ناڵێن. بۆیە بۆ بەرگرتن بەم دۆخە پێویستمان بەدەنگی رۆشنبیران و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، تا بەرگری لە ئازادی و ئازادی رادەربرین بکەن و بەگژ سانسۆر و هەڕەشەی ئەو هێزە کۆنەخواز و تەقلیدییانەدا بچنەوە. لەم ڕۆشدا دەنگی توێژی رۆشنبیران و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، شتێکی کەم نییە و دەتوانن زۆر شت بکەن.

* مەلاکان دەیانەوێت لە هەموو شتێک قسە بکەن، بەڵام نایانەوێت کەس هیچ لەبارەی ئاینەوە بڵێت. ئەمە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام بەپێی توێژینەوەیەک دەرکەوتووە زۆربەی مەلاکان ئاستی داراییان خراپە، هاوکات هیچ سەرچاوەیەکی زانیارییان وەک ئەنتەرنێت و کتێبی نوێ لە بەردەستدا نییە، ئەوەی هەیە ئەو کتێبانەیە کە زەمەنێکە هەیە. ئەمە وەزعی مەلاکانمان بێت، دەبێت چاوەڕێی چ تێڕوانینێک بین، رێز لە کوێی تێڕوانینەکان بنێت؟ لەکاتێکدا تا ئێستا مەلاکان بەم ئاستی دنیابینییەیانەوە، هێشتا کاریگەری ئێجگار زۆریان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی هەیە؟

– لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئاین و هێزی ئاینی جۆراوجۆر سیخناخیان

کردبێت. کە دین لە دەوڵەت جیا نەبێت. کە کایەکان بەناو یەکدا چووبن. کە هۆشـیـاریی کـۆمـەڵایەتی وەک پێـویسـت نەبێت. کـە دەسـەڵاتێکت هەبێت ئامـادەی هەمـوو سـازشـکارییـەک بێت لە بەرامـبـەر هێـزە تەقلیـدی و موحافیزکارەکاندا، ئیتر ئاساییە توێژێک وەک توێژی مەلاکان، خۆیان وەک نمایندەی خـوا و دین و هەقیـقەت و ویژدان و زمـانحـاڵی کـۆمـەڵگە نیـشـان بدەن.. ئەمەیە وا دەکات مەلاکان مافی ئەوە بەخۆیان بدەن و پڕکێشی ئەوە بکەن کـە بەناوی ئەخـلاقی کـۆمـەڵایەتی و بەناوی پارێزگـاریکردن لە دین و شەریعەتەوە، دەست بۆ خەون و خولیا و ژیانی شەخسی و تایبەتیمان بەرن. زۆر بەئاسـانی ڕێ لە بۆچوون و دیدگـاکـانمان بگرن. کـۆمـەڵگەی کـوردی بەڕووکـەش کـۆمـەڵگەیەکی مـۆدێرن و نوێ دیارە، وەلێ لە ناوەڕۆکـدا کۆمەڵگەیەکی تاسەر ئێسقان تەقلیدی و سەرەتاییە.. تا ئێستاش خـوتبە و فتوای مەلا و پیاوێکی ئاینی، دە هێندەی تێز و تیـۆرەی ڕۆشنبیـرێکی گەورە کاریگەری هەیە و توانای بزواندنی شەقامی کوردی هەیە. ئەڵبەت ئەم دۆخە تا بڵێی ناخۆش و چارسکەرە، بەڵام جگە لە بەرخورد و هەوڵدان شتێکی تر لە بەردەم هێزە لیبراڵ و عەلمانی و مەدەنی و خوێندەوارەکانی کۆمەڵگەدا نییە.. مێژووی ڕۆئاوا لە بەراییەکانی سەردەمی ڕۆشنگەریدا، ئەوەمـان پێ دەڵێت کـە گـۆڕینی زەینی خـەڵکی و دەسکاریکردنی خـەریتـەی سـیـاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە، پێویستی بە خـەباتێکی بێ وچان و تاقـەت پڕووکێن هەیە. ئەم کـارەش بە مـرۆڤـە منەوەر و هێـزە خـوێندەوار و مـەدەنییـەکـان دەکرێت، خۆشبەختانە لە ئێستادا کۆمەڵگەی ئێمە لەو هێزانە خاڵی نییە.

## کۆواری ڕێبەری پێشمەرگە

دیمانە: سالار مستەفا

---

* ئیسلامی سیاسی تەوژمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە و چەندین باڵی هەیە، هەندێکی بەشێوازی ڕێکخراو و هەندێکی تریشی لە شێواز و فۆرمی حزبیدا بەرجەستە بووە. ڕێکخراو و حزبیش وەکو چەمک و پێکهاتە، کۆڵەکەی سەرەکی کۆمەڵگەی مەدەنین، ئاخۆ ڕێکخراو و حزبە ئیسلامییەکان، دەتوانن ببنە بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی؟

– بۆ ئەوەی وەڵامێکی کورت و حازر بەدەست نەدەمەوە، هەوڵ دەدەم ئەوە بەرچاو بخەم کە بۆچی گرووهە ئیسلامییەکان ناتوانن ببنە بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی... ئیسلامی سیاسی لە پاش ئەوەی لە ڕێی کودەتا و تیرۆرەوە شکستی گەورەی هێنا لەوەی بگاتە کورسی حوکمڕانی و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە، لە کەناڵی تر و ڕێگەچارەی تردا بوو بۆ ئەوەی بگاتە مەرامی خۆی.. لێرەوە ئیسلامی سیاسی کۆ لەوە ناکاتەوە تەبەنی کۆی ئەو شتانە بکات کە نامۆن بەئیسلام (چ وەک مێژوو چ وەک شەریعەت).. دەست و پەنجە نەرمکردنی ئیسلامییەکان لەگەڵ زاراوەگەلێکی وەک: (دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، مافەکانی مرۆڤ، دەوڵەتی هاووڵاتی و... هتد)، قەناعەتی ئەوان نیشان نادات بە مەسەلەگەلێکی لەو جۆرە، بگرە لە باشترین حاڵەتدا ئەوان مامەڵەیەکی پراگماتییانە لەگەڵ ئەو چەمک و

دەسکەوتانەی دنیای مۆدێرندا دەکەن و وەکی دەستوێژێک بۆگەیشتن بە دەسەڵات بەکاریان دێنن.

(نازیزم) لە سییەکانی سەدەی رابردوودا لە ئەڵمانیا، گەورەترین و سەرسەختترین دوژمنی دیموکراسی بوون، بەڵام کە زانییان دەتوانن سوود لە پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن وەرگرن بۆ گەیشتن بە کورسی حوکمڕانی، خۆیان تێکەڵ بە پرۆسەکە کرد. هەر هێندەش هەڵبژاردنیان بردەوە، ئیتر لەو وڵاتەدا گۆشاوگۆش دیموکراسییان سەربڕی و لە سایەی حوکمڕانی ئەواندا، بۆ تەنیا یەک جاریش هەڵبژاردن نەکرایەوە.

ئیسلامی سیاسی هێزگەلێکە، لە دژی هەموو دەسکەوتە مادی و مەعنەوییەکانی جیهانی مۆدێرن دروست بووە. ئەمانە دەیانەوێت مێژوو بگەڕێننەوە دواوە. دنیای مۆدێرن وەک دنیایەکی سخناخ بە گوناه و کوفر و بیدعە نیشان دەدەن، لەبەر ئەوە ئەوانە لە جەوهەردا دژی تەواوی ئەو پرەنسیپانەن کە جیهانی مۆدێرنی لەسەر دروست بووە.. ئەگەرچی لە رووکەشدا خۆیان وەک هێزێکی تەبا لەگەڵ ئەو چەمک و پرەنسیپانەدا نیشان دەدەن و هەندێ جاریش بۆ لە خشتەبردنی کۆمەڵگە و هێزەکانی تر، وەکو دروشم بەرزیان دەکەنەوە و داکۆکییان لێ دەکەن.

هێزێک دەتوانێت ببێتە بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی کە بڕوای تەواوی بە پرەنسیپ گەلێکی وەک: (تۆلێرانس و فرەیی و پێکەوە ژیان و دیموکراسی)، هەبێت و خۆی بە هەڵگری حەقیقەتی رەها و چارەسەرکەری تەواوی کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگە نەزانێت، وەکی هێزێکی موقەدەس و بان- مێژووی خۆی نیشان نەدات.. بەڵام ئێمە هێزێکی ئیسلامیمان نییە، وەها نەبێت و وەها رەفتار نەکات.. بە کورتییەکەی ئیسلامی سیاسی لە جەوهەردا، هێزێکە دژ بە کۆمەڵگەی مەدەنییە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی تەندروست تەنیا لە یەک حاڵەتدا دەڕسکێت و بە فیعلی ئامادەگی دەبێت،

ئەویش ئەو کاتەیە کە سیستەمی عەلمانی لە ئارادا بێت و دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی ئاینی جیا کرابێتەوە. بەبێ جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئاین، قسەکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی مەحاڵە.

هەوڵی ئیسلامییەکان بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی و پەیداکردنی هەیمەنەی ئایدۆلۆجی لە فەزای کۆمەڵگەی مەدەنیدا (بە چەمکە گرامشییەکەی)، تەنیا بۆ گەیشتنە دەسەڵاتە و تاکتیکێکی سیاسی ئەو گرووپانەیە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و هەر ئەوەندەشی گەیشتنە ئەوە، ئەوەی تارومار دەکرێت دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنییە، چونکە ئەمانە هێزگەلێکن لەسەر کوشتنی جیاوازی و رەنگرێژکردنی کۆمەڵگە بە یەک رەنگ کار دەکەن. ئەمانەش تەواو دژی پرەنسیپە سەرەتاییەکانی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنین.

* چەمکی دیمکراسی پێوەستە بە مافەکانی مرۆڤ و ئاڵوویرکردنی دەسەڵات، ئاخۆ بیروباوەڕ و جیهانبینی ئیسلامی سیاسی ئەو چەمکە بنەڕەتییانەی دیموکراسییەتی قبووڵە؟

– لە راستیدا بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ناچار نین ناو تێزە و تیۆرەکان بگەڕێین، هێندە بەسە چاو بەواقیعدا بگێڕین و وەڵامێکمان دەسگیر بێت. ئیسلامی سیاسی هێزێکی داخراوە کە فۆبیای گەورەی لە دەسکەوتە مەعنەوی و پرەنسیپەکانی شارستانییەتی رۆئاوا هەیە. ئەوانە دیموکراسی بەمانای حوکمی گەل وەردەگرن و حوکمی گەلیش، بە دەستدرێژیکردنە سەر دەسەڵاتی یەزدان دەدەنە قەڵەم. ئێمە بۆ ئەوەی بزانین هێزێک دیموکراسییە یان نا، بەرلەوەی چاوەڕێبین ئەم هێزە بگاتە دەسەڵات بۆ ئەوەی دیموکراسی بوون و نادیموکراسی بوونیمان بۆ دەرکەوێت، دەبێت سەرنج لە پێکهاتە و بەرنامە و مامەڵەکردنی ئەو هێزە لەناو خۆیدا بدەین.

هێـزێکی ئیـسـلامـیم بدەرێ بەمـەرگی خـوایی نەبێت دەسـەڵاتدار و ئەمیندارەکەی لەسەر کار لاچووبێت. بڕوانە ئیخوان موسلمین لە سەردەمی "حەسەن بەننا" وەتا ئەمڕۆ کە دایکی سەرجەم بزاوتە ئیسلامییەکانە، تا قاعیدە و تاڵیبان و گرووپە جیهادییەکانی تری دنیا و بزاوتە ئیسلامییەکانی ناو کوردستانیش. ئەمانە لەناو هێزێکی بچووک و داخراو و (ئیسلامیدا!)، بڕوایان بە تەداولی دەسەڵات نییە، سەرکردەکانیان تامردن لە پۆستی خۆیان دەمێننەوە. وەکو خوا لەگەڵ ئەندامەکانیاندا مامەڵە دەکەن و خۆیان وەک کەسێکی موقەدەس کە لە سەروو هەموو رەخنەیەکەوەن نیشان دەدەن. ئیتر چۆن دەتوانن لەگەڵ هێزی جیاواز و ئایدیۆلۆجیای تردا، دیموکراسی بن و چاوەڕێی ئەوەبین لە سەروەختی حوکمڕانیکردندا، بە ئاشتییانە تەداولی دەسەڵات بکەن.

وەکو تریش بڕوانە حوکمڕانی ئیسلامییەکان لە (سوودان و ئەفغانستانی سەروەختی حوکمڕانی تاڵیبان و ئێران و سعوودیە و... هتد)، بڕوانە ئەوانە بەچ شێوەیەک حوکمڕانی دەکەن و هەڵسوکەوت لەگەڵ نەیارەکانیاندا دەکەن. تاڵیبان نەک هەر هێزە نەیارەکانی خۆی پێ قبوڵ نەکرا، تەنانەت نەیتوانی لەگەڵ پەیکەرە بێگیانەکانی بووزاشدا لە ناوچەی بامیاندا هەڵبکات.. "حەسەن تورابی " لە سوودان بە لەسێدارەدانی فەیلەسووفێکی عارفی وەک "محەمەد مەحموود تەها"، دەستی پێ کرد و لەم ڕۆشدا مەرگەساتەکانی ناو هەرێمی دارفۆر بەچاوی خۆمان دەبینین.

لە ئێراندا نەک هەر هێزێکی عەلمانی نابینن، بگرە یاساغە هێزێکی ئاینی سوننە مەزهەبیش کاری سیاسی بکات و بەشداری دەسەڵات بێت. لە کوردستانیش پاش ڕاپەڕین هەموومان شایەدحاڵی رەفتاری دیکتاتۆری و تاکڕەوانەی ئیسلامییەکان بووین، لەو ناوچانەی حوکمڕان و دەسەڵاتدار بوون تێیدا.. ناشیرینترین نموونەیەک ئەوەبوو کە هەردوو گرووپی

تیرۆریستی (جوند الاسلام و أنصار ئیسلام) له ناوچەکانی هەوراماندا نیشانیان داین.. ئەوانە نەک هەر لە هەناسە و جووڵە و ڕەفتاری کەسانی زیندووی جیاواز لە خۆیان جاڕس بوون و پێیان قبووڵ نەبوو، بگرە کەوتنە هەڵدانەوە و وێرانکردنی مەزارگەی شێخانی نەقشبەندی و دەرهێنانی روفاتی ئەو کەسانەی بەدرێژایی تەمەنیان، وەکو ئیماندارێک خزمەتیان بە کولتووری ئیسلامی و بە ئاینی ئیسلام کردووە. ئەوەی باسی پێوەندی نێوان ئیسلامی سیاسی و دیموکراسیمان بۆ بکات، یان شۆخیمان پێ دەکات یاخۆ درۆیەکی گەورەمان لەگەڵ دەکات.

* ئاخۆ ئاین بەو شێوازەی ئێستای لە رووی ناوەڕۆک و فۆرمەوە، چەند چاکسازی تێدا کراوە تاکو لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆ و سبەینێدا بڕ بکات؟ ئەگەر چاکسازی تێدا نەکرابێ، چەندە پێویستە بکرێت؟

– ئەڵبەتە بە درێژایی مێژووی ئیسلام لێرە و لەوێ هەوڵی ریفۆرم و چاکسازیکردن دراوە، بەڵام لە بەرامبەر دژایەتی هێزە (کۆنسێرڤاتیڤ) و دۆگماکاندا کە دەسەڵات پشتیوانی کردوون، شکستیان هێناوە و بڕیان نەکردووە. دوا هەوڵیش ئەو پرۆژە چاکسازییە بوو کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا ریفۆرمیستێکی وەک "جەمالەدینی ئەفغانی " دەستی پێ کرد و "محەمەد عەبدە"ی قوتابیشی لە قۆناغی دواتردا درێژەی پێدا، بەڵام ئەم هەوڵەش بۆ تازەکردنەوەی گوتاری ئاینی و بۆ بە ئەقڵانیکردنی ئاین، زۆر کورتخایەن بوو. ئەوەی شکستی بەم پرۆژە رۆشنگەرییە هێنا و ئیسلامی لە نوێبوونەوە بێبەش کرد، ئەو بزاوتە سەلەفی و تاریکخوازە بوو کە لە ساڵی ١٩٢٨دا و بەناوی ئیخوان موسلمینەوە هات و لە بەرامبەر ریفۆرمکردنی ئایندا، دروشمی بە ئایدیۆلۆجیکردن و بە سیاسیکردنی ئیسلامی بەرزکردەوە.

بەمەش شكستی بە گەورەترین پرۆژەی ریفۆرمی ئاینی هێنا لە سەردەمی تازەدا.. بەرەنجامی شكستی پرۆژەكەی "جەمالەدینی ئەفغانی " لەلایەن "حەسەن بەننا"و رێكخراوی ئیخوان موسلمینەوە، بەوە شكایەوە كە گرووپگەلێكی تیرۆریستی و داخ لە دڵی وەك (قاعیدە و زەرقاوی و حەماس و تەكفیر و هیجرە و ئەنسار سونەی) دروست كرد.. ئەمانە چەندێك دنیایان نوقمی ترس و خوێن كردووە، ئەوەندەش جەوهەری هەقیقی ئیسلامیشیان لەكەدار كردووە.

* تەوەرە سەرەكییەكانی چاكسازیی ئاینی كامانەن؟ ئاخۆ ئیسلامی سیاسی یان ناوەند و دەزگا ئاینییەكان لە كوردستاندا، هیچ هەنگاوێكیان ناوە بەرەو چاكسازیی ئاینی؟

– پێم وایە ئەوەی تەوەرە سەرەكییەكانی چاكسازیی ئاینی دیاری دەكات، ئەوانەن كە بەو مەسەلەیەوە خەریكن و كاری بۆ دەكەن. بۆیە دەبێت ئەو كەسانە وەڵامی پرسیارێكی وا بدەنەوە و تەوەرە سەرەكییەكانی چاكسازی ئاینییمان بۆ دەستنیشان بكەن. بەڵام سەبارەت بەوەی ئاخۆ ئیسلامی سیاسی یاخۆ ناوەند و دەزگا ئاینییەكان لە كوردستاندا هیچ هەنگاوێكیان ناوە بەرەو چاكسازی ئاینی، دەتوانم بڵێم: نەخێر. لەبەرئەوەی ئیسلامی سیاسی لە كوردستان هێزێكی بێ فیكر و بێ مەعریفە و بێ پرۆژەیە. هێزێكە سەرگەرمی دروستكردنی كادیری حزبی و موجاهید و تیرۆریست و مرۆڤی ئایدیۆلۆجی دۆگمایە. هێزێكە ئەوەندە بیر لە بەرژەوەندی سیاسی خۆی و پاوانكردنی دەسەڵات و بەدەستهێنانی دەسكەوتی مادی دەكاتەوە، ئەوەندە بیر لە چاكسازیی ئاینی و ریفۆرمی ئەقڵانی و نوێكردنەوەی گوتاری ئاینی ناكاتەوە.. ئەم هێزانەی لای ئێمە لەبەرئەوەی درێژكراوە و كۆپی هێزە ئیسلامییەكانی دەرەوەن، ئەوا ئەمانیش وەك ئیسلامی سیاسی لە دنیادا، دوژمنی سەرسەختی هەموو چاكسازی و پرۆژەیەكی ریفۆرمی ئاینین و

بەچاوی گومانەوە، سەیری هەموو هەوڵێکی لەو جۆرە دەکەن و لە خەمی لەباربردنیدان.

سەبارەت بەوەش کە ناوەند و دەزگا ئاینییەکانی کوردستان لەم بوارەدا چ هەنگاوێکیان ناوە، دەتوانم بڵێم بەهۆی بارودۆخی ناجێگیری کوردستانەوە هەوڵێکی بەرچاوی وایان نەداوە، بەڵام لەم پرۆسەیەشدا ئیسلامی سیاسیش دەستی هەبووە و ڕێگر بووە لەو مەسەلەیە، چونکە لە فەزایەکدا کە ترس و تۆقاندن و تیرۆری ئاینی تێدا باڵادەست بێت، ئەگەری بیرکردنەوە لە هێنانە ئارای گوتارێکی ئەقڵانی و ریفۆرمی ئاینی، چانسی زۆر کەم دەبێت.

**ڕۆژنامەی هاوڵاتی**

دیمانە: هەرێم عوسمان

---

* ئاخۆ هێزی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان دەبینن؟ ئەی لە ستراتیجی حزبە ئیسلامییەکان، تا چەند دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆن دەبینرێت؟ ئەگەر بنەمایەکی ئابووری بەهێزیان هەبووایە، دەسەڵاتیان فراوان نەدەکرد تا ببنە هێزی یەکەم؟

- بەو پێیەی گۆڕان پرۆسەیەکی هەمەلایەن و درێژخایەن و فرەرەهەندە، تەنیا بە دروستبوون و ئامادەگی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنەوە گرێ نادرێت، بەتایبەت ئەگەر ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنە هێندە کارا و چالاک و کاریگەر نەبێت. گومان لەوەدا نییە کە بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی ئەکتیڤ لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، لەبارێدایە تەکان بەدۆخی چەقبەستوو بدات و ئەو تەلیسمانە بشکێنێ کە ڕێگری لە گۆڕان و نوێبوونەوە دەکەن، بەڵام ئەمەش هەمووشتێک نییە و لە پاڵ ئەمەشدا پێویستمان بەکۆمەڵە هۆکار و مەرجێکی تر دەبێت، وەک ئاستی هۆشیاریی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە قەیران و کێشە و گرفتەکانیان، لەگەڵ هەوڵدانیان بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە و کردنەوەی ئاسۆی تازە بەسەر ژیاندا.

ئەگەر ئێمە لەو پێشمەرجە تیۆری و سۆسیۆلۆجییانەوە، بگوازینەوە بۆ قسەکردنێکی پەیوەندیدارتر بە واقیعی کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردییەوە، دەتوانین بڵێین بەڵێ دوای هەژدە ساڵی حوکمڕانی حزبۆکراتی پارتی و

یەکێتی و دوای ئەو هەموو کێشە و قەیران و فەسادە ئیداری و ناعەدالەتییە کۆمەلآیەتییە، سەرەتاکانی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی جیدی لەسەر ئاستە جیاجیاکان دەبینین.

ئەمرۆ لە دەرەوەی ئەو ریزبەندییە حزبییەی هەژدە ساڵە لە کوردستاندا هەیە، هێزێکی تر و دەنگێکی تر دەبینین کە بە دەنگی بەرز داوای گۆڕانی واقیعی سیاسیی کوردستان دەکات. ئەگەر سەرەتاکانی راپەڕین قۆناغێکی تازە بووبێت لە مێژووی میللەتی ئێمەدا، ئەوا بێ سێ و دوو هەنووکە و لە سەروبەندی دروستبوونی ئەم هەموو رۆحە ناڕازییەدا، ئێمە سەرەتای قۆناغێکی تازە دەژین. وەک چۆن راپەڕین مێژوویەکی تازەی لە ژیانی کوردەواریدا رەنگڕێژ کرد، هەموو ئەو دەنگە نارەزاییانەی ئێستاش کە وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی جیدی خۆی نمایش دەکات، قۆناغێکی تازە دێنێتە ئارا.

سەبارەت بە حزبە ئیسلامییەکانیش (نە ئەو سا و نە ئێستاش)، قودرەتی ئەوەیان نەبووە ببنە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن و رۆڵی خۆیان وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن وازی بکەن. ئەمەش بەدرێژاییی مێژووی هەژدە ساڵەی دوای راپەڕین بەئاشکرا دیاربوو. لە سەروبەندی تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستانیشدا، زیاتر ساغ بووەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم واقیعە تاڵەی ئەمرۆ کوردستان پێی گەیشتووە، هەر بەتەنیا (ی. ن. ک)و (پ. د. ک) لێی بەرپرسیارنین، (ئەگەرچی پشکی شێریان بەردەکەوێت)، بەڵکو هێزەکانی دەرەوەی (ی. ن. ک) و (پ. د. ک) لێی بەرپرسیارن. بەتایبەت (حزبە ئیسلامییەکان) کە رۆڵی خۆیان وەک ئۆپۆزسیۆنێکی مەدەنی نەگێڕاوە، بگرە تەنیا لە هەوڵی رازیکردن و موجامەلەکردنی بێتامی دوو هێزە حوکمڕانەکەدا بوون.

* پێتوایە لە کوردستاندا هێزێک هەبێت (کۆنسەرڤاتیڤ)

موحافیزکار بێت؟ ڕێگر چییە لە بەردەم گۆڕاندا؟ لای تۆ هێزی گۆڕانکار کێیە لە کوردستاندا؟ هەیە یان نییە، یان لە دروستبووندایە؟

– بەشێکی زۆری هێزە سیاسییەکانی کوردستان (هەڵبەت مەبەستم حزبە سیاسییەکانە)، هێزی موحافیزکار و داخراون و پشکی گەورەشیان لە دژایەتیکردنی گۆڕان و نوێبوونەوەدا هەیە. ئەگەر هەندێکیشیان لافی تازەگەرێتی و سەردەمییانەش لێ بدەن، ئەوا تەنیا لاف لێدانێکی رووکەشانەیە و لە جەوهەردا هێزێکی نەریتخوازو موحافیزکارن.

ئەم هێزانەی ئێمە تەواو کۆپی حزب و ڕێکخراوەکانی وڵاتانی عەرەبین، کە بە رووکەش مۆدێرن و لە ناوەڕۆکیشدا ئسووڵی و کۆنەخواز و دژە گۆڕانن. شکستی گۆڕان لە وڵاتانی عەرەبیدا، ئەو حزب و ڕێکخراوانە لێی بەرپرسن. لە واقیعی کوردیشدا مانەوەی کۆمەڵگای ئێمە لەم ئاستە چەقبەستوو و دۆگمایەدا، ئۆباڵی بە ئەستۆی ئەو هێزانەیە کە تەنیا گۆڕان و نوێبوونەوە، لە دروشم و هوتافبازیدا دەبیننەوە و هەرگیز خۆیان لە قەرەی گۆڕانی راستەقینە نادەن و بەئەرکی خۆیانی نازانن.

هێزی گۆڕانکار بە درێژایی سەدەی بیستەم و تا ئێستاش لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا هەبووە، بەڵام لە ئاست هێزی دژە گۆڕان و تەقلیدی و سونەتیدا کەم هێز و بێ توانا بووە. لە کوردستانی ئەمڕۆدا هێزی گۆڕانکار و هێزی بەرهەڵستکارمان هەیە، چ لە کایەی رۆشنبیریدا و چ لە کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. رۆژنامەی (هاوڵاتی) یەکێکە لەو هێزە گۆڕانکارانە، لە پاڵ هێزگەلێکی دیار و شاراوەی تردا. جورئەتدانە بەر خەڵکی بۆ قسەکردن و وتنی راستییەکان، خۆی لە خۆیدا بەشێکە لە پرۆسەی گۆڕانکاری و دەستکاریکردنی خەریتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم هەرێمە.

* بەڕای تۆ پێتوایە گۆڕینی ترادسیۆن لە کوردستاندا پێوەندی بە چییەوە هەیە؟ ئاخۆ پێوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە یان پەروەردە یان ڕاگەیاندن یان چی؟ پێتوایە کامیان بەشدارییەکی باشتر دەکات؟

– ترادسیۆن هەر بەتەنیا بەهێز و لایەنێک ناگۆڕێت، بەتایبەت ترادسیۆنێکی کۆنکرێت و تۆکمە. گۆڕینی ئەوە پێوەندی هەم بە دەسەڵاتەوە هەیە، هەم بە میدیا و پەروەردە و گەلێ کەناڵی هەمەجۆری ترەوە هەیە. گۆڕینی ترادسیۆنیش لە کوردستاندا، لەبەرئەوەی پرۆسەیەکی قورس و گرانە، پێویستی بە بەرنامەی هەمەلایەنە لە گشت بوارە جیاجیاکاندا. گۆڕینی ترادسیۆن ئەرکێکە و تەنیا بە توێژ و هێزێک جێبەجێ ناکرێت، بگرە پێویستی بە کۆشش و هەوڵی هەموو لایەکە، هەر لە ڕۆشنبیرانەوە تا دەسەلات و تارێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کایە جیاجیاکانی تری وەک: (پەروەردە و میدیا و... هتد).

* پێتان وایە لە دەرەوەی هێزە سیاسییەکان هەوڵی جیدی هەیە بۆ گۆڕان (دیارە مەبەستم نوخبەی ڕۆشنبیرانە)؟ ئاخۆ ئەوان توانیویانە گۆڕان لە دەسەڵاتی سیاسیدا دروست بکەن؟ ئاخۆ ڕۆشنبیر لە دەرەوەی دەسەلات دەتوانێت کار بکات بۆ گۆڕان؟ یان بە پێچەوانەوە لەنێو دەسەڵاتدا زەمینەیەکی لەبارتری هەیە بۆ گۆڕان؟

– هەڵبەت لە دەرەوەی حزب و هێزە سیاسییەکاندا، زیاد لە هەوڵێکی جیدی هەیە بۆ گۆڕان. ڕۆڵی بەرچاوی پرۆژە ڕۆشنبیرییەکانی وەک (ئازادی، یەکگرتن، ڕەهەند، گوتار، بوون، سەراب..) و ڕۆژنامە و کۆوارە ئەهلییەکانی وەک: (هاوڵاتی – ئاوێنە – لڤین) و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و

هونەرمەندان و ئەکتیڤیستە چالاکەکانی بواری ژنان و لاوان و منداڵان و... هتد، هەموو ئەمانە هێزی دیار و بەرچاوی گۆڕانکارین و ناکرێت بەهەند وەرنەگیرێت. ئەو جموجۆڵەی ئێستا بە ژیانی سیاسی کوردستانەوە دیارە، بەشی زۆری بەرهەمی کارکردنی ئەو نوخبە و گرووپ و هێزە چالاکانەیە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدان. واتە ئەوانە بوون زەمینەسازییان کرد و دەرگایان بەسەر قۆناغێکی نوێدا کردەوە و ئەوەتا وا بەرهەمەکەشی لەسەر زەمینەی واقیع دەبینین کە گۆڕانکاریکردنە لە دەسەڵاتی سیاسیدا. بەڵێ رۆشنبیر و نوخبە جیاوازەکانی تری کۆمەڵگە، دەتوانن لە دەرەوەی دەسەڵات و لە دەرەوەی حزب و هێزی سیاسیدا کار بۆ گۆڕان بکەن. لەناو دەسەڵاتیشدا هەمان پرۆسە دەکرێت، بەڵام بەو مەرجەی دەسەڵاتێکی تۆتالیتار و ستەمکار و تۆقێنەر نەبێت.

* ئەگەر بکرێت لەبارەی هەنگاوەکان بەرەو بوون بە کۆمەڵگەیەکی لایستی کراو بدوێین. دەتوانم لێتان بپرسم تا چەند کۆمەڵگای کوردی هەوڵی لایستی بوونی تێدا دەبینرێت؟ رێگر چییە لە بەردەم بوون بە کۆمەڵگایەکی لایستی؟ ئاخۆ ئیسلامی سیاسی رێگرە یان کولتوور یاخۆ ئەو دوو حزبە باڵادەستەی کوردستان؟

– لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەم و بەراییەکانی سەدەی بیستەمدا، لەلایەن نوخبە منەوەرەکەی کۆمەڵگەی کوردییەوە، هەوڵێکی جیدی و پڕ حەماسەت هەبوو بۆ کرانەوەی کۆمەڵگەی ئێمە، بۆ نوێبوونەوە و عەلمانی بوون. ئەم هەوڵانەش بەڕوون و رەوانی لە بەرهەم و تێکستی رۆشنفکرانی ئەو سەردەم و قۆناغەی مێژووی ئێمەدا دەبینرێت. نموونەکانمان (حاجی قادری کۆیی، پیرەمێرد، حەپسەخانی نەقیب، بنەماڵەی بەدرخانییەکان، قانیع، ئەحمەد موختارجاف، زێوەر، مستەفا سائیب، جەمال عیرفان.. هتد). ئەم هەوڵانەش

بەدرێژاییی سەدەی بیستەم و تا هەنووکەش درێژەی هەیە، بەڵام بۆ بە ئاکام نەگەیشتووە؟ ئەوا زیاد لە هۆکار و ڕێگرییەک هەبووە کە هەندێکیان پێوەندییان بەناوەخۆی خۆمانەوە هەبووە، هەندێکیان هێزە کۆنەخواز و کۆنەپەرستەکان بەربەست بوون، هەندێکی تری ڕێگرییەکان پێوەندی بە کلتوور و سیستەمی پەروەردەی نادروستەوە هەبووە. لە ئێستاشدا ڕۆڵی خراپی (یەکێتی - پارتی). تێکڕایی ئەمانە و شتگەلێکی تر، ڕێگر بوون لەوەی کۆمەڵگەی ئێمە ببێتە کۆمەڵگەیەکی لایستی مۆدێرن.

* ئاخۆ هێزە دەرەکییەکان هاوکار بوون بۆ گۆڕان؟ یان بە پێچەوانەوە ڕێگر بوون لە بەردەم گۆڕاندا؟

- لە ڕاستیدا گۆڕانی ڕاستەقینە، لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردی و لەناو مێژوو و بنیاتی کۆمەڵایەتی خۆماندا چێ دەبێت و سروشتی و خۆڕسکانە دەردەکەوێت. ئەو گۆڕانانە ڕاستەقینەن کە لە ناوەخۆدا دروست دەبن، نەک لە دەرەوەڕا بسەپێنرێت. بەنیسبەت کوردستانەوە هێزە دەرەکییەکان هەڵوێست و کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی واقیعی ئێمە چون یەک نییە و جیاوازن. ئەو وڵاتە هاوسێیانەی کوردستانیان بەسەردا بەش کراوە و کورد ژێردەستەی ئەوان بووە، هەردەم لە هەوڵی پەکخستنی گۆڕان و نوێبوونەوە و بێداربوونەوەی کۆمەڵگەی کوردیدا بوون، بەڵام هەندێ هێز و دەوڵەتی تریش هەبوون هاوکار و پشتیوان بوون. پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و هەڵتەکاندنی حوکمڕانی بەعس لەلایەن هاوپەیمانانەوە، ڕاستەوخۆ کۆمەکێکی گەورەی بە کۆمەڵگەی ئێمە کرد بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە و دەسپێکردنی سەرەتایەکی نوێ.

**ڕۆژنامەی ڕۆژنامە**

دیمانە: ئارام عەلی سەعید

---

* عەلمانییەت چەمکێکی فیکری سیاسیی نوێیە و دەرهاویشتەی واقیعێکە کە دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی کەم کردەوە و بووە جێداری ئەو فەرمانڕەوایەتییەی ئەوان پیادەیان دەکرد. هەنووکە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا کە بەپێشکەوتوو ناودەبرێن ئەم سیستەمە بەڕێوە دەچێت، بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپا. بێگومان ئەم چەمکە بەهەموو پەل و لقە جیاوازەکانییەوە، هەنووکە لەو وڵاتانەدا کۆمەڵێک بنەما و پرەنسیپی جێگیریان هەیە. تا چەند تەبانەبوونی ئەمانە لە کوردستان لە رووی فیکری و سیاسییەوە، لای حزبە عەلمانییەکان چووەتە قاڵبی جێبەجێکردنەوە. لەلایەکی تر ئەوەی کە پێی دەوترێت (ئیسلامی سیاسی) و خۆی لە پارتە ئیسلامییە سیاسییەکاندا دەبینێتەوە، بە بۆچوونی ئێوە ئەمانیش تا ئێستا بە نموونەیەکی راستەقینەوە توانیویانە نوێنەرایەتی ئەو ئیسلامە بکەن لە کوردستان کە لەژێر کاریگەری ئەودا دروست بوون ، یان ئەوانیش لەژێر کاریگەری دۆخە سیاسییەکەی کوردستاندا پیادەی کاری سیاسی حزبییانە دەکەن؟

– ئەم پرسیارەی ئێوە لە راستیدا دوو پرسیارە. یەکەمیان پێوەندی بە

تەبەنیکردنی چەمکی عەلمانییەتەوە هەیە لەلایەن هێزە سیاسییەکانی ناو کوردستان و تا چەندەش ئەوە چووەتە ئاستی پراکتیزەکردن و جێبەجێکردنەوە، دووەمیشیان لە وەڵامی ئەوە دەگەڕێت کە ئاخۆ ئیسلامی سیاسی لە واقیعی کوردیدا، نوێنەرایەتی ئیسلام دەکات یاخۆ لەژێر کاریگەری رەوشی سیاسیی کوردستاندا کاری حزبایەتی دەکات؟ سەرەتا و دەرهەق بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان دەبێت ئەوە بڵێین، زۆرێک لەو چەمک و وتەزایانەی بەرهەمی مۆدێرنە و ژیاری رۆئاوان وەک: (تۆلێرانس، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، کۆمەڵگەی مەدەنی، فەردانییەت و ئەقڵانییەت و... هتد)، لە کاتی گواستنەوەیاندا بۆ ناو کولتوور و ژیارەکانی تر، لە مانا جەوهەرییەکانی خۆیان بەتاڵ کراونەتەوە و زیاتر وەک چەمکێکی ئایدیۆلۆجی و وەک دروشمێک مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. ئەمە گەر بۆ بەشێکی زۆری ژینگە و کولتوورەکانی دەرەوەی رۆئاوا ڕاست بێت، ئەوا بۆ ژینگە و کولتووری کوردەواری گومانی تێدانییە و سەد دەرسەد راستە. ئێمە ئەگەر نەشگەڕێینەوە سەر مێژوویەکی زۆر دووریش، دەتوانین لە قۆناغی دوای راپەڕیندا بە ئاشکرا ببینین کە چۆن لە دنیای ئێمەدا کۆی ئەو چەمکە فیکری و فەلسەفییانە، دەگۆڕێن بۆ چەمکگەلێکی ئایدیۆلۆجی ناوەڕۆک بەتاڵ یان لە چاکترین حاڵەتدا دەبنە دروشم و بۆ ململانێی سیاسی نادروست تەوزیف دەکرێن، یاخۆ وەک کەرەستەیەک بۆ فریودان و لەخشتەبردنی برێکی زۆر لە خەڵکی بەکاردەبرێن. لە دنیایەکیشدا کە وەکی دروشم و وەکی تاکتیکێکی رۆژانە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی (دیموکراسی و عەلمانییەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و تۆلێرانس و فەردانیەت)دا کرا، هەرگیز ناچنە قاڵبی پراکتیزەکردن و نابنە بەشێک لە پرۆژەیەکی هەمەلایەنی ژیاری و حەیاتی .

هێزە سیاسییەکانی ئێمە ئەوەندەی بە ئاراستەی تۆخکردنەوەی نەریتە تەقلیدی و ئاینییەکان کار دەکەن، ئەوەندە لە خەمی بە عەلمانیکردنی فەزای

سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا نین. ئەم هێزانەی ئێمە ئەگەر هێزی عەلمانی ترسنۆكیش نەبن، ئەوا بێگومان هێزێكی عەلمانیی شەرمن و پاسیڤن. هێزێكیش بەم روحییەتەوە كار بكات، ناتوانێت عەلمانییەت بگوازێتەوە بۆ ناو بواری جێبەجێكردن و ئەزموونكردنی لە ژیانی رۆژانەدا. هێزە بەناو عەلمانییەكانی ئێمە، دەقاودەق ئەزموونی عەلمانییەتی (ناسری) لە میسردا دووبارە دەكەنەوە كە خراپترین و شەرمنترین جۆری عەلمانییەتە. دووبارەكردنەوەی ئەم ئەزموونەش، بە گران لەسەر كۆمەڵگەی كوردی دەكەوێت. ئەگەر لە ئێستاشدا نەبێت، ئەوا لە داهاتوودا بەرەنجامە دژوار و ترسناكەكانی ئاشكرا دەبن.

ئەزموونی وڵاتی میسریش وەها بوو، دوای مردنی "عەبدولناسر" وڵات كەوتە بەر رەحمەتی زەبری بێ ئامانی هەموو ئەو گرووپە ئیسلامییە رادیكاڵەی، لە شەستەكاندا دروست بوون و لە حەفتا و هەشتاكانی سەدەی رابردوودا لافاوی خوێنیان لەو وڵاتە وەڕێ خست. لە جیهانی ئیسلامیدا جگە لە دوو نموونەی عەلمانییەتی توركی "كەمال ئەتاتورك" ١٩٢٤ و عەلمانییەتی تونسی "حەبیب بۆرقێبە" ١٩٥٦، هەموو عەلمانییەتەكانی تر عەلمانییەتی ترسنۆك و پاسیڤ و شەرمن بوون. مۆدێلی عەلمانییەتی ئێمەش لەم جۆرەیە كە خراپترین جۆرییەتی و تەنیا لەسەر ئاستی دروشم و دروشمبازی دەمێنێتەوە و ناچێتە قاڵبی پراكتیزە و جێبەجێكردنەوە.

بۆ وەڵامی برگەی دووەمی پرسیارەكەشتان دەتوانم بڵێم، ئیسلامی سیاسی نەك لە واقیعی كوردیدا و نەك لە كوردستاندا، بگرە لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی و وڵاتانی دنیادا نوێنەرایەتی ئیسلام ناكات. ئەمانە هێزگەلێكی ئایدیۆلۆجین و دەیانەوێت ئیسلام بۆ كاری سیاسی خۆیان تەوزیف بكەن. واتە لە جەوهەردا مەرامی ئەمانە، گۆڕینی ئیسلامە لە ئاینێكەوە بۆ ئایدیۆلۆجیا. ئەمانە لە چاكترین حاڵەتدا ئیسلام بۆ

ئارایشتکردنی خۆیان بەکاردێن و ئەو پەردەیە کە ڕووی راستەقینەی خۆیانی پێ دەشارنەوە. باوەڕبوون بە ئیسلام شتێکە و ئیدیعاکردنی ئیسلامبوونیش شتێکی ترە. ئیسلامییەکانی دنیا و کوردستانیش سیاسەت و حزبایەتی دەکەن، بەڵام بەناوی دین و ئیسلام و ئاسمان و خواوە. لە دەسەڵات دەگەڕێن و سەرگەرمی تێرکردنی ئارەزوو و بەدیهێنانی خەونە دنیاییەکانیانن، بەڵام ئەمانە بەناوی پاراستنی موقەدەساتی ئیسلام و پاراستنی بەهاکان و گێڕانەوەی خەلافەت و بووژاندنەوەی رۆحیانەت، بەخەڵک و خوا دەفرۆشنەوە. ئیسلامی سیاسی لە دەرەنجامدا بریتییە لە ناشرینکردنی ئیسلام و بازرگانیکردنە بە ئاینێکەوە، بۆ پاوانخوازی زیاتر و جڵەوکردنی حوکمڕانی.

* تا ئێستا لە ئەزموونی سیاسی و تەنانەت فیکریی هیچ یەکێک لە گەل و نەتەوەکان وا رێک کەوتووە، دوو گوتاری جیاوازی عەلمانییەت و ئاین یەک بخرێن لەسەر هەندێ بنەمای هاوبەش بۆ بەرژەوەندیی گشتی، تاوەکو لە کوردستانیش ئەو دیاردەیە ئەزموون بکرێت لە نێوان ئیسلامی و عەلمانییەکاندا؟

- نەخێر، تا ئێستا هیچ ئەزموونێکی وەها نییە، چ لە مێژووی دوور چ لە مێژووی نزیکدا. ئەوەی هەیە پێکدادان و ململانێ و شەڕی دەستەویەخەی خوێناوی بووە. لە راستیدا لەم مەسەلەیەدا ئیسلامییەکان و هێزە تەقلیدییەکان گوناهبارن، چونکە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی عەلمانییەت لە جیهانی ئیسلامیدا، وەکی چەمکێکی دزێو و دژە ئاین سەیرکراوە و هەڵگران و باوەڕپێبووانی، بەر هەڕەشەی تەکفیر و نەفرەت لێکردن بوونەتەوە. ئەوانەی تیرۆری جەستەیی نەکراون، مەعنەوییەن تیرۆر کراون. ئەم دۆخەش بە درێژایی سەدەی بیستەم و تا ئێستاش بەردەوامە. هەنووکەش لەبەرئەوەی گرووپە جیهادییەکان دنیایان پڕکردووە، فەزای ترس

و تۆقاندنیشیان فراوانتر کردووه.

جەنگی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە دژی عەلمانییەت لە سەروەختی "قاسم ئەمین و عەلی عەبدولڕەزاق و تەها حوسێن و جەمال عیرفان"ە وە بەردەوامە، تا ساتەوەختی "نەسر حامد ئەبوزەید و سەلمان روشدی و تەسلیمە نەسرین و ئیرشاد مێنگی " درێژەی هەیە. یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی وا دەکات ئەم دۆخەش هەر بەردەوام بێت، ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی دیالۆگ لەگەڵ عەلمانییەتدا بەکوفر و دەستبەرداربوونی ئیمانداری دەداتە قەڵەم. هاوکات هێزە ئیسلامییەکان بەوپێیەی خۆیان بە نوێنەری خوا و هەڵگری هەقیقەتی ڕەها دەزانن، مەجبوورنین ئاوڕ لە هێزی تر و گرووپی تر بدەنەوە و لەسەر بنەمای دیالۆگ و کاری هاوبەش، پێکەوە لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا کار بکەن. لە کوردستانی ئێمەشدا دۆخەکە زۆر ئاڵۆزترە، لێرە نەک هەر دیالۆگ و کاری هاوبەشی عەلمانیی ئیسلامی نییە، بگرە دیالۆگ و کاری هاوبەشی عەلمانی – عەلمانی و ئیسلامی ئیسلامیش، وەک جەوهەر و وەک قەناعەت بزرە و نابینرێت. لە راستیدا دروستکردنی ئەو شتانەش پێویستی بە کۆمەڵێک فاکتەری سیاسی و ویژدانی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و لە خۆبوردەیی هەیە، کۆی ئەمانە لە کوردستاندا ئەگەر لە حوکمی نەبوونیشدا نەبن، ئەوا ئێجگار سست و لاوازن.

* ئاخۆ پێتوایە ئەزموونە تاڵەکانی دەسەڵاتە عەلمانییەکانی دەوروبەر، وەکو ئەوانەی (ئەتاتورک و شای ئێران و سەدام حوسێن) کە بانگەشەی عەلمانییەتیان کردووە، بەشی ئەوە ئەزموون و پەندیان بۆ حزبە عەلمانییە کوردییەکانمان بەجێ هێشتبێت کە بتوانن وێنەیەکی جوانی عەلمانییەت، بەدەر لەوەی ئەوان لە ئەدەبیاتی سیاسیدا نمایش بکەن؟

– دەبێت ئەوە بزانین کە هەرکەس ئیدیعای عەلمانیبوونی کرد، عەلمانی نییە. وەک چۆن ئیدیعاکردنی دیموکراسی ناکاتە دیموکراسی راستەقینە. عەلمانییەت پێویستی بە کۆمەڵێک مەرجی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەیە. ئەوانەی لە دنیای دەرەوەی رۆئاوادا لافی عەلمانیبوونیان لێ داوە، کۆمەڵێک کارەکتەری میلیتاری – دیکتاتۆری بوون کە دوور و نزیک لە مانا جەوهەرییەکانی عەلمانییەت نەگەیشتوون. ئەم تێنەگەیشتنەش وای کردووە هەمیشە لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەو حوکمڕانە بەناو عەلمانییانەدا، تەوژمێکی ئاینی زۆر بەهێز سەرهەڵبدات. سەیری ئێرانی دوای "حەمە رەزاشا" و عێراقی دوای "سەدام حسێن" بکە کە چۆن هەرچی ئاخوند و مەلا و مێزەربەسەرە بە ئەقلییەتی سەدەکانی ناوەڕاست و بە فتوا جەهەنەمییەکانیانەوە، گەڕانەوە و کۆمەڵگایان کۆنترۆڵ کرد.

بەداخەوە لە کوردستانی خۆشماندا مەترسی زۆر لە دووبارەبوونەوەی ئەو حاڵەتە دەکرێت، چونکە هێزە سیاسییەکانی ئێمە تا ئێستاش لەژێر کاریگەری ئەو میراتییە سیاسییەدان کە داگیرکەران بۆیان جێ هێشتووین. تا هەنووکەش بەهەمان جیهانبینی ئەوان سەیری دنیا دەکەن و بیردەکەنەوە. دەرنەچوون لەژێر باری ئەو دنیابینییە و ئەو میراتە سیاسییەی داگیرکەراندا، وای کردووە حزبە سیاسییەکانی ئێمە ئەزموونی ئەوان دووبارە بکەنەوە. ئەو دۆخەی ئێستا تێیدا دەژین، بەڵگەی دروستی ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکانی ئێمە لەژێر کاریگەری ئەو ئەزموونە دزێوانەی چواردەورماندان تەنیا دەرفەتێکیش بۆ دووبارەنەکردنەوەی ئەزموونی شکست خواردووی ئەو عەلمانییەتەی لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ داوە، بەندە بەخۆدەربازکردن لە جیهانبینی و ئەو میراتییە سیاسییەی لەو مۆدێلی حوکمڕانیانەوە بۆمان جێ ماوە.

* بەبۆچوونی ئێوە ئەو مامەڵەیەی لە کوردستاندا لەگەڵ دین و

سرووتە ئاینییەکان دەکرێت، لەلایەن هەریەک لە ئیسلامییەکان و عەلمانییەکانەوە چ جیاوازییەکی هەیە؟ ئاخۆ جیاوازیی نێوان ئەو دوو رەوتە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیندا لە چیدا بەدی دەکرێت. لە کاتێکدا دەبینین زۆرجار تەنیا جیاوازییەکان تایبەت بە مومارەسەی سیاسی لە کۆمەڵێک ئیمتیازی دەسەلات و بابەتی سیاسیدایە؟ پێتوایە خیلافی قووڵ و ریشەیی لە چ روویەکەوە هەیە لە نێوان ئەمانەدا، تا خەڵکی دەنگ بەو جیاوازییانە بدات؟

– لە راستیدا جیاوازی ئەوتۆ نییە، هەر لایە و دەیەوێت خۆی بەدیندارتر و ئیسلامیتر نیشان بدات. شەڕ ئەوەیە کێ ئیسلامی راستەقینەیە و کێ زیاتر پەرۆشی ئاینە، ئەوەی لەم دۆخەشدا زەرەر دەکات کۆمەڵگەیە. خەڵکی ئێمە لە ئاست ئەم دۆخە تاریکەدا، خەریکە رەنجی سەدەیەک لە هەوڵ و خەباتی لە پێناو کرانەوە و لیبراڵیزم و رۆشنگەریدا دەدۆڕێنێت.

* ئاخۆ ئەو میتۆدەی عەلمانییەت لەسەری رادەوەستێت کە بەرەهایی داوای جیاکردنەوەی دین و پیرۆزییەکانی دەکات لە دەسەلات، تا چەند لە کوردستان لە رووی کردەییەوە سەرکەوتوو دەبێت؟

– ئەوە بەندە بەتوانای ئەو هێزەوە کە کار بۆ ئەم پرۆژەیە دەکات، بەندە بە قابیلییەتی کۆمەڵگەوە کە تاچەند ئامێز بۆ عەلمانییەت دەکاتەوە.

* تا چەندە جیاوازییەکان قووڵ و دوور لە یەک بن لە کوردستان، هێشتا دەتوانرێ پردی پێوەندی و رایەڵی هاوبەش لە نێوان هەردوو ئاراستەی ئیسلامییەکان و عەلمانییەتدا دروست بکرێت؟

– لە راستیدا ئەمە دەکەوێتە سەر نیەت و سەر راستگۆیی ئەو لایەنانە، بۆ

دیالۆگکردن و نزیکبوونەوە لە یەکتری و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان. پێموایە ئێستا لە سەرەتای راپەڕین و ساڵانی نەوەتەکان گونجاوترە. تاڕادەیەک گرژی و بەدبینی کەم بووەتەوە. ئەو زمانە زبر و هەڕەشە ئامێزەی جاران نەماوە. رەنگە ئەزموونی رابردوو هەمووانی فێر کردبێت کە مانەوە و گەشەکردنی ئەم هەرێمە، بەندە بە پتەوکردنی پێوەندی و یەکریزی ناوەخۆوە. دروستبوونی ئەم قەناعەتە، سەرەتایەکی باشە بۆ دیالۆگ و دۆزینەوەی پردی پێوەندی و رایەڵی هاوبەش.

* ئەوە چییە کە پێویستە لە کوردستان هەبێت و بکرێت لە نێوان ئیسلامییەکان و عەلمانییەکاندا، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆ هیچیان درکیان پێ نەکردووە و هەنگاویان بۆ نەناوە و پێی هەڵنەساون؟

– یەکەم شت دروستکردنی متمانەیە، لەگەڵ بوونی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی بەردەوام. تا قسە هەبێت کێشەکان کەمتر دەبنەوە، بەڵام کە قسە نەما تفەنگەکان دێنە دەنگ. کۆمەڵگەی ئێمە بێ ئەندازە زامدارە و هیلاکە، بەرگەی شۆک و کارەساتێکی جەرگبڕی تر ناگرێت. ئیسلامییەکان ئەگەر باسک و بازووی تۆڵە و شەڕانگێزی (جوندلئیسلام و کەتیبەکانی قاعیدە لە کوردستان) و لێدوانە ژەهراوییەکانی "مەلا کرێکار" واز لێ بێنن و عەلمانییەکانیش بەجۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ ئیسلامییەکاندا بکەن، ئەوا کەشێکی ئارامی وا دروست دەبێت کە مرۆڤ لە ژیانی خۆی و ئایندەی دڵنیا بێت و مەترسی تێکچوونی بارودۆخی ناوەخۆی کوردستانی نەبێت.

* زۆرجار ئیسلامییەکان هەندێک راڤەی خۆیان بۆ کۆمەڵێک بابەتی جیاواز و چەمک و رەهەند دەکەن کە لە کوردستان هەیە و تایبەتە کۆمەڵگەی کوردی لە چوارچێوەیەکی دینییەوە بۆی دەڕوانن، بەڵام عەلمانییەکان بەحوکمی ئەوەی خۆیان بە

موسڵمان دەزانن، زۆرێک لەو بۆچوونانە رەت دەکەنەوە. ئاخۆ بۆ زیاتر لێ گەیشتن و روونکردنەوەی ئەو شتانەی تەمومژیان لەسەرە لە نێوان هەردوولادا، ئێستا زەمەنی ئەوە نەهاتووەتە پێشەوە کە لە ئاستێکی زانستی گەورەدا دیالۆگی لێک حاڵیبوون ساز بدەن؟

- دواجار هەموومان دەبێت زمانی گفتوگۆ فێربین و دیالۆگ بکەین. دیالۆگ بووەتە زمانی دنیای شارستانی. ئەمڕۆ عەرەب و ئیسرائیلییەکان، ئیسلام و مەسیحییەت، سیرب و کۆسۆڤۆییەکان و.. هتد، دیالۆگ دەکەن و گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن. ئێمە لەگەڵ ولاتانی داگیرکەر دادەنیشن، کەواتە چ مانیعە کە لەناو خۆماندا گفتوگۆ بکەین. ئەو کێشانەش بە ساڵێک گفتوگۆ چارەسەر بێت، زۆر چاکترە لە رۆژێک گرژی و پێکدادان. ئەگەر هێزێک خۆی وەک هەقیقەتی رەها نمایش نەکات و دیالۆگ رەت نەکاتەوە، بۆ گفتوگۆی لەگەڵ نەکرێت. لە گفتوگۆدا زۆرترین شت دەبەینەوە و کەمترین شت دەدۆڕێنین.

**ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی**

دیمانە: سەلام عەبدولکەریم

---

* زۆرجار ئەو گلەیی و ڕەخنەیەت لێ دەگیرێ کە لە لێدوان و قسەکردنەکانتدا لەبارەی ئیسلامی سیاسی بەگشتی و ئیسلامی سیاسی کوردی بەتایبەتی، بە دیدێکی ئایدیۆلۆژییانەوە لێی دەڕوانی و لەسەری دەدوێیت؟

– ئەوانەی ئەم قسەیە دەکەن، ئەوانەن کە سەر بەهێزە ئیسلامییەکانن و هەواداری ئەوانن.. من سەرەتا وام دەزانی ئیسلامییەکان ئەم شتە تەنیا بە من دەڵێن، بەڵام دواتر تێگەیشتم کە ئەمە سیاسەت و ستراتیجێکی نەگۆڕی ئیسلامی سیاسییە و لە هەر جێگەیەکدا کەسێک ڕەخنە و گازندەی لە ئیسلامییەکان هەبێت، ئەوان ڕێک و ڕاست کۆمەڵێک شتی دەدەنە پاڵ ، وەک: (ناحەز بە ئیسلام، نەخوێندەوار، بێ ئاگا لە ئیسلام و مێژووی ئیسلامی، ڕەخنەگرتن بە دیدگایەکی ئایدیۆلۆجییەوە)، تا دەگاتە ئەوەی زۆرجارانیش تۆمەتی (جاسووسی و بە کرێگیراویشی) سەربار دەخەن.

ئیسلامییەکان وا ڕاهاتوون ئەوانەی مەدح و سەنایان دەکەن، بەکەسانی بە ویژدان و خوێندەوار و بابەتی وەسف بکەن، ئەوانەشی ڕەخنەیان لێ دەگرن بە ئایدیۆلۆجیست و نەخوێندەوار و ناحەز ناوزەندیان بکەن.

نموونەیەک دەهێنمەوە، ئێستا هیچ کەس هێندەی (ڕۆجێ گارۆدی و نەوام

چۆمسکی و ئیدوارد سەعید و گراهام فۆلەر)، بەویژدان و خوێندەوار و بیریاری قورس و سەنگین نییە. بەڕای ئیسلامییەکان ئەمانە کەسانێکن بەقووڵی لە ئیسلام و لە خواست و ویستی ئیسلامییەکان تێگەیشتوون، هەر تەنیا لەبەرئەوەی ئەمانە لەبری ئیسلامی سیاسی و تیرۆری فێندەمێنتالیزمی ئاینی، رووی رەخنەیان لە سیاسەتەکانی رۆئاوا و هەژموونگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. وەک ئاشکرایە ئەمانە سیانیان مەسیحین و یەکێکیان جووە.

لە بەرانبەردا هەموو ئەوانەی رووی رەخنەیان لە ئیسلامی سیاسییە، وەک (دانیال بابیس، سەلمان روشدی، ئۆریانا ڤالاچی، نەسر حامد ئەبوزەید، عەبدولوەهاب موئەدەب، بێرنارد لویس، محەمەد ئەرگۆن، فەرەج فۆدە، ئێرشاد مێنگی، تەسلیمە نەسرین)، ئایدیۆلۆجیست و نەخوێندەوار و داخ لە دڵ و بەکرێگیراون.

من تا ئەم ساتەوەختە کەسێکم نەدیوە رەخنەیەکی ئاراستەی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی کردبێت، وەکی خۆی وەرگیرابێت و تۆمەت و تانەی لێ نەدرابێت. بڕوانە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و چارەنووسی کەسانی وەک (عەلی عەبدولڕازق و تەها حسێن و قاسم ئەمین). لای خۆشمان بڕوانە (جەمال عیرفان و میرزا مەنگوڕی و عەبدولخالق مەعرووف). ئەم هەموو ناوەم بۆیە ریز کرد، تا بێ بەڵگە قسە نەکەم. ئەوەی ئێستاش بزووتنەوەی نەهزەی ئیسلامی توونسی و کەسی یەکەمیان "راشد غەنووشی" بە نووسەرێکی مەزن و ئیفلیجی وەک "عەفیف ئەخزەر"ی دەکەن، دەری دەخات کە ئیسلامی سیاسی بەرامبەر بەوانە بەچاوی رەخنەوە سەیریان دەکەن، زیاد لە چەک و ئامرازێکیان لە بەردەستدایە بۆ دژایەتیکردن، هەر لە تیرۆر و تۆقاندنەوە تا دەگاتە ناوبانگ زڕاندن و سووکایەتی پێکردنی وەک: (نەخوێندەوار و داخ لە دڵ و نەخۆش و... هتد).

ئیسلامییەکان بەو کەسانە بڵێن ئایدیۆلۆجیست و نەخوێندەوار، ئیتر دەبێت بە بابایەکی وەکی من چی بڵێن؟ ئەوان ئێستاش نەخوێندەوارترین کادیریان لاقرتێی بەرۆهەڵاتناس و مێژوونووسێکی گەورەی وەک "بێرناد لویس" دەکات.

من دەزانم وەک "د. نەسر حامد ئەبوزەید"یش بنووسم مادامەکی ستایشی ئیسلامی سیاسی و تیرۆر ناکەم، برادەران هەر دەڵێن ئەم پیاوە چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاودایە و بەدیدێکی ئایدیۆلۆجییەوە سەیری ئێمە دەکات. من لەم گەمەیە گەیشتووم، بۆیە ئێستا وەک سەرەتا هیچ خەمی پێوە هەڵناگرم و گوێی نادەمێ. من کاری خۆم دەکەم و بەردەوامیش دەبم.

* تا چەند راستە "شوان ئەحمەد" لە روانگەی تیۆری موئامەرەوە قسە لەسەر کار و پرۆژەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا دەکات، نەک لە روانگەی زانستییەوە. بەو مانایەی کە جیاوازی نابینێ لە نێوان هێزە ئیسلامییەکاندا، لە رووی ناوەڕۆکی گوتاری ئەو هێزانە و پرۆژە سیاسی و ئاینییەکانیان؟

– رەنگە وەڵامی پرسیاری پێشوو بۆ ئەم پرسیارەش دەست بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەم کەم تا کورتێک هەندێ شتی تریش بڵێم... ئەوانە کێن وا لە سەرەوە بە ڕاستە و پرگاڵ پۆلێنکاری دەکەن و تیۆریای موئامەرە و روانگەی زانستی جیا دەکەنەوە؟ ئەو بیریار و تیۆرسینانە کێن، مافی شتێکی وا بەخۆیان دەدەن؟ ئەو ئەکادیمیست و زانستخوازانە کامانەن ئەوەندە بەوردی و بەقووڵی، کار لەسەر بەرهەمی نووسەران دەکەن و نووسینی زانستی و لۆجیکی و ئەکادیمی، لە پۆخڵەوات و شەڕەنووسین جیا دەکەنەوە؟ من دەزانم ئەم قسانە سەرچاوەکەی بارەگای هێزە ئیسلامییەکانە، لەبەر ئەوە بەبێ ئیعتبارترین قسەی دەزانم. سەبارەت

بەوەش کە من جیاوازی نابینم لە نێوان هێزە ئیسلامییەکاندا، دەڵێم: (بەڵێ لە رووی تاکتیک و سیاسەتی رۆژەوە، جیاوازی لە نێوان هێزێک و هێزێکی تری ئیسلامیدا هەیە، بەڵام لە ستراتیجدا هەموویان یەک شتن). من کە ئەمەش دەڵێم پشت ئەستوورم بەخوێندنەوە و ئاگاداریم لە ئیسلامی سیاسی و لە مێژووی ئیسلامی، نەک سەرپێییانە و بەبێ ئاگایی حوکم بدەم.

* پێت وانییە لە قسەکردن و روانینت لەسەر کار و پرۆژەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، کەمتر کار بەمیتۆدی جیاکاری و سیستەمی پۆلێنکردن دەکەیت؟ وردتر بڵێین بۆ نموونە لای تۆ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیدا نییە؟ بەواتایەکی تر، تاچەند ئیعتیبار بۆ جیاوازییە فیکری و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەو دوو هێزە دادەنێیت؟

– بەڕای من بنیاتی کۆمەڵگەی کوردی ئەوەندەی لێکچوون بەرهەم دێنێت، ئەوەندە جیاوازی دروست ناکات. ئێمە کوڕی کولتوورێکین، عەیامێکە لەسەر لێکچوون و کوشتنی جیاوازی کار دەکات. لە دنیای سیاسی کوردیشدا، ئەم حاڵەتە زۆر بەزەقی دەبینین. پارتی و یەکێتی و سۆسیالیست و شیوعی و زەحمەتکێشان و تەنانەت دیموکرات و کۆمەڵە و پەکەکەش، چەند لەیەک دەچن. من دەزانم ئەمانە وەک دروشم و وەک تاکتیکی رۆژانە و وەک سیما و گوفتار زۆر جیاوازن، بەڵام جەوهەریان یەکە و بیرکردنەوەیان وەک یەک وایە. هێزە ئیسلامییەکانی کوردستانیش وەهان. کۆمەڵ و یەکگرتوو رەنگە لە رووکەشدا جیاوازی نێوانیان زۆر بێت، بەڵام لە جەوهەردا یەک شتن. ئێمە لە سەرەتای راپەڕیندا بینیمان هێزێکی وەک پاسۆک کە خواستی رزگارکردنی چوارپارچەکە و دروستکردنی کوردستانی گەورە بوو، چۆن

لەژێر باڵی حزبێکی وەک پارتی دیموکراتی کوردستاندا کە لە ئۆتۆنۆمی زیاتری داوا نەدەکرد خۆی تواندەوە.

من جیاوازی نێوان هێزە بەناو عەلمانییەکانی کوردستان چەند دەبینم، بەهەمان چاو لە جیاوازی نێوان هێزە ئیسلامییەکانیش دەڕوانم. ئەوەی دەتوانێت ئەو جیاوازییە قووڵانەش کەشف بکات، با بیکاتە نووسینێکی تۆکمە و پێشکێشمان بکات. کێ ناڵێت ئەو کات هەموومان قەناعەت ناهێنین؟! من جیاوازی رووکەش فریوم نادات. کە جیاوازی قووڵیش نەبینم، بۆ بەیەک چاو سەیری هەردوو بەرەکە نەکەم.

* بەڕای ئێوە هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان ئۆپۆزیسیۆنی سیاسین یاخۆ ئاینی؟ لە روانگەی هێزە ئیسلامییە کوردییەکانەوە شیکردنەوەت بۆ ئەو دوو چەمکە چییە؟

– لە راستیدا ئیسلامییەکانی کوردستان لە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسین و نەئاینین. لە کوردستانی دوای راپەڕیندا، گەر ئۆپۆزسیۆنێکی جیدی و کارا و راستەقینە هەبووایە، دۆخەکە بەم جۆرەی ئێستا نەدەبوو. لێرەدا گلەیی و رەخنەی گەورە رووبەڕووی کۆمەڵ و یەکگرتوو دەبێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوان وەک سێیەم هێزی سەر ساحەکە و بەهۆی ئەو قاعیدە جەماوەرییەی هەیانە، دەیانتوانی رۆڵی ئەکتیڤتریان هەبێت و جیاواز لە هێزەکانی تر ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە بوونایە، بەڵام ئەوان ئەمەشیان نەکرد.

* پێتوایە ئاراستە و هێزی عەلمانی بەکردەوە بوونی هەبێ لە کوردستاندا، بەگشتی و بەتایبەت یەکێتی و پارتی، لەسەر ئاستی سیاسی و گرووپ، لەسەر ئاستی گوتار و پرۆژەی هەمەلایەن بۆ کۆمەڵگە؟

– واقیعی حاڵی كوردستانی دوای راپەڕین پێمان دەڵێت: (هێزی عەلمانی بەكردەوە بوونی نییە). ئەم شتەش زۆر ئاشكرایە و پێویستی بەكەشف و هەڵكۆڵین و سۆراخكردنی قووڵ نییە، هەموو كەسێكی ئاسایی دەتوانێت بیبینێت. لە راستیدا ئەم حاڵەتە هەر تایبەت نییە بە كوردستان، بگرە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهانی ئیسلامی (توركیا و تونس)ی لێ بەدەر، هەموویان هێزی عەلمانی شەرمن و پاسیڤن و عەلمانیبوونیان، تەنیا وەك دروشم و وەك شتێكی رووكەش هەڵگرتووە، بەڵام لە جەوهەردا و لەسەر ئاستی گوتار و پرۆژەی هەمەلایەن، بۆ كۆمەڵگە شتێكی ئەوتۆ بەدی ناكەین. عەلمانییەتی هێزە سیاسییەكانی ئێمە، زیاتر بە عەلمانییەتی (ناسری) دەچێت كە نە پرۆژەیەكی دیاری هەیە و نە خاوەنی گوتارێكی تۆكمەشە ئەم عیلمانییەتە زیاتر لەسەر موجامەلەكردنی ئاین و هێزە تەقلیدی و كۆنەخوازەكانی كۆمەڵگە كار دەكات. بێگومان ئەم جۆرە سیاسەتەش ئاكامی كوشندە و خراپی لێ دەكەوێتەوە. هەلومەرجی سیاسی وڵاتی میسر لە دوای مردنی "عەبدولناسر"و جەزائیر لە دوای مردنی "هاواری بۆمیدیەن"، ئەوەمان پێ دەڵێت كە عەلمانییەتێكی شەرمن و بێ پرۆژە، عەلمانییەتێك كە لەسەر موجامەلەكردنی ئاین و هێزە كۆنسێرڤاتیڤەكان وەستابێت، چ بەرەنجامێكی خوێناوی و وتارێكی دەبێت. سیاسەتی هێزە بەناو عەلمانییەكانی كوردستان لە ئێستادا، ئێمە راپێچی ناو دۆزەخستانێكی وا دەكات. ئەوەی تا ئێستاش دۆخەكەی راگرتووە لە وڵاتی ئێمەدا، بوونی ئەمەریكایە لە عێراقدا نەك شتێكی تر. من دڵنیام پاشەكشەی ئەمەریكاییەكان بۆ ئێمە عاقیبەتی خێر نابێت، هەم لە بەرامبەر دەسەڵاتی مەركەز لە بەغدا و، هەم لە بەرامبەر هێزی ئیسلامییەكان لە ناوەخۆی كوردستاندا.

* زۆرجار هێزە ئیسلامییە كوردییەكان پاساویان ئەوەیە كە

دۆخێکی دیموکراسی راستەقینە لە کوردستاندا بوونی نییە، بۆیە توانای بوون بەئۆپۆزسۆنێکی سیاسی کارایان نییە؟

– رەخنەی بێ بناغە هەمیشە ئاراستەی دەرەوە دەکرێت. ئیسلامییەکان لە سیاسەتدا گەمەکارێکی لێزانن، بێ توانایی خۆیان لەوەی رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی کارا ببینن، بەوە پاساو دەدەنەوە کە دۆخێکی دیموکراسی راستەقینە لە کوردستاندابوونی نییە. ئەمە قسەیەکە مایەی پێکەنینە. ئەوانە خۆیان هێزگەلێکن، هیچ سەر و کارێکیان لەگەڵ دیموکراسیدا نییە. سەرەتای راپەڕین بوو کە "عەلی باپیر" بەپیتی درشت نووسی، ئێمە باوەڕمان بە دیموکراسی نییە. یەکگرتووش بە درێژایی چواردە ساڵەی تەمەنی ژمارەیەکی زۆری کادیرە خوێندەوارەکانی ریزەکانیان بەجێ هێشت، لەبەر ئەوەبوو کەمترین رووبەری دیموکراسی لەو هێزەدا نەبوو. هێزگەلێک ئەوە رەفتاری بێت، ئیتر چۆن دەبێت باس لە دیموکراسی بکات. بەدیوێکی تردا خۆ لە تورکیا ئەوەی هەیە دۆخێکی دیموکراسی راستەقینە نییە. لە تورکیا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی تا ئەوپەڕی لیبراڵیزم و دیموکراسی هەیە، بەڵام لە رووی سیاسییەوە وانییە. راستە لەوێ ئاڵوێردی دەسەڵات هەیە، بەڵام تا هەنووکەش ئەوەی حوکم دەکات و ئەوەی بڕیاری یەکلاییکەرەوە دەدات، ژەنەراڵەکانی سوپان نەک دەستەو لایەنێکی تر. کەچی لەناو ئەم دۆخەشدا پارتی داد و گەشەپێدان دێت، بەچاکترین شێوە رۆڵی خۆی وەک ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی وازی دەکات و دەگاتە کورسیی دەسەڵات.

نموونەی تورکیا، هەموو ئەو ئیدیعا بێ بناغانەی ئیسلامییەکانی ئێرە بەتاڵ دەکاتەوە. ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی کارا، چاوەڕێی دۆخی دیموکراسی راستەقینە ناکات، گەر وا بووایە تا هەنووکەش لە تورکیا "دەنیز بایکاڵ و تانسۆ چیللەر و حیکمەت چەتین و مەسعوود یەڵماز"، حوکمڕانییان دەکرد.

* سەبارەت بە دروستبوون و سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسیی کوردی لە کوردستاندا، ئاخۆ وەک زەرووڕەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لەدایک بوو، یان وەک درێژکراوەی گوتاری ئاینی ئیخوان موسلمینی جیهانی لە میسرەوە بەئێمە گەیشت؟ دەتوانیت خاڵە ئیجابی و سلبییەکانی سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی روون بکەیتەوە؟

– مێژووی دروستبوونی یەک بەیەکی ئەم هێزە ئیسلامییانەی کوردستان ئاشکرایە و لە بەردەستدایە. کەس پێویستی بەوە نییە رەنجێکی زۆر بە خەسار بدات، تا بزانێت ئاخۆ ئەمانە چۆن دروست بوون. ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، ئیسلامێک نەبووە بۆ کورد، بگرە ئیسلامێک بووە لە کورددا. واتە ئیسلامی سیاسی بەرهەمی بنیاتی کۆمەڵگەی کوردی نییە، بگرە لە کوردستاندا چێنراوە. هەڵقولاوی زەرووڕەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی نەبووە، ئەوەندەی درێژکراوەی هێزگەلێکی ئیسلامی بووە لە دەرەوەی کوردستان. سەبارەت بەم مەسەلەیە مێزگردێکی کاک (بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع و ئاراس فەتاح) هەیە، لە ژمارە دووی کۆواری (رەهەند)دا و تێیدا زۆر بەوردی باسی ئەم مەسەلەیە دەکەن. بەشێوەیەکی زۆر لۆجیکییانە، شێوازی دروستبوون و کارکردنی ئیسلامی سیاسیمان لە کوردستاندا پێ دەڵێن. بەڵێ من پێموایە یەکگرتوو درێژکراوەی گوتاری ئاینی ئیخوانە لە کوردستاندا. بزووتنەوە و کۆمەڵیش بەرهەمی شۆڕشی ئیسلامی بوون لە ئێراندا و زادەی قۆناغی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران عێراق بوو. هەرچی جوندولئیسلام و ئەنسار ئیسلامیشە، ئەوا ئاشکرایە کە دروستکراوی دەستی ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆریستی بوون.

* تا چەند پێتوایە ململانێی نێوان ئاراستەی عەلمانی و ئاراستەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، ململانێیەکی تەندروستە؟ بەڕای ئێوە ئایندەی ئەم ململانێیە بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟ سەرکەوتنی ئاراستەی عەلمانی و شکستهێنانی ئاراستەی ئیسلامی یاخۆ بەپێچەوانەوە؟

– ململانێی تەندروست زادەی کۆمەڵگە و کولتوورێکی تەندروستە، کۆمەڵگەی ئێمەش تا سەر ئێسقان کۆمەڵگەیەکی بێمار و نەخۆش و سەرگەردانە. کۆمەڵگەیەکە رۆحی فەردەکانی پڕیەتی لە رق و لە بوغز و لە لاموبالاتی و نابەرپرسیارێتی و خوێن ساردی. کۆمەڵگەیەکە لە ناوەخۆیدا پێوەندی تەندروستی نییە، ئیتر چۆن دەتوانێت ململانێکانی بەشێوەیەکی تەندروست بەڕێوەبەرێت. سەبارەت بەوەشی ئایندەی ئەو ململانێیە بەکوێ دەگات؟ ئەوا دەرگا بەرووی هەموو ئەگەرەکاندا کراوەیە. ئەگەر یەکێتی و پارتی ئەزموونی عەلمانییەکانی جەزائیر و فەڵەستین و تورکیا و میسر دووبارە نەکەنەوە، ئەوا بەئاسانی کوردستان ناکەوێتە ژێر چنگی ئیسلامییەکان. سیاسەتی یەکێتی و پارتی لە ئێستا و داهاتوودا دیاری دەکات، ئایندەی ئەو ململانێیە بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت.

* یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە ئایندەی سیاسی لە کوردستاندا لە قازانجی ئیسلامی سیاسیدایە، بەحوکمی ئەوەی تائێستا هێزە عەلمانییەکان (واتە یەکێتی و پارتی)، نەیانتوانیوە ئەدایەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە روانگەی چەمکی عەلمانییەتەوە پێشکێش بکەن و یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی عەلمانییەت کە خۆشگوزەرانییە، بۆ خەڵکی کوردستانی دابین بکەن؟

- منیش دەڵێم سیاسەتی یەکێتی و پارتی لە حەقدە ساڵی رابردوودا، خزمەتێکی زۆری بە ئیسلامییەکان کردووە. ناشیرینی یەکێتی و پارتی خەریکە ئیسلامییەکان دەکاتە فریشتە و فریادڕەس. خەڵکی ئێمە بەگشتی حەزیان بە چارەی ئیسلامی سیاسی نییە. کۆمەڵگەی ئێمە نایەوێت ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا بەدەستی هێناوە، لە سەدەی بێست و یەکدا تەسلیم بە ئیسلامییەکانی بکاتەوە. بەڵام ئەدای سیاسی یەکێتی و پارتی بەجۆرێک جاڕسکەرە، رەنگە بەئەندازەیەک کۆمەڵگەی کوردی تووڕە بکات، لە هەر هەڵبژاردنێکی داهاتوودا دەنگ بە ئیسلامییەکان بدەن.

سەروەختێک (حەماس) هەڵبژاردنەکانی فەڵەستینی لە (فەتح) بردەوە، رۆژنامەی (لۆمۆندی) فرەنسی پرسیاری ئەوەیان لە "مەحموود دەروێش"ی بەهەشتی کرد کە (ئەو هەڵبژاردنانە دەریانخست میللەتی فەڵەستین ئیسلامین و هەموویان هەواداری بزووتنەوەی حەماس و سیاسەتەکانی ئەون). لە وەڵامدا "مەحمود دەرویش" دەڵێت: (نەخێر من میللەتی خۆم دەناسم و ئەوانەی دەنگیان بە حەماس دا هەموویان هەواداری ئەو بزووتنەوەیە نین و ئیسلامی نین، ئەوانەن کە لە ئەدای سیاسی فەتح بێزار بوون و وەک تۆڵەکردنەوەیەکیش دەنگی خۆیان بەخشیوەتە حەماس). هیوادارم ئەم سیناریۆیە لە کوردستاندا دووبارە نەبێتەوە، دووبارەنەبوونەوەشی بەشێوەیەکی سەرەکی لە دەستی یەکێتی و پارتیدایە.

* پێت وا نییە هێزە خۆ بەعەلمانیزانەکان لە کوردستاندا تەنیا لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆجیا لەگەڵ ئیسلامی سیاسی لە ململانێدان، نەک لەسەر ئاستی پرۆژەی بەرفراوان و هەمەلایەن؟

- ئەم پرسیارە برێکی زۆر لە راستی تێدایە، چونکە (هێزە عەلمانییەکانی کوردستان) تا ئێستاش خاوەن پرۆژەی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی

بەرفـراوان و هەمـەلایـەن نین، هـەر بۆیە ملمـلانێکەیان کورت کـردووەتەوە بۆ ئاستی ئایدیۆلۆجی.

* بۆچـی زۆرجـار بەچاوی تـرسـەوە بۆ دەسـەڵاتگرتنـە دەسـتی ئیسلامییەکان دەڕوانی؟ ئەم ترسە بەچییەوە پێوەستە؟

- من بۆ خـۆم فـۆبیـام لە هەموو هـێزێکی تۆتـالیتـار و هـەمـوو دەسـەڵاتێکی شـموولی هەیە. مێژوو پڕیەتی لە ئـەزموونی ترسـناک و دۆزەخی حوکمـڕانی هێزە عـەقائیـدییـەکان. ئیسلامیـیـەکان کە دێنە سـەر حـوکم، هـەر بەتەنیا سیستەمی سیاسی ناگۆڕن، ئەوان یەکسـەر دەسکاری نەخشەی کۆمەڵایەتی دەکـەن و سیـستـەمـێکی کـۆنتـرۆڵ و چاودێری ورد پێـڕەو دەکـەن. سـەیری حوکمڕانی تاڵیبان بکە لە ئەفغانسـتان. بەعس بە هـەمـوو دزێوی و دڕندەیی خۆیەوە، سەفەر و سەیران و سەیرکردنی تەلەفزیۆن و سینەما و گوێگرتن لە مۆسـیـقـا و گـۆرانی قـەدەغـە نەکردبوو. قـەرەی هەندێ ئازادی شـەخـسـی و تایبـەتی نەدەکەوت، بەڵام ئیسلامـییـەکان دەست بۆ هـەمـوو شـوێنێک دەبەن، تەنانـەت بۆ خـەیاڵدان و فـانتـازیا و وەسـوەسـەکـانی ناخـیـشت. ئەزمـوونی حوکمڕانی ئیسـلامییـەکان لە ناوچەی هەڵەبجـە و خورماڵ و تەوێڵـە و بیارە، نموونەیەکی ترە. ئەو ناوچانە جگە لە خـۆیان و لە نمـوونەی خۆیان، جێگەی کەسی تری تێدا نەبووەوە. ئەوان کە بێن نموونەی خـورماڵ دەکەنە نموونەی هەمـوو کـوردسـتـان. من هـەرگـیـز ناتوانم لە فـەزایەکی وادا بژیم، ترسی من لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

* پێتوایە هێزە ئیسلامییەکان بەکردار بڕوایان بەمافە مەدەنی و دیموکـراسی و ئازادییـە تاکـە کـەسـیـیـەکـان هەبێ، بەتایبـەت لە کاتی باڵادەستی و نزیکبوونەوە لە تەختی دەسەڵات؟

– هەرگیز ئەوان کە لە پەراوێزی کۆمەڵگەدان بڕوایان بەو مافانە نییە و دژایەتی دەکەن، چ جای بگەنە دەسەڵات. ساڵانێک لەمەوبەر رێکخراوێکی هۆڵەندی هاتە سلێمانی و کۆرسێکی رۆشنبیری بۆ خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی شارەکە کردووە، تێیدا باسی ژیاندۆستی و هەندێ مەسەلەی ویژدانی و رۆحی و سێکسی تێدا دەکرا بەشێوەیەکی زانستی و بە بەرنامە. یەکگرتوو ئەمەی پێ قبووڵ نەکراو ژێر بەژێر ئەم کۆرسەی بە دەسەڵاتدارانی یەکێتی راگرت. خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ئەو هێزانەش وێنەیەکی بێ رتووشمان دەداتێ، گەر هاتوو گەیشتنە دەسەڵات چی دەکەن. نموونەی کۆماری ئیسلامی ئێران و سوودانی سەردەمی "تورابی"و "بەشیر"، شایەدحاڵێکی ترە.

* پێتوایە گرفتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، پێوەندی بەوە هەیە کە ئەم هێزانە هێزی کراوە و لیبراڵ نین و بڕوایان بەمۆدێرنە و عەلمانییەت نییە، یاخۆ ئەم هێزانە پرۆژەی حوکمڕانییان نارۆشنە و لە هەندێ باردا بەرەو دامەزراندنی قەوارەی ئاینی هەنگاو دەنێن، شێوازی پێڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی؟

– لە راستیدا ئیسلامی سیاسی لە وڵاتی ئێمەدا وەکو باقی هێزە سیاسییەکانی تری کوردستان و ناوچەکە، دنیایەک کێشە و گرفتی خۆی هەیە. هەر لە کێشەی بێبەرنامەیی و کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە، تا دەگاتە کێشەی بێ پرۆژەیی و نەبوونی دیدگایەکی روون لەسەر مەسەلەکانی رۆژ و ئیدارەدانی کۆمەڵگە و پێوەندیگرتن لەگەڵ جیهانی مۆدێرن و سەوداکردن لەگەڵ سەردەمی تازەی جیهانگیریدا.

ئەم هێزانە موبتەلای کۆمەڵێک کێشەی زۆرن، چ لەناو خۆیانداو چ لە

ئاست دەرەوەدا. سەیری حاڵی بزووتنەوەی ئیسلامی بکە کە کۆنترین ڕێکخراوی ئیسلامی سیاسی ئەم وڵاتەیە، ئەوسا تێ دەگەیت کە ئەمانە نوقمی چ کێشە و قەیرانێکن. هێزێکی وەک بزووتنەوە حاڵی ڕێکخراوەکەی خۆی پێ چاک ناکرێتەوە کە لە سنووری هەڵەبجە تێپەڕ ناکات، ئیتر چۆن کۆمەڵگەیەکی پڕ کێشە و قەیرانی وەک کۆمەڵگەی کوردی پێ ڕاست دەکرێتەوە؟!

**ڕۆژنامەی چاودێر**

دیمانە: عەبدوڵڵا ئەحمەد

---

* کە دەوترێت ئیسلامی سیاسی، مەبەست چییە؟ چی دەگەیەنێت و هەڵگری چ واتایەکە؟ لە کوێشەوە دەچێتەوە سەر ئاینی ئیسلام و لە کوێشدا جیا دەبێتەوە؟

– مەبەست لە ئیسلامی سیاسی، کۆی ئەو هێزانەیە کە دەیانەوێت ئیسلام وەک ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسی بەکاربهێنن. گرووپ گەلێکن پێیان وایە، لەیەک کاتدا ئیسلام ئاینە و دەوڵەتیشە. ئەم جەرەیانە بۆ خۆی دیاردەیەکی مێژوویی تازەیە، بەرهەمی قۆناغێکە کە دواکەوتوویی فیکری و کۆمەڵایەتی و ژیاری لە جیهانی ئیسلامیدا لەوپەڕیدا بووە. هەروەها هاتنە ئارای ئەم بزاوتە بەدیویێکدا، پەرچەکردارێک بوو بەرامبەر بە تەوژمی ڕۆئاواخوازی و لیبراڵیزم کە لە بەرایییەکانی سەدەی بیستەمدا، بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانی ئیسلامی گرتەوە. میسریش لە ریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەدا بوو کە لەیەک کاتدا مەڵبەندی هاتنە ئارای رەوتێکی لیبراڵی و بزاوتێکی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی بوو بەناوی ئیخوان موسلمین.

لە راستیدا دەتوانین بڵێین ئیسلامی سیاسی ئایدیۆلۆجیایە کە لە حەقیقەتی ئیسلام بێ ئاگایە. سەرلەنوێ خوێندنەوەی تێکستەکان و خوێندنەوەی مێژوو، ئاشکرای دەکەن کە ئەم ئایدیۆلۆجیایە چەند دوورە لە سەرچاوەی ئیسلامی راستەقینە. وەکی دەزانین دوو پایەیەک کە ئیسلامی

سـیـاسی لەسـەر دروست بووە، بریّتین لەوەی ئیـسـلام هـەم ئاینـە و هەم دەوڵەتە، لەگەڵ تەئکیدکردنەوە لەسەر حاکمییەتی یەزدان. ئەوە دوو جومگەی سەرەکی ئیسلامی سیاسییە کە لە سێ چارەکە سەدەی رابردوودا، تەواوی بزاوتە میانڕەوەکان جەختی لەسەر دەکەن و بڕوای تەواویان پێیەتی، بەڵام کاتێک دەکەوینە گەڕان و سۆراخکردن دەبینین چەمکی دەوڵەت نە باسی لە قورئاندا هاتووە و نە لە حەدیسدا. کەواتە ئیسلامی سیاسی لەمڕۆدا باس لە شتێک دەکات کە لە ئیسلامدا نییە. بەڵام ئەمە ڕێ لەوە ناگرێت بڵێین ئەم بزاوتانە کە تا سەر ئێسقان بزاوتگەلێکی سیاسین و ئامانجیان گەیشتنە بە کورسی حوکمڕانی، بەردەوام و لە سەرەتای دروستبوونیانەوە لە هەوڵی ئەوەدان بەرگی ئیسلامی بپۆشن و ئیدیعای ئیسلامیبوون بکەن.

ئەم کارەش بەو مەبەستە دەکەن تا لە ئۆپۆزسیۆندان، ڕێژەیەکی زۆری جەماوەر مۆبێلیزە بکەن و خەڵکێکی زۆر بکەنە هەوادار و لایەنگری خۆیان. هاوکات لە کاتی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتیشدا قودسیەتێک بدەنە خۆیان و ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە هەمووان دابخەن و خۆیان لەسەروو هەموو لێپرسینەوەیەک و ڕەخنەیەکەوە دابنێن. لەلایەکی ترەوە ئیسلامی سیاسی بەدرێژایی مێژووی خۆی لە "حەسەن بەننا"وە تا "زەرقاوی"، بەشێوەیەکی پراگماتی و ئینتیقائییانە مامەڵەی لەگەڵ دەقی قورئانی و حەدیسدا کردووە، تەنیا دەستیان بۆ ئەو ئایەت و حەدیسانە بردووە کە خزمەتیان بە خواست و مەرامەکانیان کردووە.

سەرنجێکی خێرای ئەدەبیاتی هەموو ئەو بزاوتە ئیسلامییانە بدەین کە بەدرێژایی سەدەی رابردوو تا ئەمڕۆ لە ئارادا بوون، دەبینین تەنیا تەئکیدیان لە رستێک ئایەت و حەدیس کردووەتەوە کە خزمەتیان بەخواستی سیاسی و ئایدیۆلۆجییان کردووە، لە بەرامبەردا بەشی زۆری ئەوەیان فەرامۆش کردووە کە لە قورئان و حەدیسدا هاتووە.

ئەم بزاوتانە لەگەڵ دنیای مۆدێرن و شارستانییەتی خۆرئاواشدا هەمان مامەڵە دەکەن. بەهەمان شێوە سەودایەکی پراگماتی و ئینتیقائییانە، لەگەڵ دەسکەوتەکانی جیهانی مۆدێرندا دەکەن. ئەوان لەلایەک تەواوی ئامێر و ئامرازە تەکنۆلۆجییە پێشکەوتووەکان بەکار دەهێنن کە بەرهەمی زانستی تازەیە و ڕۆئاوا سەرچاوەکەیەتی، بەڵام لە بەرامبەردا تەرێز لە سەرجەم ئەو فیکر و رۆشنبیرییە دەکەن کە ئەو ئامێرانەیان بەرهەم هێناوە. ئەوان کولتووری ڕۆئاوا رەت دەکەنەوە و دژایەتییەکی گەورەی مەسەلەگەلێکی وەک: (دیموکراسی و لیبراڵیزم و مافەکانی مرۆڤ و عەلمانییەت و تۆلێرانس و پلورالیزم و کۆمەڵی مەدەنی و ڕێزگرتن لە مافەکانی ژن و ژینگە پارێزی و هاوولاتیبوون) دەکەن، بەڵام بێ هیچ دوودڵییەک ئەو ئامێر و ئامرازە تەکنۆلۆجییانە بەکاردێنن کە کارئاسانییان بۆ دەکەن و لە جێبەجێکردنی پلانەکانیاندا کۆمەکییان پێ دەکەن. واتە ئیسلامی سیاسی وەک هێزێکی سیاسی ئایدیۆلۆجی کە ئاین وەکی دەستوێژێک بەکار دەبات لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا، بەشێوەیەکی ورد و زیرەکانە مامەڵەیەکی پراگماتی و ئینتیقائییانە لەگەڵ سەرچاوەکانی ئیسلام و دەستکەوتەکانی جیهانی مۆدێرندا دەکات.

هەروەها لە یادیشمان نەچێت ئیسلامی سیاسی کاتێک دێت و ئاین لە پێوەندییەکی رۆحی و میتافیزیکی نێوان مرۆڤ و یەزدانەوە دەگۆڕێت بە داوودەزگا، ئەو کات ئاین لە هەموو بوعدە رۆحانی و عیرفانی و ئەخلاقییەکانی خاڵی دەکاتەوە. لێرەوەیە ئیسلامی سیاسی دژایەتییەکی سەختی هەموو ئەو عارفە گەورە و ئیماندارە منەوەرانە دەکات کە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئیسلامیدا ژیاون. کەس نییە هێندەی ئەوانەی سەر بە ئیسلامییەکانن، داخ لە دڵ بن لە کەسانی وەک "سەهرەوەردی و ئیبن روشدو ئیبن توفەیل و محیەدین بن عەرەبی و حەللاج و رازی و کندی و فارابی ".

زەقترین نموونەیەکیش کە نیشانمان بدات ئیسلامی سیاسی ناچێتەوە سەر ئاین، هەڵوێستی بزاوتێکی رەجعی و دوژمن بە ژیانی وەک بزووتنەوەی تاڵیبانە لە ئەفغانستان، کاتێک لە سەروەختی حوکمڕانیکردنی ئەو وڵاتەدا کەوتنە وێرانکردنی پەیکەرەکانی "بووزا" لە بامیان. ئەمە لە کاتێکدا بەدرێژایی مێژووی ئیسلام و حوکمڕانی دەسەڵاتی ئیسلام لەو هەرێمەدا، ئەو پەیکەرانە هەبوون هیچ هەڕەشە و مەترسییەکیشیان لەسەر نەبووە.

ئەوانەی ئەمرۆ لەژێر ناوی ئیسلامی سیاسیدا کار دەکەن، مرۆڤگەلێکن لە چاکترین حاڵەتدا بازرگانی بە ئاینەوە دەکەن و ماناو بەهاکانی ئاین دەشێوێنن. هیچ کات هێندەی ئێستا ئاین لەژێر پرسیاردا نەبووە و تاوان و تیرۆر و تۆقاندن بەناوی ئاینەوە نەکراوە. ئەمڕۆ لە پای ئیسلامی سیاسی، خەڵکی بەگومانەوە لە مزگەوت و شوێنی خواپەرستی و سرووتە ئاینییەکان دەڕوانن. بەدرێژاییی مێژووی ئیسلامیش، هیچ گرووپ و تاقمێک هێندەی بزاوتەکانی ئیسلامی سیاسی وێنەی ئیسلام و پەیامەکەی تەڵخ نەکردووە. تەماشای واقیعی خۆمان بکە ئێمە لە دەرەوەی ئیسلامی سیاسیدا کەسانی وەک "شێخ محەمەدی خاڵ و مەلای گەورە و شێخ مارفی نۆدێ و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس"مان هەبووە، بەڵام لە سایەی رابوونی ئیسلامی سیاسیدا بووین بە خاوەنی جوندلئیسلام و گرووپەکەی "شێخ زانا".

* ئەم گوتارە چ پێوەندییەکی بە گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە هەیە؟ ئاخۆ راستە ئەم رەوتە درێژەپێدەری شەڕی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە، بەفۆرم و بە کەرەستەی جیاواز؟

- ئەڵبەتە ئەگەر لەمڕۆوە سەیر بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین خیتابی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و خیتابی ئسوڵییەکان یەک شتە. راستە ئیسلامی سیاسی لە سەرەتاکانیدا هەڵگری گوتارێک بوو تەواو جیاواز لە گوتاری

ناسـیـۆنالیـزمی عـەرەبی، یـان روونتـر بڵـێین هەڵگری گـوتارێک بوو دژ بە گـوتاری ناسـیـۆنالیـزمی عــەرەبی.. بەڵام ئەم دۆخــە زۆر ناخــایەنێت و هاوکێـشـەکە لەگـەڵ شکستی گـەورەی ناسـیـۆنالیـزمی عـەرەبی لـە شـەشی حوزەیرانی ١٧٦٧دا گۆڕانی بەسـەردا دێت. لەگەڵ شـکسـتی ئایدیۆلۆجیـای مارکسیزمیشدا لە کۆتایی هەشتاکاندا، ئیسلامی سیاسی دەبێتە مۆدێلی ئەلتـەرناتیـڤی ئایدیۆلۆجیـای ناسـیـۆنالیـزم و ئایدیۆلۆجیـای مـارکسـیـزم. شـۆڤـێنیـزمی عـەرەبی لە سـەروەختـی گیـانەڵایدا، پـاش شکسـتی جـەنگی دووەمی کەنداو، حیلفێکی جەهەنەمی لەگەڵ ئیسـلامی سیـاسیـدا دروست دەکـات و وەکی "بەخـتـیـار عـەلی "ش لە (وێنە و تراجـیـدیا)دا ئـامـاژەی پێ دەدات (ناسـیـۆنالیـسـتـەکـانی ناوچـەکـە- ئـەڵبـەتە بەناسـیـۆنالیـسـتی عـەرەبیـشـەوە- دوای هـەرەسـی هـەمـوو خـیـتـابە تەقلیـدی و مـۆدێرنەکـان، ئایدیۆلۆجیای ئاینی لەبەر دەکەن).

لێرەوە شـتێکی سـەیر نابێت کە ببینین، بزاوتە ئیسـلامییـەکان هـەسـتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی جۆش بدەن. هەرکەسێک گوێ لە وتارە ناوبەناوەکانی کـەسـانی وەک "ئوسـامـە بن لادن" و "ئەیمەن زەواهـری " بگرێت، تێ دەگـات ئەوانە وەکی دوو ناسیۆنالیستی توندڕۆی عەرەبی قسان دەکەن. ئەو دروشم و دەسـتەواژانـە دەڵێنەوە کە رۆژگـارێک "مـیشـیـل عەفلەق" "ئەلیاس فـەرەح" و "قسـتەنتین زریق" هـەڵگری بوون. فـەلەستینیش بەهـەمـان شێوە. "رنتیسی" و "شـەلح"، زۆر لە ناسیۆنالیستەکانی ناوچەکە ناسیۆنالستی ترن. هاوکـات ئیـسـلامی سـیـاسـی لە جیـهـانی عـەرەبیـدا، بووەتە پەناگـەی زۆربـەی زۆری مارکسیست و ناسیۆنالیستە توندڕۆکان. ئەوەی دەیبینین رۆژبەرۆژ گرووپە ئیسلامییـەکان قـەسابخـانەی خوێناویتر دروست دەکـەن و وەحشیگەرانەتر رەفـتـار دەکـەن، ئـەمـەش بـەرەنجـامـی تێکەڵبوونی شـۆفـێنیـزمی عـەرەبییـە بە رادیکاڵیزمی ئیسـلامی. سـەرنجدان لە واقیـعی حاڵی شارەکـانی باشـوور و ناوەڕاسـتی عـێراق، دەری دەخـات گـرووپە ئیـسـلامـیـە تیـرۆرسـتـەکـان ئەو

چەترەن کە پیاوکوژەکانی بەعس و دارودەستەکانی "سەدام حسێن"ی کۆ کردووەتەوە. بەدڵنیاییەوە ئیسلامی سیاسی لەمڕۆدا درێژەپێدەری شەڕی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە، بە فۆرم و کەرەستەی جیاواز. تەعبیرە لە شکست و قەیرانە قووڵەکانی جیهانی عەرەبی، ئەو جیهانەی جگە لە بوغز و ڕق و مەرگدۆستی هیچی تری نییە پێشکێش بە دنیای تازە و مرۆڤایەتی بکات.

* بەعس وەک قوتابخانەیەکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئاراستەیەکی شۆڤێنی لە جیهانی عەرەبیدا، لە قۆناغەکانی کۆتاییدا بەتایبەت لە دوای جەنگی دووەمی کەنداو تێکشکانی لە بەرامبەر لەشکری خۆرئاوا و ئەمەریکا لە کوێت، گەڕانەوەیەکی توندی دەس پێ کرد بۆ کولتووری ئیسلامی لەژێر ناوی (الحملة الایمانیة)دا. واتە پرۆسەیەکی ئاینی سیاسی دەس پێ کرد. لە دوای رووخانی ئەم رێژیمەش رەوتی ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیزمی عەرەبی سەر بە مۆدێلی بەعسی، لەیەک سەنگەردا وەستانەوە دژی لەشکری رۆئاوا و گۆڕان بە ڕووی دیموکراسیدا. خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئێوە بۆ ئەم پرۆسەیە چییە و چ ئاماژەیەکی لێ وەردەگری؟

– رەنگە لە پرسیاری پێشوودا کەم تا کورتێک وەڵامی ئەمەم دابێتەوە، بەڵام دەکرێت لێرەدا هەندێک سەرنج و تێبینی تر بخەمە ڕوو. بەعس تەنانەت بەرلەوەی دوچاری شکستی سەربازی بێت لە بەرامبەر هێزەکانی ئەمەریکادا لە دووەم جەنگی کەنداودا، دەیزانی تەنیا هێزە کۆنسێرڤاتیڤ و رەجعییەکان پشتیوانی لێ دەکەن و سەنگەر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگرن. هەمووومان دەزانین کە لەماوەی گرتنی کوەیت و دەستپێکردنی هێرشەکانی ئەمەریکا بۆ سەر عیراق، بەغدا و کۆشکی کۆماری "سەدام حسێن" بەنهێنی و بەئاشکرا، بووبووە مەیدانی تەڕاتێن و

سەفەری مەکووکی سەرکردەی بزاوتە ئیسلامییەکان. هەر لە "عەباس مەدەنی "یەوە تا زۆر کەسایەتی ناسراوی تر. هاوکات ئیخوانی جیهانی بەئاشکرا دایانە پاڵ "سەدام حسێن" و کەوتنە ئیدانەکردنی رۆئاوا و ئەمەریکا. سەروەختێکیش بەعس بەزەلیلی و زامداری لەو جەنگە هاتەدەر، بۆ درێژەدان بەمانەوەی خۆی پەنای بردە بەر (الحملة الايمانية) و عێراق لەو مێژووەوە بووە مەڵبەندی گرووپە تیرۆریستەکانی دنیا. بەر لە ڕووخانی رێژیم هۆردوویەک تیرۆریستی رێکخراوی (قاعیدە) بۆ بەرگریکردن لە سەرانی بەعس، رژانە شارەکانی عێراق و دوای ژێرەو ژووربوونی حوکمی "سەدام حسێن"یش، وڵات بوو بە مەڵبەندی کاری تێکدەرانەی ئەو گرووپانە. ئەمرۆ لە عێراقدا دەبینین چۆن ئیسلامی سیاسی بووەتە بازووی پتەو و باسکی بەهێزی شۆفێنیزمی عەرەبی و لەژێر بەیداخی جیهاد و گیانبازیدا، چ مەرگەساتێک دەخوڵقێنێت.

پرۆسەی بەیەکداچوونی بەعسیزم و ئیسلامیزم لە بەرامبەر ڕۆئاوادا، هەوڵێکە بۆ برەودان بە ئایدیۆلۆجیایەکی تۆتالیتاری داخراو و پەکخستنی ئەو پرۆژە لیبراڵی و دیموکراسییەی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا لە هەوڵی جێبەجێکردنیدایە. بەعسیزم و ئیسلامیزم دوو هێزن، فۆبیای گەورەیان لە گۆڕان و بەها نوێکانی جیهانی تازە هەیە. دوو ئایدیۆلۆجیان لە فەزایەکی دیموکراسی و کراوە و لیبراڵدا ناژین. لەناو کولتوورێکی ئینسانی و شارستانیدا هەڵناکەن و قودرەتی قبووڵکردنی جیاوازی و فرەڕەنگییان نییە. ئەمانە هێزگەلێکن دەیانەوێ خۆیان نەک بەهێزی فیکر و هێزی گوتارەکانیانەوە بسەپێنن، بگرە دەیانەوێت بەزەبری توندوتیژی ئەوە بکەن. سەرەتای هەریەک لە بەعسیزم و ئیسلامیزمیش بەتوندوتیژی و خوێن دەست پێ دەکات. پێوەندی کۆنکرێتی نێوان ئەم دوو ئایدیۆلۆجیا فاشی و مەرگدۆستە، ئەوەیە کە لە قەیرانێکی قووڵدا دەژین و لە ڕووی مێژووییشەوە لە ئاسۆیەکی داخراودا دێن و دەچن و هەردووکیان یەک چارەنووس

چاوەڕێیانە. ئەم تەحالوف و هاوپەیمانێتییەی نێوان بەعسیزم و ئیسلامیزم، زۆر بەهاوپەیمانێتی فاشیزم و نازیزم دەچێت لە سەروەختی دووەم جەنگی جیهانیدا. قەدەری لیبراڵیزم وەها بووە بەدرێژاییی مێژووی خۆی، هەمیشە ئایدیۆلۆجیا تۆتالیتاری و مەرگدۆستەکان لە دژیدا دەست لەناو دەست بوون. دوێنێ فاشیزم و نازیزم، ئەمڕۆش بەعسیزم و ئیسلامیزم.

* ئەگەر ئیسلامی سیاسی گەڕانەوە بێت بۆ شوناسێکی کۆنینە لەبەردەم پرۆسەی بەرهەمهاتنی شوناسێکی نوێ لەناو کۆمەڵدا، تا چەند پێت وایە ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی عەرەبییە، بەواتای گەڕانەوە بۆ ئەدەبیات و کولتووری ئیسلامی سیاسی و بە رووکردنە تەفسیرێکی عەرەبییانە بۆ ئیسلام؟

– بێگومان لە "عەبدولڕەحمان کەواکبی" یەوە تا "زەرقاوی"، هەوڵێکی بێ ئامان لە گۆڕێدایە بۆ رووکردنە تەفسیرێکی عەرەبییانە بۆ ئیسلام. لەمڕۆشدا کە تیۆرسین و سەردەستە و هەڵسووڕانی گرووهەکانی ئیسلامی سیاسی لە سەرتاسەری جیهاندا کەسانی عەرەبین، سەیر نییە ببینین هەوڵی ئیسلامی سیاسی بۆگەڕانەوە سەر شوناسێکی کۆنینە، پرۆسەیەکی عەرەبییانە بێت. مەترسی گەورەی ئەم پرۆسەیەش بۆ سەر کورد و واقیعی کوردستان لە ساتەوەختی ئێستادا، لەوەدایە کە ئەوە شۆڤێنیزمی عەرەبییە ئیسلام ئاراستە دەکات و ئیسلامگەراکانی لای خۆیشمان، لەلایەن ئەو هێزەوە رێنوێنی دەکرێن. سالانێک بەر لە ئێستا برای "بەختیار عەلی" لەم مەترسییە بەئاگای هێنایەنەوە و نووسیبووی (ئیسلام لە ئاستی ناوچەکەدا نوێنەری ناسیۆنالیستە بالادەستەکانە و نەبووەتە ئیسلامێک بۆ کورد، بگرە ئیسلامێکە لە کورددا). یاخۆ دەڵێت: (تا ئەمڕۆ ئیسلام لە کوردستان، درێژکراوەی سیاسەتی ناسیۆنالە بالادەستەکانە). گەر وانەبێت ئێمە لە دوای بەهاری ئازادی و دەرکردنی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعسەوە، بۆ

دەکـەوتینە بەر ڕەحـمـەتی شـالاوی نـاوی عـەرەبی و بـۆ ناونـانی مـندالّ بەکوردی، بە کوفر و بیدعە و گوناهی مەزن حساب دەکەین.

* بە ئیسـلامیکردنـی دەولّەتی عێراقی، چ جۆرە مـەترسییـەک بۆ گەلی کوردستان دەنێتەوە؟

– ئەم پرسیارە راستەوخۆ پەلکێشمان دەکاتە ناو مەسەلەی عەلمانییەت و جیاکردنەوەی دین لە دەولّەت.. ئەلّبەت بەئیسلامیکردنی دەولّەتی عێراقی هەر بەتەنیا مـەترسی بۆ سـەر پاشـەڕۆژی کوردسـتان نابێت، هەر بە تەنیا ئەم هەرێمـە ئازادەی ئێمـە نیگەران ناکات، هەر خـەونی ئێمـە لـە بارنابات، بگرە پرۆسـەی بە ئیسـلامیکردنی دەولّەت لەیەک کـاتدا، زیان بـە کـورد و تەواوی پێکهاتەکانی گـەلی عێـراق و ناوچەکـە و پرۆژەکـانی ئـەمـەریکا و تەواوی جیهان دەگەیەنێت.

لێک جیانەکردنەوەی ئاین لە دەسەلاّتی سیاسی دۆزەخێک دەخولّقێنێت، چون دۆزەخەکەی سەروەختی حوکمڕانی تالّیبان لە ئەفغانستان.. ئەوەندەش ئەزمـوونی مـێـژووی تـالّ و تفت لە بـەردەسـتدایە، دەرهـەق بە حـوکـمـڕانی دەسـەلاّتی تیـۆکـراتی لـە ڕۆهـەلاّت و ڕۆئـاوای ئەم سـەرزەمـینەدا کـە لەناوهێنانی بسلّەمینەوە و خـەم دامان بگرێت.. ئەگەر ولاّتە یـەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەسـەلاّتی "سـەدام حسێن"ی بۆ ئەوە لەناو بردبێت تا لە جێگایدا حـوکـمی ولایەتی فـەقیـهـە دابنێت، ئەوا هەلّەیەکی کـوشندە دەکات و گـەلی عێـراق لە دۆزەخـێکەوە دەگوازێتـەوە بۆ دۆزەخـێکی تر. دەرگـای کـرانەوە و نووسینـەوەی مێژوویەکی تازە کلّـۆم دەدات.. پێـمـوایە ولاّتە یکگرتووەکانی ئەمـەریکا هەمـوو راسـتگۆیـیـەکی خـۆی دەدۆڕێنێت و ناوچەکـە و جیـهـان، تەسلیم بە چارەنووسێکی بەد و تاریک دەکات. ئاخـر ئێمـە هـەر دوێنێ بوو بینیمان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، شارەکانی کوردستان چۆن خـەلّتانی

خوێن کران و چۆن چریکەی ئازادییان تێدا خەفە کرا.

قوتبوونەوەی دەوڵەتێکی ئاینی لە عێراقدا، گەڕانەوەی رەورەوەی مێژووە بەرەو دواوە. گەڕانەوەیە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و دادگاکانی پشکنین. گەڕانەوەیە بۆ مێژووی خەفەکردنی ئازادییەکان و مەسخکردنی مرۆڤەکان.

ئێمە لە پرۆسەی بە ئیسلامیکردنی دەوڵەتی عێراقدا، مەترسی گەورەمان رووبەڕوو دەبێتەوە. مەترسی ئەوەی لە باشترین حاڵەتدا، برایەکی موسڵمان دەبین. ئەمەش بەواتای سڕینەوەی تەواوی مافە نەتەوەیی و نیشتمانی و کولتوورییەکانمانە. من لە دەوڵەتێکی وادا چاوەڕوانی چارەنووسێک دەکەم، بەدتر لە رۆژگاری حوکمڕانی بەعس و "سەدام حسێن".

* لە دەستووری عێراقیدا جەخت کراوەتە سەر ئەوەی، نابێت یاسایەک دەربچێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی ئاینی ئیسلام و دیموکراسی. ئاخۆ ئێوە ناکۆکییەک لەناو ئەو بڕگەیەدا دەبینن؟

– هەموومان دەزانین پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور لە هەلومەرجێکی دژواری وەک ئەمڕۆدا، چەند کارێکی زەحمەتە. بەتایبەت ئەگەر بمانەوێت، دەستوورێکی مەدەنی و لیبراڵی و عەلمانی بێت.. بەداخەوە ئەوەی لە دوای نۆی نیسانی ٢٠٠٣ دەیبینین، ئەوەیە کە هێزگەلێکی ئاینی لەسەر ساحەکەن و ئیسلامی سیاسی (تایپە سونییەکەی) هاوپەیمانی "سەدام حسێن"ەو (تایپە شیعییەکەشی ) ئەلتەرناتیڤی بەعسە. لە بەرامبەردا ئەوەی هیچ وجوودی نییە، هێزی عەلمانی و لیبراڵییە. تەوژمی مارکسیزم و کودەتاکەی ١٩٥٨، ئەو نووزە لیبراڵییەی کوشت کە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا هاتە ئارا. چل ساڵەی حوکمڕانیکردنی بەعسیش، ئەگەری لەدایکبوون و دروستبوونی هەر هێز و گرووپێکی لیبراڵی لەبار برد..

سەرەنجام ئەوەی لەو فەزا داخراوەدا بووە هێزی جەماوەری و سەرەکی، ئیسلامی سیاسی بوو. بەتایبەت پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە تاران. هێنانەوەی ئاین لەلایەن ئەم هێزانەوە بۆ پرۆسەی سیاسی و نووسینەوەی دەستوور لە داهاتوودا، کێشەی گەورە دروست دەکات کە بێگومان بەزیانی گەلانی عێراق و خودی ئیسلام کۆتایی دێت.

* تا چەند ڕاستە خەونبینین بە عێراقێکی دیموکراسی و فیدراڵ و ئازاد، بێ بەرجەستەکردنی عەلمانییەت لەناو دەزگا و دامەزراوەکانیدا؟

– بەبڕوای من ئومێد خواستن بە عێراقێکی لیبراڵ و دیموکراسی و فیدراڵ ، بەبێ بوونی عەلمانییەت وەهمێکی گەورەیە و درۆکردنە لەگەڵ خۆمان. مەرجی یەکەمی بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەرقەراربوونی دیموکراسی و دەستەبەرکردنی ئازادییەکان، لە سیستەمێکدا دەبێت عەلمانی بێت. بێ بوونی عەلمانییەت، قسەکردن لەو شتانە سەفسەتەیەکی پووچ و بەتاڵە. ئەوەی لە غیابی عەلمانییەتدا هەیە، هەر بەتەنیا درۆزنە ئازادی و وەهمی دیموکراسی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ناتەندروستە و هیچیی تر. ئەزموونی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە سایەی حوکمڕانی تیۆلۆجیای مەسیحیدا، پێمانی دەڵێت کە بەر لە هاتنی عەلمانییەت و پراکتیزەکردنی لەسەر زەمینەی واقیع، هیچ یەک لەو چەمکانە حزووریان نەبووە و لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوسای ئەوروپادا کاریان پێ نەکراوە. ئەوە تەنیا دوای چەسپاندنی عەلمانییەتە، ئەوروپاییەکان دەتوانن بەهرەمەند بن لە دیموکراسی و بەئازادانە رەفتار بکەن و مرۆڤ شەرم لە خۆی و جەستە و ئارەزووەکانی نەکات و بتوانێت بێترس و نیگەرانی تامی ژیان بکات. لە ئێستادا کاری گرینگ ئەوەیە کورد و ئەو نوخبە عەلمانی و لیبراڵییەی لە عێراقدا هەیە، شەڕ لە پێناو هێنانە ئارای سیستەمێکی

عەلمانیدا بکەن، چونکە بە سەپاندنی وەها سیستەمێک دەتوانین دیموکراسی و ئازادییەکی راستەقینە دەستەبەر بکەین.

لەم سەروبەندەدا نابێت هەوڵ و تەقەللای سەرکردایەتی سیاسیی کورد بۆ هێنانە ئارای سیستەمێکی عەلمانی لە عێراقدا، لە چەسپاندنی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان کەمتر بێت، چونکە لە هەموو هەوڵێک بۆ هێنانە ئارای سیستەمێکی عەلمانی و رێگەگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتی ویلایەتی فەقیە لە عێراقدا، دواجار بەقازانجی کرانەوەی زیاتر و دیموکراسی زۆرتر دەشکێتەوە. بەوە تەواو دەبێت کە رووبەرووی ئازادییەکان گەورەتر و فەزای بەدیهاتنی خەونی مرۆڤەکان فرەوانتر بێت. ئەوانەی بەڵێنی عێراقێکی دیموکراسی و فیدراڵ و ئازادمان دەدەنێ، بەبێ بەرجەستەکردنی عەلمانییەت لەناو دەزگا و دامەزراوەکاندا، چاوبەستێکی گەورەمان لەگەڵ دەکەن و بەڵێنێکی بێ بناغەمان دەدەنێ .

نەبوونی سیستەمێکی عەلمانی وا دەکات گەر ئەو شتانەشمان هەبێت، ئەوا کۆمەڵێکی مەدەنی ئیفلیج و دیموکراسیەتێکی بێ ناوەڕۆک و ئازادییەکی رووکەشمان هەبێت. پێم وابێ ئەو هێز و لایەنانەی خەمی دوارۆژی ئەم میللەتەیان هەبێت و سەرگەرمی هێنانە ئارای وڵاتێکی مۆدێرن و شارستانی بن کە لە دنیای ئەمڕۆدا پێگەیەکی شیاوی هەبێت، خەباتێکی شێلگیرانە لەو پێناوەدا دەکەن و دەشتوانن بەو کارەیان سەرەتای مێژوویەکی تازە لەم وڵاتە و ناوچەکەدا بنووسنەوە.

**ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت**

دیمانە: سۆران عەزیز

---

* بۆ قسەکردن لەسەر هەر چەمکێک دەبێت سەرەتا قسە لەسەر توانای کۆمەڵگە بکەین لەسەر عەلمانییەت، ئاخۆ کۆمەڵگەیەکی ئاینی چۆن دەتوانێت عەلمانییەت وەک پرەنسیپ قبووڵ بکات؟

– ئەڵبەتە قبووڵکردنی هەر چەمکێک و دیاردەیەکی نوێ لەلایەن کۆمەڵەوە، بەندە بە ئاستی گەشەکردن و کرانەوەی ئەو کۆمەڵگە خۆیەوە. کۆمەڵگەیەکی ئاینی داخراو، زەحمەتە جێگای هیچ شتێکی تازەی تێدا ببێتەوە و مەحاڵە گۆڕانکاری ناوەکی و ریشەیی تێدا روو بدات. بۆ نموونە لەسەر زەمینی تاڵیباندا، هیچ شتێکی مۆدێرن قبووڵ نەدەکراو گۆڕانکاری وەک کوفر و بیدعەیەکی گەورە سەیر دەکرا، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی کراوەدا و لە ژینگەیەکدا کە ئاستی هۆشیاری لە هەڵکشاندا بێت، پەسەندکردنی گۆڕانکاری و گەشەکردن بەڕووە ئیجابییەکەیدا کارێکی هێندە قورس و گران نییە. بێگومان ئێمە کە لێرەدا بە موشەخەسی مەبەستمان پرسی عەلمانییەت بێت، ئەوا دەتوانین لەسەر قبووڵکردن و نەکردنی لە کۆمەڵگەیەکی ئاینیدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە قسە بکەین:

راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە بۆ یەکەم جار عەلمانییەت لە ڕۆئاوادا هاتە ئارا، واتە عەلمانییەت چەمکێکە بەرهەمی پرۆژەی رۆشنبیری ڕۆئاوایە و مێژووی ئەوروپا دروستی کردووە. بیریشمان نەچێت ئەو چرکەساتەشی

عەلمانییەتی تێدا دەرسکێ، کۆمەڵگەی ئەوروپی سەرلەبەر کۆمەڵگەیەکی ئاینی بووە. عەلمانییەتیش بۆ ئەوە هات، تا ئەو قەیرانە کوشندانەی کۆمەڵگەی ئاینی ئەوروپی چارەسەر بکات. عەلمانییەت کە بەمانای جیاکردنەوەی دەسەلاتی رۆحی و زەمینییە، لەلایەن ئەو نوخبە رۆشنبیرەی رۆژئاواوە بۆ ئەوە هات تابەر بەو شالاوی خوێنرشتن و ماڵوێرانییە بگرێت کە بەرەنجامی تێکەڵکردنی ئەو دەسەلاتانە بوو. واتە لە رۆژئاواشدا کە عەلمانییەت دێت، لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی ئایندا سەر دەردێنێت. قبووڵکردنیشی بەندە بە رادەی سووربوونی هەڵگرانی ئەو چەمکە، لەسەر پراکتیزەکردنی لە واقیعدا. هەروەها بەندە بەو ئومێد و رێگاچارانەشی کە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، بۆ تێپەڕاندنی دۆخێکی ناهەموار و جەهەنەمی، رووەو قۆناغێکی تری ئارامی و سەقامگیر و پڕ دڵنیایی. مێژووی عەلمانییەت لە رۆژئاوادا وانەیەکمان پێ دەڵێت کە قبووڵکردنی ئەو چەمکە لە فەزایەکدا کە تیۆلۆجیستەکان حوکمی تێدا دەکەن و شەڕی مەزهەبی و ئاینی بڕستی لەبەر بریوە، کارێکی هەروا ئاسان نییە و رەنج و کۆششێکی تاقەت پرووکێنی دەوێت. نوخبەی رۆشنبیری ئەوروپیش لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییەدا بوو، بۆیە لێبڕاوانە ئەو کارەیان تا دوامەنزڵی خۆی گەیاند.

* "بەختیار عەلی" پێیوایە عەلمانییەت یان دیموکراسی، دەبێت ببێتە زەروورەتی کۆمەڵگە. ئاخۆ چۆن دەتوانین عەلمانییەت بکەینە زەروورەتی کۆمەڵگەی کوردی؟

– هەر کۆمەڵگەیەک لە دنیای ئەمرۆدا بیەوێت لە رەوتی شارستانییەت جێ نەمێنێت و بەشدارییەکی کارای هەبێت لەسەر گۆی ئەم هەسارەیە، ئەوا پێویستی بە تەبەنیکردنی تەواوی ئەو پرەنسیپانە هەیە کە بوونەتە پرەنسیپ گەلێکی گەردوونی و گەلانی شارستانی و پێشکەوتوو کاری پێ دەکەن.

دیموکراسی و عەلمانییەت و تۆلێرانس و کۆمەڵگەی مەدەنی و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، لەمڕۆدا لە ریزی پێشەوەی ئەو زەرووراتانەدان کە پێویستە هەموو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن باوەشیان بۆ بکاتەوە و کاریان پێ بکات. ئەگەرنا دەبێت دەرگا بەسەر خۆیدا دابخات و وەکی رێژیمی پێشووی تاڵیبان، لە دەرەوەی مێژوودا بژی . لە راستیشدا بۆ ئێمە و لەم چرکەساتەدا عەلمانییەت و دیموکراسی، ئەوەندە پێداویستییەکی حەیاتین کە لە ئاستی ناوەخۆدا ئاشتییەکی کۆمەڵایەتیمان بۆ بەرقەرار دەکەن و لەسەر ئاستی دەرەکیش، کەناڵی پێوەندی و تێکەڵبوونمان بە دەوروبەر و کولتووره جیاوازەکانی جیهانەوە بۆ فەراهەم دەکەن.

* ئێمەی کورد چۆن دەتوانین فۆرمەلەی پرۆژەیەکی وەک عەلمانییەت بکەین، لە کاتێکدا عەلمانییەت باس لە کردنە دەرەوەی ئاین دەکات لە بواری سیاسەت و دەسەڵات، جگە لەمەش کاریگەری پرۆژەیەکی ئاوا لەسەر ژیانی ئێمە چی دەبێت؟

– فۆرمەلەکردنی پرۆژەیەکی وەک عەلمانییەت لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردیدا، پێوەندی بەهێز و توانا و کاراییی ئەو بکەرە کۆمەڵایەتییانەوە دەبێت کە هەڵگری پرۆژەیەکی وان. ئەوانە تا چەند بتوانن شێلگیرانە کار بکەن و بەشێوەیەکی جیدی ئەو مەسەلەیە تەرح بکەن، ئەوەندە ئەگەری سەرکەوتنی جێگیربوونی پرۆژەیەکی وا لە واقیعی کوردەواریدا گەورە دەبێت. لە پرسیاری پێشوودا کەم تا کورتێک باسم لەوە کرد کە کاریگەری پرۆژەیەکی وا لەسەر ژیانی ئێمە چی دەبێت.

* یەک لە رێگرە گەورەکانی بەردەم عەلمانییەت و دیموکراسی لە وڵاتی ئێمەدا خێڵ و عەشرەتە، چۆن دەتوانین باس لە نەمانی ئەم کۆسپە گەورەیە بکەین، لە کاتێکدا تا ئێستاش حزبەکانی ئێمە

بەگشتی خەریکی تۆخکردنەوەین؟

– لە راستیدا بەشێکی زۆری شکستی پرۆژەی عەلمانییەت لە ڕۆهەلاتدا، ئۆبالّی بەئەستۆی ئەو هێز و دەسەلاتە شەرمن و ناکارایە کە ویستی سەپاندنی عەلمانییەت بووە. کاری ئێمەش لەم شانزە سالّەی دوای بەهاری ئازادیدا، دەقاودەق کۆپیکردنەوەی ئەو ئەزموونە شکست خواردوو و ناچێزانەی دەوروبەر و ولاتانی ئیسلامی بووە. واتە ئیدیعاکردنی عەلمانییەت و مۆدێرنە، لەگەلّ موداراکردن و تۆخکردنەوەی هەموو ئەو بنەما تەقلیدی و کۆنسێرڤاتیڤیانەی رێگرن لەبەردەم پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن و پێشکەوتندا. قەیران و شکستی پرۆژەی مۆدێرنە لای ئێمە و تەواوی ولاتانی ناوچەکە، بەشێکی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

* بۆچی کۆمەلّگەی ئێمە ئەوەندە بەگومانەوە دەڕوانێتە عەلمانییەت؟

– ئەوە هەر بەتەنیا کۆمەلّگەی کوردی نییە کە بەگومانەوە لە عەلمانییەت دەڕوانێت و وەکو پەتا و شتێکی گلاو مامەلّەی لە تەکدا دەکات. ئەم حالّەتە لە تەواوی ولاتانی ئیسلامیدا هەیە و هەنووکەش بەردەوامە. عەلمانییەت وەکی لە سەرەتادا ئاماژەم پێ دا، لەبەرئەوەی هەلّقولاوی کولتووری ڕۆئاواییە و جەخت لە جیاکردنەوەی دەسەلاتی ئاینی لە دەسەلاتی سیاسی دەکاتەوە، هەمیشە لەلایەن پیاوانی ئاینی و گرووهە موحافیزکارەکانەوە وەکو بەلا و موسیبەتێک سەیر کراوە.

لە راستیدا دوای دروستبوونی ئیخوان موسلمین و گرووهە ئیسلامییەکانی تر، ئەوەندەی تر ئەم چەمکە لە ئەدەبیاتی ئەو هێزانەدا بەدناوتر کرا، چونکە ئەوان چاک دەزانن سەرکەوتنی عەلمانییەت و چەسپاندنی لە کۆمەلّگادا، دەبێتە مایەی سەندنەوەی تەواوی ئەو دەسەلاتە

مادی و مەعنەوییانە. عەلمانییەت ئاین لە دەسەڵاتێکەوە بۆ لە قاڵبدانی ژیان، دەکاتە مەسەلەیەکی شەخسی و کایەکی ڕۆحی کە مرۆڤەکان بە بێدەنگی و دوور لە هەر زەبرو زۆرێک مومارەسەی دەکەن. ئیسلامییەکان و هێزە کۆنسێرڤاتیڤەکان بۆ پاراستنی هەیبەت و دەسەڵات و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی خۆیان، هەمیشە وایان کردووە عەلمانییەت بەشێوەیەک وێنا بکەن کە هاوتای بەدڕەوشتی و بێ باوەڕی و کوفر و ئیلحاد بێت. هەر ئەم پاشخانەشە وای کردووە لە کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی تردا، وێنەیەکی شێواوی عەلمانییەت هەبێت و لەسەر ئەم وێنە شێواوەش تێگەیشتنێکی سەقەت و نادروست بەرامبەری بینا بکرێت.

* بۆچی حزبەکانی ئێمە نەیانتوانیوە کادیر و لایەنگرانی خۆیان لەسەر عەلمانییەت و دیموکراسی گۆش بکەن، ئاخۆ نەیانتوانیوە یان نەیانویستووە؟

– هەر هێز و لایەنێک گەر بیەوێت ئەم چەمکانە لە واقیعدا پراکتیزە بکات و هەوادارانی خۆشی پێ گۆش بکات، بێگومان دەبێت چەکدار بێت بەفیکر و جیهانبینی نوێ. پێویستە ڕۆشنبیر و تیۆریزەکاری وای هەبێت توانای خوێندنەوە و تویژیزەکردنی واقیع و دەوروبەری هەبێت، بەڵام کە هیچ یەک لەمانە لە ئارادا نەبوو، بێگومان قودرەتی گەیاندنی بچووکترین دەستەواژەت نابێت. بەکورتییەکەی حزبەکانی ئێمە خاڵین لە فیکر و بێبەشن لە هەر جیهانبینییەک.

* بۆچی پارتی و یەکێتی نەیانتوانیوە، عەلمانییەت لە دروشمەوە بکەنە ئەمری واقیع؟

– بەشێکی وەڵامی ئەم پرسیارە لە وەڵامی پێشوودایە. هاوکات پارتی و

یەکـێـتـی وەک زۆر هـێـزی تـری ئەم ناوچـەیە، لە هـەوڵی مـوسـایـەرەکـردنی واقـیـعـدان، نەک لە خـەمی گـۆڕانـی واقـیـعدا بـن. ئەمـانە دوو هـێـزن شـوێن کۆمـەڵگە دەکەون و ئەوە دەکـەن کە کۆمـەڵگە دەیکات، نەک بە پێـچـەوانەوە هێزی پێشڕەو بن و لە هەوڵی ئەوەدا بن کۆمەڵگا بەرەونوێبوونەوە بەرن. هەر بۆیە ئەم دوو هێزە ئەگەر لە هـەندێ قۆناغـیـشـدا ئـیـدیعـای شـتـێکی تازەیان کـردبێت، ئـیـدیعـاکـردنێکی زۆر شـەرمنانە و کـورتخـایەن بووە و دواتـر لێی پەشیمان بوونەتەوە. ئێستا کادیرێکی ئەو دوو حزبە نییە بزانێت شوناسی ئەو حزبەی کاری تێدا دەکات چییە؟ عەلمانییە، موحافیزکارە، ئاینییە، یان سۆسیال دیموکراتە. رەنگە پێت بڵێن هەموویا نین و لە راستیشدا هیچیان نەبن.

* رایەک هـەیە دەڵێت: (عـەلمانـیـیـەت یان دیمـوکـراسـی، کـاتێک دەچەسپێت کە پارتی و یەکێتی بە قاعیدە و قەواعیدیانەوە ببنە دیموکراسی)، بۆ ئەمەیان دەڵێی چی؟

– نا، مـەسـەلەیەکی وا هـەر تەنیـا دەرگیری ئـەو دوو هێزە نییـە، ئەگـەرچی ئەوان پشکی شـێـریان لەو پرۆسـەیەدا بەردەکـەوێت. لە راسـتـیدا واقـیـعی کۆمـەڵگەی ئێمـە واقیعێکی ئاڵۆزە و بڕیاردانیش لەو مـەسـەلانە بە تەنیا لە دەستی ئەم هێز و ئەو هێزدا نییـە، بەڵام بەو پێیەی ئەو دوو حزبە کـە ماوەی شـازدە سـاڵە فـەرمـانڕەوایی ئەم وڵاتە دەکەن، دەیانتـوانی بنەمـایەکی پتـەو و کۆنکرێتی بۆ عەلمانییەت و دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و مـافی مرۆڤ و لێکبووردن دابڕێژن.

* ئەگەر پارتی و یەکێتی پێناسـە بکەین، دەتوانین بڵێین عەلمانین، دیموکراسین، ئاینن، نەتەوەیین یان عەشایەرین؟

– کێشەیەکی گەورەی ئەم دوو حزبەی ئێمە ئەوەیە ناچنە ژێر باری هیچ پۆلێنکردنێکەوە، ئەمانە هەموو ئەوانەن و هیچیشیان نین. خۆزگە ئەم پرسیارەت لەوانە دەکرد کە کادیر و لایەنگری ئەم دوو هێزەن، تا وەڵامێکی دروستمان دەسگیر بێت.

* ئیسلامییەکانیش ئێستا باسی دیموکراسی دەکەن، ئاخۆ ئیسلامیزم تا چەند لە هەناوی خۆیدا جێگەی بۆ دیموکراسی هەیە، یان ئاخۆ ئەم دوو چەمکە گرفتەکانیان چییە؟

– ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ دوو بەرەن. بەرەیەکیان کە جیهادییە رادیکالەکانن، بە ئاشکرا نەفرەت لە هەموو ئەو چەمک و وتەزایانە دەکەن کە سەرچاوەیان شارستانییەتی ڕۆئاوایە، لەوانەش عەلمانییەت و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ.

بەرەکەی تریان کە میانڕەوەکانیان پێ دەڵێن، ئەمانە وەکی تاکتیک و فریودانی بەرامبەر، جارناجارە وەکی دروشم و ئیدیعای بێ بناغە باس لەو وتەزایانە دەکەن و بەخەڵکی دەفرۆشنەوە، بەڵام لە چاکترین حاڵەتدا ئەمانەش باوەڕیان پێ نییە و وەکی تاکتیکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. دواجار باس و خواسی ئیسلامییەکان لەمەڕ دیموکراسی، جگە لە درۆیەکی شاخدار هیچی تر نییە.

* لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا هێزە ئیسلامییەکان بڕێکی بەرچاوی دەنگەکانی خۆیان دۆڕاند و تەنانەت یەکگرتن لەگەڵ هێزە سیکۆلارەکانیش، نەیتوانی ئەم هاوکێشەیە بگۆڕێت. چۆن ئەم بابەتە لێک بدەینەوە؟

– ئەوەی ڕاستی بێت هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان، زۆر شتی ژێرەوژوور کرد و زۆر هاوکێشەی گۆڕی. ئەم هەڵبژاردنە بووە مایەی تێکدانەوەی قەناعەتگەلێک بەزۆر شت کە لە مێژووی هەژدەساڵەی دوای ڕاپەڕیندا، وەکی بەڵگە نەویستێک و وەک پێدراوێکی هەقیقی سەیر دەکرا. لێرەوە ئێمە لەبەردەم دوو قۆناغ و دوو سەردەم و دوو مێژووی تەواو جیاوازداین. من پێموایە ڕێژەی ئەو دەنگ و متمانە پێ بەخشینەی خەڵکی لەم هەڵبژاردنەدا بە ئیسلامییەکان، بەراورد بەدەنگی هەڵبژاردنەکانی پێشوو واقیعییانەتر و ڕاستتر بێت و سەنگ و قورسایی (کۆمەڵ و یەکگرتوو)مان وەک دوو هێزی سەرەکی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، وەک خۆی پیشان بدات. ڕەنگە بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم قسانەش کەمێک پێویستمان بەڕوونکردنەوە و شەنوکەوکردنی ئەو سیاقە و سەردەمانە هەبێت کە هەندێ جار وای دەکرد یان وا دەهاتە بەرچاو، گوایە ئیسلامییەکان دووەم هێزی گەورەی کوردستان بن و بەدیل و ئەڵتەرناتیڤی (ی. ن. ک) و (پ. د. ک)بن. وەک ئەوەی ساڵانێکی زۆریش پێش ئێستا ئەمە

نەک هەر قـەناعـەتی خـەڵکی ئاسـایی بوو، بگرە بۆچوونی ڕۆشـنبـیـران و تیۆریسەنە عەلمانی و لیبراڵەکانیش بوو.

ئەوەی وای کرد لە هەڵبژاردنەکانی پێشـوودا ئیـسلامـیـیـەکان دەنگی زۆر بێنن و لـە ڕووی جـەمـاوەرییـەوە قـەبەبن و وەکـی ئەڵتـەرنـاتیـڤـێکی رەوشـی نالەباری کـوردسـتـان سـەیر بکرێن، نە قـەنـاعـەتی خـەڵکی ئـەم وڵاتە بوو نە نایابی و تێر و تەسـەلی بەرنامەی کاری ئەو هێزانە بوو، بگرە راستەوڕاست بەرهـەمی سیاسـەتی چەوتی (ی. ن. ک) و (پ. د. ک) و گەمـارۆی ئابووری و شـەڕی خـوێناوی و تـاقـەتپـڕووکـێنی ناوەخـۆ و گـەنـدەڵی و بێکاری بوو. نارەزایەتی زۆری خـەڵکی بەشـمـەینەتی ئێـمـە لە هێـزە حـوکـمـڕانـەکـانی کـوردسـتـان و لە غیـابی بەدیلێکی کـارای لیبراڵی عـەلمانیدا، وای کـرد دەوری هێزە ئیـسلامیـیەکان قـەرەباڵغتر بێت و لە کاتی دەنگدانیـشدا رێژەی دەنگی ئەو هـێـزانـە لە سـەرووی ئـاسـتی چاوەڕوانی نەک خـەڵک و خـوا، بگرە کاربەدەستانی بالای (کۆمەڵ و یەکگرتوو) شەوە بێت.

یەکێک لە قەناعەتە نەگۆڕەکانی خۆم ئەوەیە، هیچ میللەتێک (بەتایبەت لەم سـەردەم و زەمـانەدا) و لەم ناوچەیە، خـۆشـحـاڵ نیـیـە هێـزێکی دینی رێبـەرایەتی بکات و مـەگـەر حـوکـمی ناچاری نەبێت (ناچاری لە نێـوان بەرداشی هێزێکی حوکمڕانی گەندەڵ و نەبوونی هێزێکی لیبراڵ و عەلمانی کـارای ئۆپۆزسـیـۆندا). لێـرەوە مـیللەتانی چەند وڵاتێک بەحـوکـمی ئەو ناچارییـەی لەسـەرەوە ئاماژەم پێ دا، وەک تۆڵەسـەندنەوەیەک لە هێزگەلێکی سیاسیی فاسید کە هەموو شتێک دەکەن جگە لە حوکمڕانیکردنێکی راست و دروست نـەبێت، هـەمـوو هـێلکـەکـانی خـۆیـان دەکـەنـە سـەبـەتەی هێـزە دینییـەکان و ئومێدی گۆڕانکاری بەواندا هـەڵدەواسن. دوو نموونەی دیار و بەرچاو لەم رووەوە تورکـیـا و فـەڵەسـتـینە. ئەوە گـەنـدەڵی و تالانکاری و مەحسووبیەتی "یاسرعەرەفات"و بزووتنەوەی (فەتح)ە، وا دەکات رۆژ لە دوای

رۆژ ئەستێرەی بەختی ڕێکخراوی (حەماس) و "شێخ ئەحمەد یاسین و عەبدولعەزیز ڕەنتیسی و خالید مەشعەل و ئیسماعیل هەنیەیە"، لە درەوشانەوەدا بێت و خەڵکی بێچارەی ئەو وڵاتە وەک فریادڕەسێک لێیان بڕوانن. سەردەمێک (حەماس) هەڵبژاردنەکانی فەڵەستین لە (فەتح) دەباتەوە، زۆرباش بیرم نەماوە کام ڕۆژنامەی فەرەنسایە لە "مەحموود دەرویش"ی شاعیر دەپرسن و دەڵێن: (ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنە ئاشکرای کرد فەڵەستینییەکان میللەتێکی ئسووڵین و هەموویان هەواداری حەماسن). لە وەڵامی ئەو وتانەدا "مەحموود دەرویش" دەڵێت: (ئێوەو زۆرێک لە میدیای ڕۆئاوا بەهەڵەدا چوون، ئەوانەی دەنگیان بە حەماس دا، زۆربەیان نەئسووڵین و نەقەناعەتیان بە بەرنامە و دنیابینی و سیاسەتی ئەو هێزە هەیە. ئەوان وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لەو هەموو ناهەقییەی دەستودایەرەکەی عەرەفات و لە غیابی ئەڵتەرناتیڤی تردا، دەنگەکانی خۆیان بەخشییە حەماس و بەڵێیان بۆ کرد). ئەم سیناریۆیەش لە سەروەختی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیادا دووبارە بووەوە. ئەوەی وای کرد وڵاتێکی تەمەن هەشتا ساڵەی عەلمانی دەنگ بە "مەروە قاوقچی "و (ئەکەپە) بدات، ئیفلاسی سیاسی و ئەخلاقی (مەهەپە) و (چەهەپە) و هێزە عەلمانی و لیبراڵی و سۆسیال دیموکرات و چەپەکانی ئەو وڵاتە بوو.

لە کوردستانی خۆشماندا هەمان شت بوو. میللەتی ئێمە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە لە پاڵ شەڕی نەتەوایەتیدا، شەڕی مەدەنییەت و کرانەوە و تازەبوونەوە و دیموکراسی و لیبراڵی دەکات. خێرە ئێستا و لە بەراییەکانی سەدەی بیست و یەک و لە سەردەمی جیهانگیری و تێکەڵبوونی کولتووریدا، حاشا لەو هەموو خەون و خەبات و دەستکەوتانە بکات و خۆی تەسلیمی هێزگەلێکی ئسووڵی بکات. نائومێدکردنی خەڵک لەلایەن هێزە دەسەلاتدارەکانی کوردستانەوە و شەڕی ناوخۆی (ی. ن. ک) و (پ. د. ک)، ئاوی کردەوە ئاشی ئسووڵی ئیسلامی لە کوردستاندا.

له کتێبی (وەڵام لە ڕۆژگاری ونبوونی پرسیاردا) و لەو گفتوگۆیەی من لەگەڵ "بەختیار عەلی "دا کردوومە ڕاستی پێکاوە کە دەڵێت (هەموو جەنگێک زیندووکردنەوەیەکی گەورەی ئیسلامی سیاسییە). واتە گەورەبوونی ئیسلامی سیاسی لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردیدا، بەشێکی زۆری ئۆباڵی بە ئەستۆی (ی. ن. ک) و (پ. د. ک). ئەوە ئەوان بوون لە ماوەی چوارساڵ سەرقاڵبوونیان بەگرتنی کەپکی حەمەد ئاغا و ئەو گرد و ئەم تەپۆڵکەوە، کوردستانیان خستە بەردەم هێزە دینییەکان تا تەڕاتێنی تێدا بکەن و گەرای خۆیانی تێدا بخەن. ئەمە یەکێکە لەو پەڵە تەڵخ و تاریکانەی مێژوو، لەسەر هەردوو هێزی حوکمڕانی کوردستان تۆماری دەکات. لێرەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت ئەوەی ئیسلامییەکان لەم هەڵبژاردنەدا بەدەستیان هێنا دەنگی ڕاستەقینەی خۆیان بوو، چونکە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە، کوردستان دۆخێکی سیاسی ئارامتر و ئاستێکی بژێوی و ئابووری بەرزتر دەگوزەرێنێ و هاوکات هاتنە ئارای لیستێکی عەلمانی و لیبراڵی وەک لیستی گۆڕانیش، بووە مایەی تەکینەوەی خەڵک و سەندنەوەی دەنگێکی زۆر لەو هێزانە.

ئیسلامییەکان ناهەمواری ڕەوشی ئابووری و سیاسی کوردستان و نەبوونی بەدیلێکی عەلمانی و لیبراڵی کارا، تووشی ئەو واهیمەیەی کردبوون کە ئەو ڕێژە زۆرەی دەنگدانی هەڵبژاردنی پێشوو دەنگی ڕاستەقینەی جەماوەر و هەوادارانی خۆیانە، بەڵام هەر هێندەی ئەو دوو هۆکارە بوونیان نەما، ئیسلامییەکان بەڕێژەی ٥٠٪ دەنگەکانیان دۆڕاند. ئەگەرچی لەم خولی هەڵبژاردنەشدا، بوونە هاوپەیمانی (سۆسیالیست و زەحمەتکێشان). دواجار دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێت کۆمەک پێکردنی (کۆمەڵ و یەکگرتوو) بە ( یەکێتی و پارتی)، بۆ تێپەڕاندنی ئەو دەستوورە کۆنەپەرستانەی پەرلەمان لە دواساتەکانی مانەوەی خۆیدا دەری کرد، هۆکارێکی تری تووڕەکردنی خەڵک بوو لە خۆیان. ئەمانە دەتوانن

یارمەتیدەرمان بن بۆ ئەوەی بزانین، ئیسلامییەکان بۆ ئەو ڕێژە زۆر کەمەی دەنگیان هێنا.

* ئاخۆ دەتوانین کەوتنی ڕێژەیی ئەم هێزانە بۆ دەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان بگێڕینەوە؟

– بێگومان، وەک لە پرسیاری پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد بەشێکی لە دەستدانی یان دابەزینی دەنگی هێزە ئیسلامییەکانی وەک (کۆمەڵ و یەکگرتوو)، بۆ پەیدابوون و هاتنە ئارای هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بەدیلی یەکێتی و پارتی دەگەڕێتەوە کە ئەویش لیستی گۆڕانە. هەموو دەنگە نارازییەکانی ئەم هەژدە ساڵەی کۆمەڵگەی ئێمە لە سەروەختی ئەو هەڵبژاردنە کەمانەی کە کراون بۆ ئیسلامییەکان چوون، بەڵام ئەمڕۆکە بەشی زۆری ئەو دەنگانە دەڕژێنەوە سەرچاوە سەرەکییەکەی خۆیان. دەرکەوتنی لیستی گۆڕان چەند بۆ هەردوو هێزی دەسەڵاتدار جاڕسکەر بوو، بۆ ئیسلامییەکانیش مایەی دڵخۆشی نەبوو، لەبەر ئەوە هەموو دەنگە نارەزاییەکانی لێ سەندنەوە و چانسی بوون بەدووەم هێزی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی پێڕەوانە بینین.

* ئەی کاریگەری ئەزموونی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە و ئاستی جیهانی لەسەر ئەم کەوتنە چەند بووە؟

– ئەمەیان ڕەنگە کاریگەری هەبووبێت، بەڵام کاریگەرییەکی لاوەکی و ناڕاستەوخۆ. ئەوانەی پێشتر باسم کردن کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناوەکی و جەوهەری بوون. ئەوەی ناوچەکە و جیهانیش کاریگەری تەنک و لابەلا بوون. بەڵام گەر خەریتەی ئەم ناوچەیە بێنینە بەرچاوی خۆمان، درک بەپاشەکشەی ئیسلامی سیاسی دەکەین. نموونەش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوەیت و لوبنان و ئێران و هەروەها هەڵبژاردنە

شارەوانییەکانی تورکیایە کە تێیدا (دەتەپە) لە زۆر شوێن پاشەکشەی بە (ئەکەپە) کرد، وەک هێزی گەورە و حوکمڕانی وڵات.

* ئاخۆ ئەم کەوتنە چەندە پێوەندی بە باوبوونی گوتاری مافەکانی مرۆڤەوە هەیە لە ئاستی جیهانیدا؟

– وەک ئاماژەم پێ کرد لەم سەردەم و زەمانەی مێژووی مرۆڤایەتیدا کە سەردەمی کرانەوە و تێکەڵبوونی کولتووری و بە جیهانیبوونە، هیچ میللەتێک ئامادە نییە چارەنووسی خۆی رادەستی هێزی ئاینی داخراو و نەریتخواز بکات. واتە بچێتەوە ناو چوارچێوەیەکی تەقلیدی و خۆی لە هەموو ئەو دەستکەوتە گرینگانەی جیهانی مۆدێرن دابڕێت کە مرۆڤایەتی، بۆ ژیان و خۆشنوودیی خۆیان لێی بەهرەمەند بوون. بێگومان مەسەلەکانی وەک (دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، کۆمەڵگەی مەدەنی، لێبوردەیی، پلورالیزم و رێژەییبوونی حەقیقەت و... هتد)، کاریگەری گەورە و گرینگیان لەسەر پاشەکشەپێکردن و بچووککردنەوەی هەموو هێزە ئسووڵی و تۆتالیتار و داخراوەکان دەبێت.

* ئەم هێزانە چەندە ڕۆڵیان لە دیموکراتیزەکردنی کارەکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا هەبووە؟ ئاخۆ کاریگەرییان ئیجابی بووە؟

– ئەو هێزانەی لە کوردستاندا بەناو هەڵگری پرۆژەی دیموکراسی و عەلمانی و لیبراڵین، ڕێگر بوون لە دیموکراتیزەکردنی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان، چ جای ئەوانەی هێزی دینین و خەمی سەرەکییان پراکتیزەکردنی شەریعەت و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتە. ئێمە بۆ ئەوەی ئاستی دیموکراسیبوونی هێزێک بسەلمێنین، بەرلەوەی بێین لەبارەی کاریگەری و

شوێن دەستی لەسەر کۆمەڵگا قسە بکەین و دەرئەنجامەکانی بە سلبی و ئیجابییەوە باس بکەین، دەبێت سەیری مومارەسەکردنی ئەو پرۆسەیە لەناو چوارچێوەی خودی حیزب و رێکخراوەکەدا بکەین. لێرەوە ئەگەر سەیری پێکهاتەی حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان بکەین، دەبینین وەک باقی هێزەکانی تری ناو کۆمەڵگەی ئێمە سەرکردەیەک (ئەبەدی) لە سەرەوەڕا، جڵەوی ئومووری رەعیەت دەکات و دیموکراسییەت وەک مومارەسە غایب و وەک دروشم ئامادە. هەر بۆیە ئەو هێزانە کە لەناوەخۆیاندا وەها دیسپلین کرابن و بەو شێوازە رەفتار بکەن، دەیان دروشمی بریقەداری دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاش هەڵگرن، ناتوانن بستێک دیموکراسی بەرنە پێش و کاریگەریی ئیجابی لەسەر پرۆسەیەکی وا زیندوو و حەیاتی دابنێن.

* داهاتووی ئەم هێزانە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ ئەویش لە کاتێکدا هێزە ئیسلامییەکان لە نزیکی کوردستان، لە پەلەقاژەی مانەوەن لە نێوان دیموکراسی و بە سیاسیکردنەوەی راستەوخۆی ئایندان؟

– سەروەختێک پەلامارە تیرۆریستییەکەی سێشەمی رەش یاخۆ (یانزەی سێپتەمبەر) رووی دا، ئیسلامناس و رۆهەڵاتناسی فرەنسی "جیل کیبل " باسی لەوە کرد کە لەگەڵ داڕمانی هەردوو تاوەری بازرگانی جیهانی لە (مانهاتن)، ئیسلامی سیاسیش بوو بەژێر داروپەردووەکانییەوە و سەرەتای کۆتایی ئەو بزووتنەوەیە دەستی پێ کرد کە لە ساڵی ١٩٢٨وە بەردەوامە. لە دوای ٢٠٠١/٩/١١ گرنگترین پرسیارێک کە دەکرێت و دووبارە دەبێتەوە ئەوەیە (داهاتووی ئیسلامی سیاسی بە چی دەگات؟). ئەڵبەت بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرینگ و هەنووکەییە، زیاد لە بۆچوون و زیاد لە دیدگا و ئەگەرێک هەیە. هەندێک پێیان وایە ئەوەی لەگەڵ یازدەی سێپتەمبەردا کۆتایی دێت هەموو ئیسلامی سیاسییە، بەڵام بۆچوونێکی تر پێی وایە

ئەوەی لەو چرکەساتەدا پایانی دێت مۆدێلی ئیسلامی سیاسی توندڕۆیە، واتا ئەو باڵە رادیکاڵە پەرگیرەیە کە لە کلێشەی قاعیدە و تاڵیبان و هاوشێوەکانیاندا خۆی نمایش دەکات. لە بەرامبەریشدا باڵە میانڕەوەکەی ئیسلامی سیاسی دەمێنێتەوە و دەتوانێت کاری ئاشکرای خۆی بەشێوەیەکی ئسووڵی و دیموکراسی بکات. بەشێکی زۆری بڕیار بەدەستانی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکاش، لەگەڵ ئەم بۆچوونەیاندا کۆک و تەبان و پێیان وایە، ئەو هێزە ئیسلامییانەی دوورن لە توندڕەوی و بڕوایان بەپێکەوە ژیان و دیالۆگ و هەڵکردن لەگەڵ ئەوی تردا هەیە و دیموکراسی و عەلمانییەت و پلورالیزم رەت ناکەنەوە، دەتوانن پێگەی خۆیان لەسەر نەخشەی سیاسیی وڵاتەکانیان قایم بکەن و ببنە بەشێک لە سیستەمی نوێی جیهان. لەم سەروبەندەدا (ئەکەپە) ئەو نموونەیە بوو کە لە دوای رووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەرەوە هات و جیهانی ڕۆئاواش قبووڵی کرد.

تەواوی ئیسلامی سیاسی بەوانەی کوردستانیشەوە لەژێر جەبری گۆڕانکارییەکانی دنیای تازەدا، دەبێت بگۆڕێن و دنیابینی و بەرنامەی سیاسی واقیعیانەتر پەیڕەو بکەن، ئەگەر نا دەچنە پەراوێزی مێژووەوە. ئەو هێزانەشی ئێستا لە چواردەورمان و لە ناوچەکەدا لە پەلەقاژە و پاشەکشەدان، بەرەنجامی دژایەتیکردنی دنیای تازە و کرانەوە و نوێبوونەوەیە. کاتی خۆی لە تورکیا (فەزیلە) و (سەعادە) لەسەر ئەو ریتمی دژایەتیکردنە دەجووڵان، بۆیە ئەستێرەی بەختیان ئاوا بوو. بەڵام (ئەکەپە) کە هات و ئەو ریتمەی گۆڕی، گرەوی بردەوە. هەر بۆیە مانەوە و نەمانەوە، گەورەبوون و بچووکبوونەوەی ئەو هێزانە لە کوردستان و چواردەوریشماندا، گرێدراوی ئەو شێوازی رەفتار و سیاسەتکردنەیە لەبەرامبەر نۆرم و بەهاکانی جیهانی نوێدا پەیڕەوی دەکەن کە دیموکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و مافەکانی مرۆڤ، لە هەرە جومگە سەرەکییەکانییەتی.

**ڕۆژنامەی جەماوەر**

دیمانە: میران عوسمان

---

* ئەگەر سەرنجی ئیشکردنی ئیسلامی سیاسی بدەین، دەبینین جۆرە ئیشکردنێکە دژ بە ناسیۆنالیزم، بەوەی ئەم بیرۆکەیە بیرۆکەیەکی رۆئاواییە و هەروەها لەلایەکی ترەوە خودی ئیسلام فیکرێکی شمولی هەیە نەک فیکرێکی نەتەوەیی. گەر ئەم تێڕوانینە راست بێت بۆ ئیشکردنی ئیسلامی سیاسی، ئاخۆ بەهەمان فۆرم و بە هەمان ئاراستە ئیشکردنی ئیسلامی سیاسی دەبینرێت لە کوردستاندا، یاخۆ لە شێوازێکی تر و فۆرمێکی تردا ئەو جۆرە ئیشکردنە دەبینرێت؟

– بەو پێیەی ئیسلامی سیاسی پرۆژەیەکە هەر لە سەرەتاوە وەک پەرچەکردارێک دژی شالاوی (بەخۆرئاوابوون) دروست بووە، ئەوا هەرچی چەمک و ئایدیایەک سەرچاوەکەی رۆئاوا بووبێت، بەر نەفرەتی ئەو بزووتنەوانە کەوتووە و بە گومانەوە سەودایان لەگەڵدا کردووە. تۆ سەیری مێژووی سیاسی بکە هەر لە رۆژگاری "رەشید رەزا"وە تا "بن لادن"، بە چ زمانێک قسە لەسەر دەسکەوتە مەعنەوییەکانی خۆرئاوا دەکەن و بە چ چاوێک سەیری کولتووری مۆدێرنەو تەواوی چەمک و دیاردە تازەکانی جیهانی نوێی وەک: (مافی مرۆڤ، عەلمانییەت، دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی و ... هتد) دەکەن. ناسیۆنالیزمیش کە دیاردەیەکی نوێیە و کوڕی

شەرعیی پرۆژەی مۆدێرنەی ڕۆئاوایە، لە لاقرتێ و دژایەتیکردن و شێواندنی دەست ئەنقەستی بزاوتە ئسوولییەکان بەدەر نەبووە. بەڵام لێرەدا دەبێت کەمێک بەدیقەتتربین و بزانین کە مامەڵەکردنی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا (بەتایبەت لە جیهانی عەرەبیدا کە زادگەی ئیسلامی سیاسییە)، بەهەمان فۆرمی سەرەتاکانی نەماوەتەوە و گۆڕانی جەوهەری بەسەرداهاتووە.

گەر کەمێک بگەڕێینەوە دواوە و سەرنج لە قۆناغی کۆتاییەکانی سەدەی بیست بدەین (قۆناغێک کە لێکۆڵیاران بە سەردەم و رۆژگاری رێنیسانسی عەرەبی ناودێری دەکەن)، دەبینین پاش مێژوویەکی دوور و درێژ ئایدیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی (کە لە سەرەتای چەکەرەکردنیدا بووە)، شوێن بە ئاینی ئیسلام لەق دەکات و لە پای بە ریەککەوتنی عەرەبەکان بە سیاسەتی تورکچێتی، کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی و ئەو سیاسەتە ستەمکارانەیەی "جەمال پاشا" وەک سەرکردەیەکی سوپای چوارەمی عوسمانی لە وڵاتی شامدا پەیڕەوی کرد، کەلێنێکی قووڵ دەکەوێتە پێوەندییەکانی نێوان عەرەب و عوسمانییەکان (کە ئەو کات رێبەرایەتی جیهانی ئیسلامییان دەکرد). ئەم دۆخە سیاسییە نوێیە وا دەکات، نوخبەی رۆشنبیرانی عەرەب بخاتە سەر کەڵکەڵەی لێک جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت و عرووبەش لە ئیسلام، بۆ وردەکاری زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە خوێنەری بەرێز دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر ئەم سەرچاوەیە: (جۆرج تەرابیشی: ثنائیة العروبة والاسلام في الفكر السیاسي العربي المعاصر).

ئەڵبەتە بزاوتی ناسیۆنالیستی لە جیهانی عەرەبیدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەدواوە لە هەڵکشانێکی سەیردا دەبێت، بەتایبەت کە دەبێتە پرۆژەیەک بۆ بەگژاچوونەوەی کۆڵۆنالیزم و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی .

ئەو بیریارانەشی نەخشیان لەسەر توندکردنەوەی ئەو بزاوتە دیارە،

برێتین له: (ئیبراهیم یازەجی و ساتع ئەلحوسەری و قوستەنتین زریق و.. هتد). ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەگەڵ سیاسەتمەدارێکی وەک "جەمال عەبدولناسر"دا زیاتر تاو دەستێنێ و بە مژدە و وەعد و بەڵێنێکی بێشومارەوە دێتە مەیدان، بەڵام هەر لەگەڵ ئەویشدا و لە ماوەیەکی کورتخایەندا ڕووبەڕووی شکستی گەورە دەبێتەوە و هیچ یەک لە وەعد و بەڵێنەکانیشی ناباتە سەر.

ئەم سەرەتا مێژووییەمان بۆ ئەوە پێویستە، تا بزانین چۆن ئیسلامی سیاسی لە جیهانی عەرەبیدا بەپێی گۆڕانی سیاق و قۆناغەکان، مامەڵەی خۆی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا گۆڕیوە. وەک ئاشکرایە ساڵی ١٩٢٨ یەکەم بزاوتی ئیسلامی سیاسی، لەسەر دەستی شێخ "حەسەن بەننا" دێتە ئارا. ئەم پیاوە و بزووتنەوەکەی فۆبیایەکی گەورەیان لە ڕۆئاوا و هەموو ئەو شتانە دەبێت کە بۆنی ڕۆئاوای لێ بێت. هەر بۆیە دژایەتیکردنێکی سەرسەختانەی ئەو ڕەوتە لیبراڵی و فەزاکراوەیەی میسر لە چارەکەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەخۆیەوە دەیبینێت، دەبێتە کاری سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە و رابەرەکانیان.

لەم سەروبەندەشدا ئەوەی زیاتر لەناو ئەم بزاوتە دژایەتی دەکرێت، ئەو ڕەوتە ناسیۆنالیستەیە کە ئەوکات لە میسردا حزبی (وەفد) و کەسایەتییەکی کاریزمی وەک "سەعد زەغلول" ڕێبەرایەتی دەکرد. ڕەنگە لێرەدا بواری ئەوە نەبێت بەدوور و درێژی باس لە کۆی ئەو مێژووە بکەم کە ئیسلامی سیاسی و بەتایبەتیش (ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین) بەدرێژایی چل ساڵ ١٩٢٨-١٩٦٧، چ ڕۆڵێکی خراپ و دژایەتیکردنیان لە بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەو وڵاتەدا هەبووە. من لێرەدا تەنیا نموونەیەک بەرچاو دەخەم کە تەعبیر لە جەوهەری ئەو بزووتنەوانە دەکات لە دەسەڵات و کێشە نیشتیمانییەکانی وڵاتی خۆیان. سەرەوەختێک شەڕی شەش ڕۆژەی عەرەب

ئیسرائیل لە حوزەیرانی ٦٧دا بەشکستی "عەبدولناسر" کۆتایی هات، شێخ "محەمەد متوەلی شەعراوی " دەڵێت: (کە هەواڵی ئەو شکستەم بیست لە خۆشییاندا سوجدەی شوکرم بۆ خوا برد و سوپاسی یەزدانم کرد کە لەو جەنگەدا عەبدولناسری سەرنەخست).

لێرەدا کاتێک ناسیۆنالیزمی عەرەبی دووچاری ئەم شکستە گەورەیە دەبێت، ئایدیۆلۆجیای ئاینی دێت و وەک ئەلتەرناتیڤێک خۆی بەیان دەکات، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی بڵێین گوتاری ئاینی خۆی لە گوتاری ناسیۆنالیستی جیا دەکاتەوە، بگرە لە رووی سیاسییەوە گوتاری ئاینی دەبێتە میراتگری گوتاری ناسیۆنالیستی. هەر ئەمەشە وا دەکات زۆرێک لە ناسیۆنالیستە توندڕۆکانی جیهانی عەرەب، بدەنە پاڵ ئەو بزاوتانە و لەوێوە درێژە بە کار و چالاکی سیاسی خۆیان بدەن. لە راستیدا کۆی بزاوتە ئیسلامییەکان، زیرەکانە مامەڵە لە تەک شکستی ناسیۆنالیزم و پاشەکشەی ئەو جەرەیانەدا دەکەن و دەزانن چۆن سوود لەو برین و شکستە دەبینن. ئەوان دەتوانن لە رێی جۆشدانی هەستی ناسیۆنالیستی عەرەبییەوە، جەماوەرێکی زۆر و زەوەند بۆخۆیان مۆبێلیزە بکەن.

هەڵکشانی ئیسلامی سیاسی لە میسر پاش مەرگی "عەبدولناسر"، قەبەبوونی بزووتنەوەی "حەماس" لە فەڵەستین لە پاش بە بنبەست گەیشتنی هەوڵەکانی (فەتح)، ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە لە شکستی ٦٧ بەدواوە ئیسلامی سیاسی نەیاری ناسۆنالیزم نییە، دوو گوتاری جیاواز دژبەیەک نین، لە دوو سەنگەری جیادا نایانبینین، بگرە تەواوکەری یەکترین و بەجۆرێک بەیەکدا چوون کە جیاکردنەوەیان کارێکی ئەستەمە. ئەمەش بۆخۆی دەرەنجامی تەواوی ئەو کێشە و ناکۆکی و گۆڕانکارییانەیە کە لە چارەکە سەدەی رابردوودا بەسەر ناوچەکە و جیهاندا هاتووە.

لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم باس لە واقیعی ئیسلامی سیاسی و میکانیزمی

کـارکـردنی ئەو بزاوتە بکەم لە کـوردسـتـاندا. لەبەرئەوەی من دەرهـەق بە بزاوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لە سـاڵانی رابردوودا راو بۆچوونی خـۆم هەبووە، بەڵام ئیسـلامـیـیـەکـانی لای خـۆمـان کـۆی ئەو شـتـانەیان بە نەقڵکردنی نووسەرانی عەرەب داوەتە قەڵەم یاخۆ وەک رقێکی پێشوەخت و ناحەزانە قسەکانیان تەفسیر کردووم، بۆیە لێرەدا کەمێک لە بۆچوونەکانی خۆم دوور دەکەمەوە و مـافی قسـەکردن دەدەمـە کەسـانێکی تر لە کۆواری (رەهەند) کە یەکێکە لە جدیترین پرۆژە رۆشنبیریـیەکـانی دنیای ئێمـە، تا باسی هەڵوێست و گوتار و سیاسەتی کارکردنیانمان بۆ بکەن.

سـەرەتای سـەرەتا بەم پەرەگرافـەی کـاک "مـەریوان وریا قـانیع" دەست پێ دەکەم: (سەبارەت بە حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان، من هەست ناکەم ئەو گرووهانە گرووهی کوردی سەربەخۆبن، بگرە هەریەکەیان لە سەرچاوەیەکی تایبەتییەوە پاڵپشتی دەکرێن. هەندێکیان لە تەک ئەربەکاندا و هەندێکیان لە تەک ئێـران و هەندێکیـان لەگـەڵ سـعـوودیەدان، واتە بزاوتێکی ئیـسـلامی کوردی سەربەخۆ نییە، تا هەڵوێستی سیاسی وەکو گرووهێکی سەربەخۆ بخوێنینەوە).

دووەم ئەم بۆچوونانەی "بەخـتـیـار عـەلی " دەخـەمـەوە ڕوو: (ئیـسـلام لە ئاستی ناوچەکەدا نوێنەری ناسیـۆنالیستـە باڵادەستـەکانە و بەشـێکە لە بزاوتی ناسیۆنالیستی و نەبووەتە ئیسلامێک بۆ کورد، بگرە ئیسلامێکە لە کورددا. چاندنی نوخبەی نامۆ یەکێکە لە ستراتیجە گشتییەکانی عێراق و ئێران لە سـاڵانی هەشـتاکاندا و چاندنی ئیسلامییەکان یەکێکە لە هەرە ئۆرگانیزەترین ئەو پرۆسـەی چاندنە. ئیسـلامییـەکان بەرهەمی ئەو باهۆزی چاندنـی نوخـبـەیەن. لە دایکبوونی ئیـسـلامـیـیـەکـان لە گـەرمـەی سـاڵانی ئاوەژووبوونەوە و تێکشکاندن و دەسـتـێـوەردانی بنیـاتی کـوردیدا و بەردەوامـیش لەو جێگایانەدا کـە سنووریان بە سنووری ئێرانـەوەیە، ئەوە

دەسەلمێنێت کە جوولاندنەوەیەک نین ببنە رابەریان رێنومایيکەر بۆ بزاوتی ناسیۆنالیستی کوردی، بگرە لە بنەڕەتدا درێژکردنەوەی ئیسلامی بزاوتە ناسیۆنالیستەکانی ترن لە جەستەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا. بەبڕوای من بەبێ ئەو پاڵپشتە گەورەیەی دەرەوە، توانای مانەوەی بزاوتە ئیسلامییەکان لە قۆناغی یەکەم و قۆناغی سەرەتای راپەڕیندا، لە توانای مانەوەی - حسک و پاسۆک و پارتی گەل - زیاتر نەدەبوو). با سەرنج لە کۆمەڵێک پەرەگرافی تری "بەختیار عەلی" بدەین: (ئەمڕۆ ئیسلام لە کوردستاندا درێژکراوەی سیاسەتی ناسیۆناله بالادەستەکانە.. ئیسلامییەکان لە کوردستان نوخبەیەکی سیاسی چێنراون بۆ رەگوڕیشەی کۆمەلایەتی دەگەڕێن، بەلام لەو حاڵەتەشدا کە ئەو رەگوڕیشە کۆمەلایەتییە دەدۆزنەوە، مانای ئەوە نییە کە وەکو نوخبەی سیاسی سروشتە دەرەکی و نامۆکەی خۆی دەدۆڕێنێ . بزاوتی ئیسلامی بزاوتێکی کوردی نییە، بگرە بزاوتێکە لە کوردستان. مەبەستی سەرەکی ئەم بزاوتەش گۆڕینی وێنەی کوردە بۆ وێنەی موسڵمان، واتە سڕینەوەی سیمای کوردییە لە وێنەی کورددا و گەورەکردنی سیمای موسڵمانە لای مرۆڤی کورد. لێرەوە ئەگەر قووڵتر بڕوانین، دەبینین بزووتنەوە ئیسلامییەکان ترسناکترین هەوڵن بۆ تێکشکاندنی هەموو دەلالەتەکانی هەوڵ و خەباتی کورد لەم سەدەیەدا).

سێیەم "ئاراس فەتاح" دەڵێت: (من لەو باوەڕەدام گوتاری ئیسلامی لە کوردستان لە ساتی ململانێدا، کێشەی لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوە سەردەستەکاندا نەبووە، هێندەی کێشەی لەگەڵ حزبە علمانییەکانی کوردستاندا هەبووە). دواجار بە بۆچوونێکی تری "مەریوان وریا قانیع" کۆتایی بەمە کە دەڵێت: (ئیسلامییەکان فەنتازیای نەتەوەی ئێمە ئەگۆڕنە سەر فەنتازیایەکی ئیسلامی، بەمەش شوناسی ئێمە بەرەو مەترسی فەوتان و ونبوونێکی سەرتاسەری دەبەن).

سەبارەت بەم مەسەلەیە و مەسەلەگەلێکی تر، خوێنەری بەڕێز دەتوانێت سەرنج لەم سەرچاوەیە بدات: (وێنە و تراژیدیا- مێزگردێک لە نێوان بەختیار عەلی و ئاراس فەتاح و مەریوان وریا قانیعدا- کۆواری ڕەهەند، ژمارەی دووی ساڵی ١٩٩٧، لاپەڕەکانی ٨ بۆ ٥٩).

کەواتە کارکردنی ئیسلامی سیاسی لە واقیعی ئێمەدا هێندەی بەڵا و دەردەسەری بۆ دروست کردووین، کارێکی تری نەکردووە. ئەوانە بە درێژایی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە تا بەهاری ئازادی ١٩٩١، لە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی گەلی کورد و شۆڕش و بەرخوداندا غایب بوون. لە پاش راپەڕینیشەوە جگە لە ترس و تۆقاندن و دووبەرەکی خستنەوە کاری تریان نەبووە. هەمووومان ئاگادارین کە چۆن بەشداریکردنیان لە یەکەم کابینەی حکوومەتی کوردستانی پاش راپەڕین پێ کوفر بوو. یان چۆن بەدرێژایی ئەم ساڵانە، لەسەر بەرتەسککردنەوەی ڕووبەڕووی ئازادییەکان کاریان کردووە. یان کەس هەیە کارەساتی یەکی شوباتی هەولێری پایتەختی لە بیر بچێت. دواجار سەیری ئەو هەواڵەی سایتی (پەیامنێر) بکە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کە پێمان دەڵێت: لە ١٤/٦ی پەرلەمانی کوردستاندا و لە کاتی لێدانی مارشی ئەی رەقیبدا کۆی ئەوانەی لەوێ بوون وەک ڕێز و ئەتەکێتێک بەپێوەن، جگە لە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی نەبێت. من نە لە رابردوودا و نە ئێستا و نە داهاتووشی لەگەڵدا بێت، بەکار و چالاکی و هەڵوێستی هیچ هێزێکی ئیسلامی لە کوردستاندا دڵخۆش نەبووم و گەشبین نیم. هەڵوێست نواندنی هەندێک لەو هێزانەش بەرامبەر کێشەی ڕەوای میللەتەکەمان لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە، هێندەی وەک تاکتیکێکی سیاسی سەیری دەکەم وەک هەڵوێستێکی نیشتمانی و نەتەوایەتی نابینم. ئاخر ئەمڕۆ ئەوانە کە هەڵوێستی کوردانە دەنوێنن، لەبەر کورد و کوردستان نییە، لەبەر ئەوەیە باریان لارە و ئەمەریکا لە ناوچەکەدایە. ئەم هێزانە هەرگیز قەناعەتی خۆیان

ناگۆڕن، تا ناچار نەکرێن بە گۆڕان.

* بە بۆچوونی تۆ تاکو ئێستا ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بووەتە لەمپەرێک لەبەردەم داواکارییەکانی کورد، یاخۆ بە پێچەوانەوە هەمیشە داواکاری رەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان لەگەڵ پرۆژەکانی کورد و ئایدیاکانی کورددا هاتوونەتەوە؟

– پێم وایە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا وەڵامی ئەم پرسیارەشم داوەتەوە. هێزێک لە قۆناغی کوردقڕان و بەسووتماککردنی کوردستاندا پەنای گرتبێت و کەمترین بەشداری لە راستکردنەوەی باری گلاوی میللەتی کورددا نەبووبێت، لە دوای راپەرینیشەوە سەرقاڵی دەسکاریکردنی هەندەسەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی بووبێت یان لە هەوڵی ئەوەدابن وەک "ئاراس فەتاح" دەڵێت: (نەک بەتەنیا هەزاران سەرپۆشی رەش بەسەر سەری ئافرەتانی کورددا بدەن، بگرە چارشێوێکی رەشی گەورەش بۆ سەر ئەقڵ لە کۆمەڵگەدا دروست بکەن). لەلایەکی ترەوە (هوها) لە کچانی مەدەنی پۆش بکەن و جەستەیان تێزابرێژ بکەن. (رشتەی مرواری) مامۆستای رەحمەتی "عەلائەدین سەجادی " بسووتێنن، چۆنچۆنی لەگەڵ پرۆژەی کورد و خەون و ئامانجەکانی کوردایەتیدا یەک دێنەوە؟!!.

* بەبڕوای تۆ بۆ زیان نەگەیاندن بە کورد و بە پرۆژە و کارکردنەکانی، دەبێت مامەڵەکردنی هێزەکانی تر چۆن بێت لەگەڵ هێزە ئیسلامییە سیاسییەکاندا کە پرۆژە و بەرنامەی کارکردنێکی جیاوازیان پێیە. ئاخۆ مامەڵەیەکی هاوپەیمانێتی بێت وەکو زۆرجار دەبینرێت، یاخۆ وازیان لێ بهێنرێت بۆ ئەوەی ئەم هێزانە بە ئاراستە و پرۆژەی خۆیان کار بکەن؟

– ئەگەر سەرنج لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی دوای راپەڕین بدەین و ئەم واقیعەش بە تەواوی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی (بەتایبەتیش وڵاتانی عەرەبی) بەراورد بکەین، دەبینین فەزای وڵاتی ئێمە بۆ کارکردنی ئیسلامییەکان لە فەزای ئەو وڵاتانەی تر کراوەتر و مامەڵەی دەسەڵاتیش (بەتایبەت یەکێتی و پارتی )، لەگەڵ ئیسلامییەکاندا دۆستانەتر بووە. تەنانەت هەندێ جار موجامەلەکردنی هێزە ئیسلامییەکان لەلایەن (پارتی و یەکێتی )یەوە، گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر بێتام و باجی گەورەی ئەو موجامەلات و مساوەمەکردنانەش کۆمەڵگەی کوردی داویەتی. ئیسلامییەکان هەرگیزاوهەرگیز هاوپەیمانی ستراتیجی هەتاسەری هێزە (بەناو عەلمانییەکانی ) ئێمە نابن، ئەگەر کاری ناچاری و دژایەتیکردنی هێزێک نەبێت لەسەر حسابی هێزێکی تر، هەرگیز هاوپەیمانێتی نابەستن. من نموونەم هێنایەوە بەسەرەتای راپەڕین کاتێک داوا لە ئیسلامییەکان کرا بەشداری حکوومەت بکەن (بەو هەموو دەنگە کەمەشەوە کە هێنابوویان)، بەڵام پێیان شەرم بوو.

مەترسی ئیسلامییەکان لەوەدایە کە گەر بە جیا کاربکەن وەک ئۆپۆزسیۆنێکی مەدەنی و دیموکراسی رەفتار ناکەن و گۆبەنی گەورە دەنێنەوە، گەر چوونە هاوپەیمانیشەوە ئەوا باجەکەی هێزە سیاسییەکانی وەک (پارتی و یەکێتی ) نایدەن، بگرە بە گران لەسەر کۆمەڵگەی کوردی دەکەوێت. لێت ناشارمەوە من لە هەردوو حاڵەتەکەدا رەشبینم، لەبەرئەوەی ئەزموونی جەزائیر و سوودان و ئێران و ئەفغانستانم لە بەرچاوە.

* هەندێک لە نووسەرانی هاوچەرخ پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئیسلام ناکۆکە لەگەڵ ناسیۆنالیزم، بەڵام مێژووی دروستبوونی دەوڵەتانی جیهانی عەرەبی دەیسەلمێنن ئەوەی رێگرە لە بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم، ئیسلام و

ئیسلامی شمولی نییە، بگرە کولتووری شۆڤێنیستانەی هەریەکە لە نەتەوەکانی ناوچەکەیە. بە بڕوای تۆ هیچ کاتێک ئیسلام بووەتە ڕێگر لەبەردەم پرۆژە و کارکردنەکانی کورد؟

– پێم وایە ئەوەی دەستی لە دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردیدا هەیە ئیسلام نییە، بگرە کولتووری شۆڤینیستانەی وڵاتانی ناوچەکەیە ئیتر عەرەب بێت یان فارس یاخۆ تورک. ئیسلام ئەو کاتە دەگوترێت ڕێگرە کە هێزە شۆڤینیستەکانی ناوچەکە دەیکەنە چەکێکی ئایدیۆلۆجی و لە کوردی پێ دەدەن. بڕوانە نامیلەکەی (ما العمل؟)ی "ئەبو موسعەب زەرقاوی " کە چۆن بەناوی ئیسلامەوە هەرچی تۆمەتی نابەجێیە دەیداتە پاڵ کورد و قڕکردنیان بە پرۆسەیەکی شەرعی دەزانێت. واتە ئەوەی دیاری دەکات ئیسلام داینەمۆیە یان ڕێگرە، ئەو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەیە کە ئیسلام بەکار دەبات. بڕوانە ئیسلامییەکانی کوردستان وەک درێژکراوەی هێزە ئیسلامییەکانی دەرەوە، لە پاش ڕاپەڕینەوە چ هەوڵێکیان خستووەتە گەڕ بۆ سڕینەوەی ناوی کوردی و شوێن گرتنەوەیان بەناوی عەرەبی. ئەمەش پرۆسەیەکی تری تەعریبکردنە کە هێزێکی ئیسلامی ئەم کوردستانە بەناوی ئیسلامەتییەوە دەیکات.

* گەر سەرنج لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بدەین، دەبینین دوو فۆرم لە ئیشکردنی ئەم ناسیۆنالیزمەدا هەیە. یەکەمیان (ناسیۆنالیزمی کولتووری – ئاینی)، ئەوەی تریان (ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی – سیاسی )یە. یەکەمیان دەکاتە ناسیۆنالیزمێکی ئاینی یان ئیسلامی، بەڵام دووەمیان ناسیۆنالیزمێکی ئیتنیکی دەکات. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: گەر شەڕی ئەم دووجۆرە ئیشکردنە ئامادە بووبێت لەسەر کورد، شەڕی دووەمیان کە شەڕێکی ئیتنیکی سیاسییە زیاتر خۆی

نمایش نەکردووە بۆ سەر کورد؟ یان بەپێچەوانەوە هەردوو ڕەوتی ئیشکردنەکە دژی کورد و پرۆژەکەی بوون؟

– وەڵامێک کە لە مێژووەوە دەسگیرمان دەبێت، ئەوەیە کە ئاراستەی کارکردنی ئەم دوو پرۆژەیە دژی کورد و خواستە ئینسانی و سیاسییەکانی بوون. ئێمە هەمیشە یان برایەکی ژێردەستە یاخۆ قوربانییەکی بێدەنگکراو بووین. مێژووی ئێمە لەگەڵ تەواوی پرۆژە سیاسییەکانی ناوچەکەدا، بە ڕووبارێک خوێندا گوزەری کردووە، بە تراجیدیایەکی گەورە کۆتایی هاتووە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەو هەموو دڵڕەقییانەشدا بەرخوردمان کردووە و هەنووکەش ماوین. ئەوەتا تائێستاش کار بۆ ئەوە دەکەین نەخشمان لەسەر داهاتووی ناوچەکە هەبێت، بەبێ بیرکردنەوە لە هیچ تۆڵەسەندنەوەیەک و هیچ قەبەکردنی بوغزێک، دەرهەق بەوانەی دەیانویست لەسەر نەخشەی جیهان بمانسڕنەوە.

**کۆواری هەفتانە**

دیمانە: سالم حەمەخان

---

* گەر بکرێت سەرەتا سەربوردەیەکی مێژوویی لەسەر چۆنییەتی گەشەکردن و دروستبوونی هێزی ئیسلامی - سیاسی لە کوردستان باس بکەیت؟

- لەدوای راپەرینەوە کۆمەڵێک هێزی سیاسی ئیسلامی لە کوردستان دروست بوون کە هەریەکەیان ستراتیج و سیاسەتی تایبەت بەخۆیان هەبوو. ساڵی (١٩٩٤) پێش ئەوەی یەکگرتوو بێتەوە ساحەکەوە، بزووتنەوە یەکێک بوو لەو هێزانەی کە میلیشیایەکی گەورەی هەبوو. هەڵبەتە پێش راپەرینیش مێژوویەکی هەبوو. من پێم وایە ئەوەی ئەم هێزەی گەورە و تۆکمە کرد، بریتی بوو لە پشتیوانیکردنی دەوڵەتێکی وەک ئێران بۆ ئەوەی بتوانێت لە رێگەی بزووتنەوەوە بوونی لە کوردستاندا هەبێت، جگە لەوەش سعوودیە رۆڵی لە گەورەکردنی بزووتنەوەدا هەبوو.

* هاتنی یەکگرتووی ئیسلامی تا چەند کاریگەری هەبوو، لە قاڵبدانی قاعیدەی جەماوەری بزووتنەوە؟

- بەهاتنی یەکگرتووی ئیسلامی بەشێکی زۆر لەو جەماوەرەی پێشتر لەگەڵ بزووتنەوەدا بوون، دایانە پاڵ یەکگرتوو. ئەمەش بووە هۆی لە دەستدانی بەشێک لەو جەماوەر و خەڵکەی کە لە دەرەوەی بزووتنەوە بوون.

بەشـێکی تر لەوەی کـە کـاریگەری راسـتـەوخـۆی لە بچـووککردنەوە و پووکـانـەوەی بزووتـنـەوەدا هـەبوو، ئـەوەبوو بـزووتنـەوەی ئیـسـلامـی زیاتـر هێـزێکی سـەربازی بـوو. لە دوای هەڵبـژاردنی پەرلەمـانی کـوردسـتـانیش شـێـوازی مـامـەڵەکـردنی لەگـەڵ حکوومـەتـی هەرێمـدا مـامـەڵەکـردنێکی شەڕانگێزانە بوو.

جگە لەمـە بزووتنەوە هێزێک بووە پێی باش نەبووە، راسـتـەوخۆ بەشـداری لە ژیانی سـیاسـی لە هەرێمی کـوردسـتـاندا بکات و بەشـداری هەڵبژاردن و پێکهێنانـی یەکەمین کابینەی حکوومەت بکات. ئـەمانەش بوو بەهۆی ئەوەی جۆرێک لە دابڕان لە نێوان ئەم هێزە و هێزەکانی تری وەکو پارتی و یەکێتی دروست بێت. ئەنجامەکەشی لە ساڵی (١٩٩٣– ١٩٩٤) بەشەڕێکی قورس لە نێـوان یەکـێـتی و بزووتنـەوەدا شکایەوە. کـارێک بووە هـۆی ونکردن و لەدەستدانی جـەماوەر و ئەو پێگە بەهێزەی لە هەندێک شـوێندا هـەیبوو. جگە لەوەش دروسـتبـوونی یەکگرتوو بووە مـایەی راکێـشـانی بەشـێکی زۆر لەو جـەمـاوەری کـە پێشـتـر لەگـەڵ بزووتنەوەدا بـوون. هاوکات دروسـتـبـوونی بۆچوونی جیـاواز لە بـزووتنەوەدا وەک حـەمـاس و هـێزی دووی سـۆران، واتە ئەو دژە بۆچوون و کێشە ناوەخـۆییـانـەی کە سـەری هەڵدا، هۆکارێکی تر و گورزێکی تری کوشندە بوو بەربزووتنەوە کەوت.

* لە ئێـسـتـادا نـەبوونی کـەسـێک کـە شـوێنی سـەرکـردە کـاریزمـەکـانی وەک "مـەلا عوسـمـان و مـەلا عەلـی " بگرێتـەوە، کێشەیەکی ترە کە خۆی لە بزووتنەوە ئالاندووە؟

– ئێـسـتـا هـەوڵێک لـە ئارادایە و رەنگە بـتوانێت بەجـۆرێک لە جـۆرەکـان بزووتـنەوە لەم پـەڕاوێزکـەوتنە رزگـار بکات، بـەڵام هـەرگـیـز نابـێـتـە هۆی دروستبوونەوەی هێزەکەی جاران، چونکە بیرمـان نەچێت کۆمەڵی ئیسلامی

بۆخـۆی بووەتە هێـزێکی گـەورە و بەرفـراوان. هـەروەهـا یەککگرتووش بەشـێکی زۆر جەمـاوەری بۆخـۆی کۆ کـردووەتەوە. پێم وایە بزووتنەوە کاتێک دەیتوانی لەســەر پێـی خـۆی بـوەسـتـێ و ببـێـتـە هێـزێکی گـەورە کـە خـاوەنی دوو سـەرکـردەی کـاریزمـی گـەورەی وەک "مـەلا عـوسـمـان و مـەلا عـەلی " بوون. ئێستـا بەهـۆی نەمـانی ئەو دوو سەرکردەیە و دەستبەرداربوونی "مەلا سدیق" لە سیـاسـەت، یـەکێکن لـەو کێشـانە کە بزووتنەوە بەدەسـتیـانەوە دەناڵێنێت، چونکە لە ئێستادا کەسێتییەکی کاریزمی وایان نییـە بتوانێت سەرکردایەتی بزووتنەوە بکات و لەو قەیرانە کوشندەیە رزگاریان بکات.

* هـەوڵێک لە ئـارادایـە بۆ ژیـاندنـەوەی بزووتنـەوە، پێت وایە ئـەو هـەولانە تاچەند بەئاکام دەگات؟

– پێم وایـە هـەوڵدان بۆ ژیاندنـەوەی بزووتنەوە سـالانێکی زۆری دەوێت، تا ببێتـە هێزێک سـەنگ و قورسـایی خـۆی هـەبێت و وەک جاران رۆڵ بگێڕێت و کـاریگەری لەســەر رووداوەکـان هـەبێت. لـە ئێـسـتـادا ئـەگـەر دروسـتـیش بکرێتـەوە، رەنگـە وەک هێـزێکی کـەنـارگیـر و هێـزێکی بچـووک بمێنێتـەوە. گـەورەبـوون و بەهێـزبوونیشی لەم دۆخـەدا، پێوەندی بەهـەلومـەرجـی بابەتی کـوردسـتـان خـۆی و هـەروەهـا ئەو سـیـاسـەتـەوە دەبێت کـە بزووتنـەوە لە داهـاتوودا پەیڕەوی دەکات. واتـە بەشێکی پێوەندی بەو سیاسـەتەوە هـەیە کە بزووتنەوە دوای خـۆبنیـاتنانەوەی پـەیڕەوی دەکـات. ئەگـەر سـیـاسـەتی وەک کۆمـەڵی ئیسلامی بوو کە لـە دوای پرۆسـەی ئازادی عێراقـەوە وازی لە هێزی میلیشـیایی هێناوە، هـەروەهـا بەشداری لە پرۆسـەی هـەڵبژاردندا کرد، (هـەم لەســەر ئاسـتـی عێـراق و هـەم لەسـەر ئـاسـتی کـوردسـتـان)، ئەوا ئـەنجـامی پۆزەتیڤی دەبێت، بەلام ئەگەر بە نەفەسـەکانی سەرەتاییەوە بیەوێت دیوارێک لە نێوان خـۆی و هێزە سیـاسییـەکان دروست بکات، ئەوە بەڕای من هـەرگیز ناتوانێت لەم قەیرانە رزگاری بێت.

* یەکخستنی ئەو بۆچوونە جیاوازانەی کە لە بزووتنەوەدا بوون دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی رابەر، یاخۆ سروشتی هێزی چەکداری وا دەخوازێت کە هەمیشە بەم شێوەیە بێت؟

– بەشێکی پێوەندی بەوەوە هەیە، هەموو هێزێک بەتایبەت ئەو هێزە ئیسلامییانەی لەسەر مەسەلەی جیهاد وەک هێزێکی میلیشیایی و عەسکەرتاری دروست دەبن، لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا ئەو سیاسەتە ستراتیجییانەی بەبنبەست دەکات و دواتر رووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی ناوخۆیی دەبنەوە. بزووتنەوە یەکێکە لەو هێزانەی ئیسلامی سیاسی، هەر زوو رووبەڕووی ئەو قەیرانە بووەوە. خۆی بۆ یەکلا نەدەکرایەوە کە ئاخۆ دژی ئەم ئەزموونە بێت یاخۆ لەگەڵ ئەزموونەکەدا بێت. یان چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تردا بکات. لەبەرئەوەی لەناو بزووتنەوەدا زیاد لە بۆچوونێک هەبووە. هەر بۆیە چەند ساڵێک بەر لە پرۆسەی ئازادی عێراق، دەگاتە ئەوەی کە بەشێکیان بەرەو ئەوە بڕۆن تەکفیری کۆمەڵگای کوردی و هێزە عەلمانییەکان بکەن و روودەکەنە مەسەلەی تیرۆرکاری و شێواندنی ئەم ئەزموونە لە کوردستان، بەشێکی تریان کە کۆمەڵی ئیسلامییە لەگەڵ کۆنە نەهزەکاندا بە ئاراستەیەکی تردا دەڕۆن. ئەوانەی لەناو بزووتنەوەدا دەمێننەوە، تەنیا ئەو کەسانەن کە سەر بەباڵی "مەلا عەلی و مەلا عوسمانن" و ئەوانیش گرووپێکی بچووک بوون.

* بزووتنەوە بەهۆی نەبوونی سەرکردەیەکەوە لە رابردوودا، نەیتوانیوە هەموو تەکەتولەکان لەسەر یەک سفرە کۆ بکاتەوە؟

– هەڵبەتە یەک نەگرتنەوەی ئەم باڵانە و ئەم قەیرانانە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بەرنامەیەکی روون و ئاشکرا لەناو ئەو بزووتنەوەدا. نەبوونی سیاسەتێکی واقیعییانە و شەفاف و نووسراو کە بزانن ئاڕاستەی

ئەو هێزە بەرەو کوێ دەڕوات. بەشێکی تریشی پێوەندی بە نەبوونی سەرکردەیەکەوە هەیە کە بتوانێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات و هەموو ئەو بۆچوونە جیاوازانە جارێکی تر لەیەک نزیک بکاتەوە. واتە گەر سەیری مێژووی بزووتنەوە بکەی، هەست دەکەی هەر لە سەرەتاوە لە قەیرانێکی قووڵدا بووە و نەیتوانیوە سیاسەتی خۆی یەکلا بکاتەوە. بەبۆچوونی من بەهۆی ئەزموونی ئیشکردنی ئەو هێزە لە ساحەی سیاسی کوردستان و تێپەڕاندنی ئەو هەڵانەی کە لە قۆناغی پێشوودا تووشی بوون، دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی بزانن چۆن سیاسەت دەکەن و چۆن مامەڵە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردیدا دەکەن.

* تۆ پێت وایە هەڵەکانی رابردووی بزووتنەوە، بووەتە ئەزموونێکی باش بۆ هێزەکانی تری ئیسلامی سیاسی لە کوردستان وەک یەکگرتوو؟

– یەکگرتووی ئیسلامی لە سەرەتای خۆ ئیعلانکردنەوە سیاسەتی روون و ئاشکراتر بووە و خەتیان دیاربووە کە بەچ ئاراستەیەک کار دەکەن، بەڵام بزووتنەوە هەر لە سەرەتاوە تا قۆناغی یەکبوون و تا جیابوونەوەش ئەوەندەی تاکتیکی رۆژانەیان هەبووە، ئەوەندە سیاسەت و ستراتیجێکی روون و ئاشکرایان نەبووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەر لە قۆناغێکدا باڵێکی لێ جیابێتەوە. واتە بزووتنەوە سیاسەتی رۆژی پەیڕەو کردووە، بەڵام بەپێچەوانەوە یەکگرتوو هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا سیاسەتی ئاشکرایە و دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەکات. سیاسەتی بزووتنەوە بریتی بووە لە سیاسەتی موفاجەئە، واتە لە قۆناغێکدا بەشداریکردنی لە پەرلەمان و هەڵبژاردندا بە لادان لە دین و کوفر زانیوە، بەڵام لە قۆناغێکی تردا لە هەوڵی ئەوەدا بوو پۆستی وەزاری وەربگرێت و بەشداری پرۆسەی سیاسی بکات. هەر بۆیە بەبۆچوونی ئەوانەی لەناو

بزووتنەوە و لە دەرەوەی بزووتنەوەن، ئەمە زەرەرێکی گەورەی لێ داون و وای کردووە یەکگرتوو بنکەی جەماوەری خۆی فراوان بکات. لەهەموو دنیاشدا ئەو هێزانەی هێزی میلیشیایین و ئیمانیان بەجیهادی بازوو هەیە، بەشێوەیەکی توندوتیژ مامەڵە لەگەڵ دەوروبەری خۆیان دەکەن. ئەوانە کەمتر توانای دابەزینیان بۆناو خەڵک و کۆکردنەوی خەڵک لە دەرەوەی خۆیان هەبووە، بەپێچەوانەی ئەو هێزانەی تر بۆ نموونە هێزێکی وەک یەکگرتوو کە لە هەوڵی پەلهاویشتندایە بە خانە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، هەر لە خێزانەوە تا خوێندنگا و تا سەندیکا جیاجیاکان. واتە هەمیشە بزووتنەوە لە خەمی ئەوەدا بووە هێزێکی سەربازی گەورە دروست بکات بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و گۆڕینی کۆمەڵگە، بەپێچەوانەی یەکگرتوو کە خەمی ئەوەی هەیە هەیمەنەیەکی ئایدیۆلۆجی فراوان لەناو کۆمەڵگادا دروست بکات و دوایی بازبدات بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات.

دیمانە: ڕاوێژ کامەران

* زۆرجار باس لەوە دەکرا، ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی فەلەستین و تورکیادا روویان دا و ئیسلامییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانیشدا روو دەدات. پێت وانییە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە ئەو ئەگەرەی لەبار برد؟

- وەک چۆن لە سەروەختی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا، تەواوی بزاوتە ئیسلامییەکانی ناوچەکە تەماحی شۆڕش و گرتنەدەستی دەسەڵاتیان لە وڵاتەکانیاندا پەیدا کرد و ئومێدی ئەوەیان بۆ گەڕایەوە کە رەنگە بتوانن هەمان سیناریۆی ئێران و بزاوتەکەی "ئیمام خومەینی " دووبارە بکەنەوە، ئاوەهاش لە بەراییەکانی ئەم سەدە تازەیەدا و لە پای سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەی "حەماس" لە فەڵەستین و "ئەکەپە" لە تورکیا، خواستی چوونەپێش و چانسی پەیداکردنی گرتنە دەستی دەسەڵات، لای زۆر لە هێزە ئیسلامییەکان دروست بوو، بەڵام ئەمجارەیان لە رێی شۆڕش و مانگرتن و خۆپیشاندانەوە نا، بگرە لە رێی دەنگدان و سندووقەکانی هەڵبژاردنەوە.

ئیسلامی سیاسیی لای ئێمە لە ریزی پێشەوەشیاندا یەکگرتوو، زیاد لە ئیسلامییەکانی تر کەڵکەڵەی ئەمەی کەوتە سەر. یەکگرتوو سەروەختی هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥، لە خەیاڵ خۆشییەکی سەیردا بوو. خەیاڵ

خۆشـیـیـەکی وا کـە پێی وابوو بـەدیلی راسـتـەقـینەی (ی. ن. ک) و (پ. د. ک)ـە، ئەگـەر هێزی یەکـەمی سـەر گۆڕەپانی کـوردسـتان نەبێت ئەوا دووەمـە. ئیسـلامـیـیـەکـان بەگشـتی گرەویان لەسـەر ئەوەبوو کـە شـەقامی کوردی لە هـەردوو هێزی دەسـەڵاتداری کوردی تووڕە و عاجزن، بۆیە دەتوانن لە غیابی بوونی هـێـزێکی عـەلمانی  و لیـبـراڵی ئۆپۆزسـیـۆنی چالاکدا، دەرفـەتـەکـە بقـۆزنەوە و ببنە ئەکـەپە و حـەمـاسـێکی تر لە کـوردسـتـان، بەڵام یەکـێک لە ئیـجـابیـاتەکانی ئەم هەڵبژاردنە پـەرلەمـانییـە، ئەوە بوو کـە خـەونی بوون بە ئەکەپەبوونی لای ئیسـلامییەکان تێکدایەوە و سـەنگ و قـەوارەی راستەقینەی خـۆیانی نیـشـان دان. دەرەنجـامـەکـانی ئەم هەڵبژاردنە ئاشکرای کرد کـە کۆمەڵگەی کوردی ویسـتی نییە چارەنووسی خۆی رادەستی هێزە دینییەکان بکات و حـاشـا لـە خـەباتی سـەدەیەکی تەواو لەپێناو ئازادی و لیـبـراڵیـزم و کـرانەوە و مـەدەنیـەتدا بکات و بچـێـتـە ژێر چەتری حـوکـمـڕانی ئیسـلامی سیاسییەوە.

ئەو دەمــەی دیموکـراسـیـخـوازەکـانی ئەمــەریکا بۆ کـۆنگرەی سـاڵانەی پارتەکـەیان، ئەمینداری گشـتی یەکگرتوویان بانگهێشتن کرد و سـەرکردەی هـەردوو حـــزبی دەســـەڵاتداریان وەلا نا، لێــپــرســـراوەکـــانی یـەکگرتوو ناڕاستەوخۆ ئەمـەیان وا تەفسیر دەکرد کە هـەڵکردنی گڵۆپی سەوزە لەلایەن ئیدارەی نوێی ئەمـەریکاوە بۆ ئیسلامـیـیـەکانی کوردسـتـان، تاوەک ئەکـەپە خـۆسـاز دەن و دەسـەڵات لە رێی سندووقـەکـانی دەنگدانەوە بگرنە دەست. بەڵام دواجــار یـەکگرتوو شــانبــەشــانی کــۆمــەڵ و ســۆســیـالیـست و زەحمەتکێشان، نەیانتوانی نیوەی رێژەی دەنگەکانی لیستی گۆڕان بەدەست بێنن.

ئێمـە ئەگـەر ئێستا شـتـەکان زیاتر ورد بکەینەوە و بە داتا و ژمـارە قسـە بکەین، دەتوانین بـڵێین ئیسـلامی سیـاسی لە کـوردسـتـان، نەک هـەر بەدیل و

هێزی دووەم و سێیەم نییە، بگرە بەپێی ریزبەندی تازە لە پلەی چوارەم و پێنجەم و شەشەمدا دێن. لە دوای (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) و گۆڕان، ئەوجا سەرە دێتە سەر یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە. من پێم وایە ئەم هەڵبژاردنە پەرلەمانییەی ٧/٢٥، وەک چۆن یەکێتی و پارتی تووشی شۆک و سەرسامی کرد، ئاوەهاش تا سەر ئێسقان ئیسلامییەکانی جاڕس کرد و ریسەکەی کردنەوە بە خوری.

ئێستا کە ژمارەی کورسییەکان و رێژەی دەنگەکان بە تەواوی ئاشکرا بوو، لە پاڵ یەکێتی و پارتیدا، هەقە ئیسلامییەکانیش ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن و بڵێن: (ئەرێ بەڕاست لە ٧/٢٥ چی رووی دا؟)

دابەزینی رێژەی دەنگی ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا گرێدراوی چەند شتێک بوو، لەوانە:

ـ هاتنە ئارای هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی لیبراڵی و عەلمانی وەک لیستی گۆڕان. پێشتر ئیسلامییەکان وایان دەزانی هەموو دەنگە ناڕازییەکان لە (ی. ن. ک) و (پ. د. ک) دەنگی راستەقینەی هەوادار و لایەنگرانی خۆیانن، بەڵام لەگەڵ دروستبوونی لیستی گۆڕاندا، ئەو دەنگە ناڕازییانە چوونەوە جێگەی خۆیان.

ـ باشبوونی گوزەران و بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی خەڵک و نەمانی شەڕی ناوخۆ. لە ڕابردوودا ئەم دوو شتە فاکتەری بەهێزبوونی ئیسلامییەکان بوون لە کوردستان. واتە نەبوونی و هەژاری زۆر، لەگەڵ شەڕی خوێناوی و تاقەتپڕووکێنی ناوخۆ.

ـ بەشداریکردنی کۆمەڵ و یەکگرتوو لە کابینەی پێنجەمی حکوومەتدا و وازی نەکردنی رۆڵی خۆیان، وەک ئۆپۆزسیۆنێکی چالاک و چاودێر بەسەر کارەکانی حکوومەتەوە لە پەرلەماندا.

ـ بەڵێکردن بۆ ئەو دەستوورەی پارتی و یەکێتی ویستیان بە تۆپزی،

بەسەر خەڵکی کوردستاندا تێی پەڕێن.

ئەمانە کۆمەڵە فاکتەرێک بوون کە وایان کرد، ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ بەسەر حەقیقەتێکی تاڵدا بکەون و سەنگی راستەقینەی خۆیان ببین و بزانن دووبارەکردنەوەی ئەزموونی (ئەکەپە) لە کوردستان چەند دوورە.

* لایەنە ئیسلامییەکان پێیان وایە ئەوان دەنگەکانیان کەم نەبووەتەوە و بە دەنگەکانی (یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە) بەقەدەر رێژەی پێشوویان دەنگیان هێناوەتەوە. تاچەند پێت وایە ئەمە وایە؟

– ئەم قسەیە هەرگیز راست نییە و چاوبەستێکی ترە، ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دەیکات بۆ پاساودانەوەی ئەو شکستەی دووچاری هاتن. ئێمە ئەگەر زەحمەتکێشان و سۆسیالیست لە هاوپەیمانێتی چوار حزبەکە دەرکێشین و لەبری ئەوان بزووتنەوەی سەربار بخەین، هەر هەمان رێژە و ژمارەی دەنگەکان دەکات و هیچ ناگۆڕێت. بۆ راستی و دروستی قسەی ئیسلامییەکان، هێندە بەسە چاوێک بەو کۆوار و رۆژنامە و بڵاوکراوانەی مانگی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بخشێنین، تابزانین ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە چەند کەمن و بەراورد بەو پڕکێشی و چاوەڕوانییە زۆرەی ئەوان هەیانبووە چەند جیاوازە.

ئەوان تەماحی ٣٠ تا ٤٠ کورسییان هەبووە، ئێستا دەبێت بە دیار کەمتر لە ١٥ کورسییەوە دانیشن.

* ئاخۆ دەنگ نەهێنانی ئیسلامییەکان لەم هەڵبژاردنەدا، هێمایە بۆ ئاوابوونی خۆری ئیسلامییەکان یاخۆ ئەمە بارودۆخێکی کاتی بوو کە ئەوەی دروست کرد؟

– "بەختیار عەلی" دەرهەق بە گەورەبوون و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، قسەیەکی بەجێی هەیە کە دەڵێت: (ئەگەر یەکێتی و پارتی لەسەر سینییەکی زێڕین ئەم وڵاتە پێشکێشی ئیسلامییەکان نەکەن، ئەوان ناتوانن ببنە هێزی یەکەم و حکومڕانی وڵات). ئێمە ئەگەر سیستەمێکی سیاسی تەندروست و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی لەبارمان هەبێت، ئیسلامی سیاسیی زوو دەپووکێتەوە و پاشەکشە دەکات. وەک لە بۆنەی تر و نووسینێکی تردا تەئکیدم لێ کردووەتەوە، هیچ میللەت و نەتەوەیەک نییە (بەتایبەت لەم سەردەمی بەجیهانیبوون و تێکەڵبوونی کولتووری و کرانەوەیەدا)، رازی بێت بەوەی ژیان لەژێر سایەی هێزێکی دینی و داخراو و ئسوولیدا بکات و بچێتە دەرەوەی مێژووەوە.

هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی ناوچەکە لە لوبنان و کوێت و ئێران و تورکیا و چەند شوێنێکی تری جیهانی ئیسلامی وەک ئەندۆنووسیا، سەلماندی ئیسلامی سیاسیی لەو وڵاتانە لە چ پاشەکشەیەکدایە. ئەوەی ئێستا لە کوردستانیش دەیبینین، ئاماژەیەکی ترە بۆ بچووکبوونەوە و ئاوابوونی خۆری ئیسلامی سیاسی. ئاوابوونێکی یەکجاری نا، بگرە چۆڵکردنی سەنتەر و مانەوە لە پەراوێزدا.

* پێت وایە ئیسلامییەکان گوتاری خۆیان لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا بگۆڕن؟

– بێگومان هەموو هێزێک کە بیەوێت لەگەڵ رۆحی سەردەم و کاروانی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا رێ بکات، پێویستی بە گۆڕان و نوێبوونەوە هەیە، ئیتر ئەو هێزە عەلمانی بێت یان ئاینی. ئەوانەی ناگۆڕێن، زەمەن و مێژوو بەجێیان دێڵێت. ئیسلامی سیاسی بەوانەی کوردستانیشەوە، ناچارن (ئەگەر ویستی مانەوە و بەردەوامبوونیان هەبێت)، لەژێر جەبری

گۆڕانکارییەکانی دنیای مۆدێرندا بگۆڕێن، لەسەر ئاستی گوفتار و ڕەفتار و بەرنامە و دنیابینی و تەنانەت ستایل و فیگۆری کارەکتەرەکانیشیان.

* بەڕای تۆ یەکگرتنی هێزە ئیسلامییەکان لەگەڵ دوو هێزی عەلمانیدا، زیانە بۆیان یاخۆ نیشانەی کرانەوە و دیموکراتیبوونی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستانە؟

– ئەم پرسیارە پرسیارێکی ئاڵۆز و ئیشکالاوییە. لەلایەک من گومانم لە بە عەلمانیبوونی ئەو دووهێزە هەیە کە ئیسلامییەکان خۆیان کردووەتە هاوپەیمان لەگەڵیاندا، لەلایەکی تر ئەمە تاکتیک و سیاسەتێکی کاتییە، نەک ستراتیج و قەناعەتێکی مەبدەئی بێت لەلایەن کۆمەڵ و یەکگرتووەوە. ئەندام مەکتەبێکی سیاسیی کۆمەڵ لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا دەڵێت: (ئێمە لە ڕووی ئەوەی ئەو دوو هێزەمان بە مەزڵووم دەزانی، دەستی هاوپەیمانێتیمان بۆ درێژ کردن وەک ئەرکێکی ئیسلامییانە).

واتە لە ڕووی بەزەیی و شەفەقەوە ئەو هاوپەیمانێتییە کراوە، نەک نییەت و مەرامێکی تر. زیانە یان قازانج، ئەوە وەڵامی زیاتر لای کۆمەڵ و یەکگرتووە، بەڵام ئەوەندەی من بزانم ئەم پرۆسەیە نە نیشانەی کرانەوەیە، نە بەڵگەی دیموکراتیبوونی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستانە.

ئیسلامییەکان گەر لە تێپەڕاندنی دەستووردا بەڵێیان نەکردایە، دەمووت شتێک لە قەناعەت و دنیابینییان گۆڕاوە، بەڵام دەرکەوت هیچ لە گۆڕێدا نییە و هەر خۆیانن.

* ئایندەی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان چۆن دەبینیت؟

– ئایندەی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان، گرێدراوی کۆمەڵێک شتی ناوەخۆیی و دەرەکییە، وابەستەی کۆمەڵێک پرەنسیپی خودی و بابەتییە.

من پێم وایە ئیسلامییەکان دەبێت بگۆڕێن، گۆڕانێکی چۆنایەتی. هاوکات دەبێت ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان ئارامتر و سەقامگیرتر و شەفافتر و دادپەروەرانەتر بێت، تا هێزی دینی چانسی گەورەبوون و گەشەکردنی زیاتری نەبێت. لەسەر ئاستی جیهانیش پاشەکشەی قاعیدە و زۆرێک لە هێزەکانی تری ئیسلامی سیاسی لە جیهانی ئیسلامی و ناوچەکەدا، لەبارێدایە کێش و قورسایی ئیسلامی سیاسی لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردیدا کەمتر بکاتەوە. من وەک کەسێکی عەلمانی ئومێدەوارم هێزی دینی لە کوردستاندا، توانای لە قاڵبدانی ژیان و زیندەگی ئێمەی نەبێت.